[16] https://www.tate.org.uk/art/art-terms/a/assemblage - Assemblage – Art Term | Tate

– پێناسەی جێبەجێکاری (کۆکردنەوە).

کۆکردنەوە ئەو وشەیە لە کۆوە هاتوە واتە چەند شتیك پێکەوە کۆبکەیەوە  واتای  کۆکردنەوە کەسەکان لە بازنەیەك یان کۆکردنەوەی چەند مەتریالێکی جیاواز لە فۆرمێکدا، لەگەڵ هاتنەکای مرۆڤ کردەی کۆکردنەوە لەگەڵیدا رۆژ بە رۆژ گەشەی کردوە ، کردەی کۆکردنەوە لە هونەردا لە رێبازی مۆدێرنە دا گەشەونمای کرد لە هونەری هاوچەرخ گەیشتە کرۆپکی بابەتەکە لەم هونەرەدا مەتریاڵەکانی رۆژانە مەتریاڵی  وەلانراون و ئامادە ئەمانە کۆکردنەوەیان لە فۆرمێکدا لە لاین هونەرمەندەوە ، لە چوارچێوەی هونەری نوێدا ئەنجام دراوە .

ج– ماتریاڵ ( مادة )( Material).

پێناسەی زمانەوانی مەتریاڵ :." بەواتای ( مادە) یان ( کەرستەی خاو ) "([١٧]) " ناوە ، ناوێکی سادەیە ، چونکە لە زمانێکی ترەوە هاتۆتە ناو زمانی کوردیەوە "([١٨])

–شیکردنەوەی زاراوەی ( ماتریاڵ ).

" مادەی خاوە " ([١٩]) " هەمووشتێك لە گەردوون بەرجەستەکەی لە مادەیەك پێکهاتوە " ([٢٠]) " ئەو مادانەی کە لە سروشت بونیان هەیە تێکەلە لەگەڵ مادەی تر مەتریاڵی وەك ، نحاس ، ئاسن، فۆسفات، بۆتاس ، بترۆڵ ، مەتریاڵی ئاژەڵی مەتریاڵی روەکی ، هەروەها ئەو مادا نەی لە پیشەسازی دا بە کاردی ، مادە سەرەکیە کە دە گۆری بۆ مادەی ترو بە کاردەبرێت بۆنمونە مەوادی کارگەکان یان پالاوگەکانی نەوت یان کارکەکانی پلاستیکی " ([٢١])

–  پێناسەی جێبەجێ کاری( مەتریاڵ ).

مەتریاڵ هەر شتێك لە گەردوون کە بونی هەیە لە مادەیەك پێکهاتوە ، ماتریاڵ: ئەو ناوەندیە بۆ گەیاندنی ئەو بیرۆکەی کە لە ناخی هونەرمەندا هەیە ، هەموو کارێکی هونەری یان هەموو بیرۆکەیەك پێویستی بە مە تریالێك یان زیاترە بۆ ئەنجامدانی کەواتە ماتریاڵ دەبێتە بازنەیەکی لە نێوان دەق و بینەر دا . مەتریاڵ  بونیادێکی توخم

---

[١٧] چاوپێکەوتن لەگەڵ : (پ.ی د.حاتم ولی محمد ) پسپۆری رستە سازی ، لە زانکۆی صلاحدین ، کۆلێجی پەروەردە ، بەشی کوردی ، لە بەرواری ٢٠١٩/١٠/١٧

[١٨] چاوپێکەوتن لەگەڵ : (پ.ی د.حاتم ولی محمد ) پسپۆری رستە سازی ، لە زانکۆی صلاحدین ، کۆلێجی پەروەردە ، بەشی کوردی ، لە بەرواری ٢٠١٩/١٠/١٧

[١٩] دکتۆرعفیف مجنسي : محجم مصطلحات الفنون ، دارالرائد العربي بیروت ،البنان ،ص، ١٣٢

[٢٠] احمد عودي ، قاموس الوسیط ، ص ، ٥٦٤

[٢١] ابراهیم موسي الزقرطي : معجم المصطلحات و المفاهیم الجغرافیة ، ص، ٧٢

ئامێزە لەروی پێکهاتەوە ، خاوەن سیماو خەسڵەتی تایبەت بەخۆیەتی لەڕوی ( رەنگ و، دۆخ ، شێوە ، قەبارە ) ئەمانەش دابەش دەبنە سەر سێ دۆخی جیاواز ( شل ، رەق ، گاز ) کە سروشت سەرچاوەی بونیادە .

## د– هاوچەرخ ( معاصر ) (Contemporary).

### –پێناسەی زمانەوانی( هاوچەرخ).

"لە فەرهەنگدا ، زاراوەیەکی تریش هەیە کە بەهەمان واتا بەکار دێت ئەویش ( هاوچەرخ ) " ([22]) " لەروی زمانەوانیەوە وشەیەکی ، دارێژراو ، لێکدراوە ، لە هەندی سەرچاوەی زمانەوانیەوە بە وشەیەکی دارێژراو دادەنرێت ، کەلە پێشگری ( هاو) لەگەڵ ناوی ( چەرخ ) پێکهاتوە وشەکەش ، ئاولناوە ئاسایە ، واتە وەکو ئاولناو ئەرك دەبینێت " ([23]) " هەندی سەرچاوەی زمانەوانی بە وشەیەکی لێدراوی دادەنێن کە پێکهاتوە لە وشەیەکی ( هاو ) بەواتای هەمان ، لەگەڵ ناوی ( چەرخ) واتای سەردەم ، بەڵام لە دوو حاڵەتەکەدا وشەکە ئاوڵناوە ئاسایە ، بەواتای هەمان چەرخ دێت " ([24])

### شیکردنەوەی زاراوەی ( هاوچەرخ).

" هاوچەرخ واتا ئامادەبوون ، و ئێستا ، هاوچەرخ واتە ماوە کات بەبێ پچران یەکخستنی لەگەڵ یەك بەهێزی دەوروبەری " ([25]) " هاوچەرخ واتە ئێستا هەنوکە ئەو کاتی تێدا دەژین ئەو روداوەی ئێستا روو دەدات "([26]) " هاوچەرخ چەمکێکە بە مانای بەردەوامبوون و هاوچەرخایەتی واتە ( تۆ لەگەڵ کەسانی تردای کە بەبەردەوامی لە کارکردن و ئەزموونەکاندان  تەنها لە هونەرەکانیشدا نا ، بەڵکو لە هەموو لایەن و کایە رۆشنبیریانەی کە دەبێتە هۆی دروستبوونی ژیان ، کە جووڵەی تازە و نوێی تیادایە بە بەردەوامی "([27])

---

[22] چاوپێکەوتن لەگەڵ : (پ.ی د.حاتم ولی محمد ) پسپۆری رستە سازی ، لە زانکۆی صلاحدین ، کۆلێجی پەروەردە ، بەشی کوردی ، لە بەرواری ٢٠١٩/١٠/٢٠

[23] چاوپێکەوتن لەگەڵ : (پ.ی د.حاتم ولی محمد ) پسپۆری رستە سازی ، لە زانکۆی صلاحدین ، کۆلێجی پەروەردە ، بەشی کوردی ، لە بەرواری ٢٠١٩/١٠/٢٠

[24] چاوپێکەوتن لەگەڵ : (پ.ی د.حاتم ولی محمد ) پسپۆری رستە سازی ، لە زانکۆی صلاحدین ، کۆلێجی پەروەردە ، بەشی کوردی ، لە بەرواری ٢٠١٩/١٠/٢٠

[25] عزمي : محجم المصطلحات الفنية ، ١٩٨٠،ص ٧١، الخامات وعيلاقة الفنية المعاصر .pdf ص، ٧

[26] Contemporary art — Google Arts & Culture
https://artsandculture.google.com/entity/contemporary-art/m0h0vk?hl=en

[27] المعاصرة ، مقال من الأنترنت ، الخطيب ، عبد الأمير ، https://alghad.com/مهرجان-للفن-التشكيلي-في-بغداد/

- پێناسەی جێبەجیکاری (هاوچەرخ).

هاوچەرخ چرکە ساتی سەردەم بوون ، واتە هەموو ئەو چالاکیانەی کە مرۆڤ لەم سەردەمەدا بە ئەنجامی دەگەینێت ئەمەش لە دەرەوەی ڕابردوو داهاتوو ، واتە چرکە ساتی بەردەوام بوون ی چالاکی لە ئێستادا .

ج- پەیکەر (نحت) ( scalptures ).

پێناسەی زمانەوانی (پەیکەر).

" لە فەرهەنگدا بە واتای ( کوتلە ، تیمسال ، موجەسەم ، هەیکەڵ ، قالب ، لەش ) هاتوە " ([28])" لەڕووی ڕێزمانەوە، ناوە، ناوێکی بەرجەستەیە، گشتیە، تاکە، دەتوانیٚ هەموو ئەرکانە ببینێت کە ناوێکی بەرجەستەی دیکە دەیبینێت ، پەیکەرەکە جوانە ،( بکەرە) من پەیکەرەکەم درووست کرد ( بەرکارە " ([29])

-شیکردنەوەوەی زاراوەی پەیکەر.

" پەیکەرسازی  هونەرمەند سازی دەکات ، پەیکەرتاش هونەرمەند هەڵیدەکۆلێت و دەیتاشیٚ  " ([30]) " لیٚ کردنەوەی توێکەڵی سەرەوەی بەردی چیاکان ، یان بەردی ئامادە کراو " ([31]) " " پەیکەر بەشێکە لە هونەری شێوەکاری یەکێکە لەو هونەرانەی چاوی زۆر لەسەرە کە خاوەنی سیٚ دوریە " ([32])

پێناسەی جێبەجێکاری (پەیکەر). پەیکەر : بونیادێکی بینەی خاون قەبارەو بارستایی هەست پیٚ کراوە لەڕوی شێوەو مەتریاڵەوە ، هەڵگری ڕەهەندەکانی ئیستاتیکی  و گوزارشت گەرایە ، دابەش دەبێتە سەر

---

(سروشت عومەر عنایەت : کاریگەری ماتریاڵ لەسەر هونەری  پەیکەرسازی هاوچەرخ لە هەرێمی کوردستاندا ، نامەی ماستەر ، سالی ٢٠١٧، لٚ ، ٨

[28] چاوپێکەوتن لەگەڵ : (پ.ی د.حاتم ولی محمد ) پسپۆری رستە سازی ، لە زانکۆی صلاحدین ، کۆلێجی پەروەردە ، بەشی کوردی ، لە بەرواری ٢٢/١٠/٢٠١٩

[29] چاوپێکەوتن لەگەڵ : (پ.ی د.حاتم ولی محمد ) پسپۆری رستە سازی ، لە زانکۆی صلاحدین ، کۆلێجی پەروەردە ، بەشی کوردی ، لە بەرواری ٢٢/١٠/٢٠١٩

[30] يوسف خياط، معجم المصطلحات العلمية والفنية، دار لسان العرب، بيروت، ١٩٧٤ ، ص ٦٦٠

[31] ابن منظور، أبي الفضل جمال الدين محمد بن مكرم، لسان العرب، ج ٣، دار بيروت للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٥٥ ، ص ٩

[32] Kleiner.Fred(2009).Gard Art through the Ages:The Western Perspective. Volume. P.36 https://web.archive.org/web/20200131190706if_/https://books.google.co.uk/books?id=mBrvazPDFoYC&pg=PT36#v=onepage&q&f=false

شێوازەکانی ( پەیکەری تەواو ، (مجسم)، پەیکەری هەڵتۆقیو ، (نحت بارز) ، پەیکەری جولاو ،( نحت المتحرك) کە هەریەکەیان بەپێی بنەماو پرنسیپی زانستی و هونەری تایبەتی خۆی ئەنجام دەدرێت .

## ٦– توێژینەوەی پێشتر.

١– توێژینەوەی ( احمد خليف منخي) توێژەر لەم توێژینەوەیەدا باس لە (پێکهاتنی پەیکەری لەنێوان هونەری کۆکراوەو هونەری ژینگەی لێکۆلینەوە شیکردنەوەی بەراوردکاری ) دا .توێژەر بە سێی توێژگە باس لەم لێکۆلینەوە بەراوردکاریە دەکات ، کە بریتین لەمانەی خوارەوە :

١.پێکهاتەی هونەری هاوچەرخ .

٢.پێکهاتەی هونەری پەیکەری کۆکراوە .

٣.هونەری ژینگەی تێگەیشتن و جێبەجێ کردن .

–پاشان توێژەر لە کۆتایی توێژگەکاندا ، چەند ئاماژەیەکی دیاریکردووە ، پاشان توێژەر بەپێ ماوەیەکی دیاری کراو (٤) نموونەی بابەتی ئاراستەی ، هونەری کۆکردنەوە وهونەری ژینگەی ، شیکردۆەتەوە کە سەرجەمیان پەیکەری هاوچەرخن کاری هونەرمەندانی جیهانین ، لە نێوان سالآنی (١٩٥٩ – ٢٠٠٣) .

–پاشان لە بەشی چوارەمدا توێژەر گەیشتووەتە چەند ئەنجام و دەرئەنجامێك کە گرنگترینیان ئەمانەی لای خوارەوەن :

ئەنجامی لایەنی پەیکەری کۆکراوە .

١.هونەرمەندی پەیکەرساز بەکارهێنانی مەتریاڵی پیشەسازی کەزۆربەیان ئاسن ، ئەمەش ئاماژە لەوە دەکات کە هونەرمەند گەرانی کردوە بۆ ئەو مەتریالآنەی کە لەخزمەتی کارەکەیدا بەکاری هێناوە .

٢.هونەرمەندی پەیکەرسازی هاوچەرخ بەکارهێنانی پاشماوەو بەجێ ماوە پیشەسازیەکان و دوورکەوتنەوە لە مەتریاڵە باوەکان .

_ ئەنجامی لایەنی هونەری پەیکەری ژینگەیی .

١. بەکاربردنی مەتریاڵی پیشەسازی و مەتریاڵی سروشتی .

٢.بەکاربردنی ئەو مەتریالانەی کە بەرگەی سروشت دەگرن نەك ئەو مەتریالانەی کە بەرگەی سروشت ناگرن

–پاشان توێژەر گەیشتووەتە چەند دەرئەنجامێك كە گرنگترینیان ئەمانەن : دەرئەنجام  هونەری پەیكەری كۆكراوە .

١. بەكارهێنانی ئەو مەتریالانەی كە دەبێتە هۆی دیاری كردنی شێوەی كارە پەیكەرەكە و ، پشت بەستن بەو مەتریالێ كە لایەنی بناغەی كارەكە درووست دەكەن لای هونەرمەند .

٢.بەستنەوەی كاری پەیكەری بە قەبارەو شوێن و كار دیاری كردنی بەهۆی درووستكردنی خامات .

_ دەرئەنجامی هونەری پەیكەری ژینگەی .

١.دەرچون بۆدەرەوەی ستۆدیۆ نمایش كارەكە ئامانجی دەبێ شێوەیەكی جوان ونوێ نیشان دەدات .

٢.بەهۆی سروشتی مەتریاڵی پیشەسازی و سروشتیەوە بەكارهێنانی وئەنجامی كارەكە .

توێژینەوەیەكی بەراوردكاری، لە كۆتاییدا توێژەر بە پێویستی زانیوە كە توێژینەوەو زیاتر بكرێ دەربارەی پەیكەری كۆكراوە مەتریاڵی جۆراوجۆر .

# بەشی دووەم

# چێوەی تیۆری توێژینەوە

## توێژگەی یەکەم :.

١–چەمکی کۆکردنەوە :. پێناسەکردنی واتای ئەم چەمکە و باس کردنی لایەنی زانستی و پیشەییەکانی لە بوارە جیاوازەکان :.

٢– چەمکی کۆکردنەوە لای  شارستانییەتی دێرین .

٣– چەمکی کۆکردنەوە لای  شارستانییەتی یۆنان .

٤– چەمکی کۆکردنەوە لای  شارستانییەتی میسر .

٥– چەمکی کۆکردنەوە لای  شارستانییەتی عێراق .

٦– چەمکی کۆکردنەوە لە لای شارستانییەتی رۆمانی .

٧– چەمکی کۆکردنەوە لە لای شارستانییەتە جیاوازەکانی تر

## توێژگەی دووەم :.

١– چەمکی مەتریاڵ :. پێناسەکردنی مەتریاڵ وەك توخمێك و دەرخستنی لایەنی پێکهاتەی بەپێ جۆرو خەسڵەت و مێژووی بە دەست هێنانی .

٢– مەتریاڵ لە سەردەمی میسری دێرین :.

٣–مەتریاڵ لە سەردەمی پیشەسازیدا .

٤– مەتریاڵ لە سەردەمی هاوچەرخدا .

## توێژگەی سێیەم .

١– مەتریاڵ و هونەری پەیکەرسازی .

٢– مەتریاڵ لە سەردەمی پەیکەری مۆدێرنەدا .

٣– مەتریاڵ لە سەردەمی پەیکەری هاوچەرخ .

٤– پەیکەری کۆکراوەیی لە هونەری  هاچەرخ لەعێراقدا .

٥– پەیکەری کۆکراوەی بە گشتی لە هەرێمی کوردستاندا .

# توێژگەی یەکەم.

## ١–چەمکی کۆکردنەوە.

کردەی کۆکردنەوە دیاردەیەکی خۆرسکییە لەژیانی مرۆڤدا ئەمەش هەرلەژیانی سەرەتاییەوە پراکتیزەکراوە لەلایان خودی مرۆڤەوە بە شێوەیەکی سەرەتایی و شێوازی جیاجیای بۆ گیراوەتەبەر، لەسەرەتادا ئەم کردەیە بۆ مەبەستی دابین کردنی پێداویستییە سەرەتایەکانی، مرۆڤ هەوڵی بۆداوە،بەپێی زۆربوونی پێداویستیەکانی، ئەزموون کردنی ئەم کردیە بە شێوازی جیاواز پراکتیزەکراوە، گەشەکردن و پەرەسەندنی هزری مرۆڤ وادەکات ئەم کردەیە لە قۆناغی جیاوازدا بەرەو پێش چوونی جیاواز بەخۆیەوە ببینێ، دیارە یەکەم هەنگاوی کۆکردنەوە دەکرێ کۆکردنەوەی مرۆڤ خۆی لەگەڵ پەناگەکەیدا ئەژماربکرێ ئەمەش ئەوەدەسەلمێنی کە جوگرافیایەکی دیاری کراو وەك پەناگەی مرۆڤ لە کۆتاییدا دەبێتە ئەو شوێنەی کە پێداویستیەکانی تیا کۆبکاتەوە " مرۆڤ لەسەرەتادا یەکەم شوێنی نیشتەجی بوونی (ئەشکەوت ) بووە بۆ خۆپاراستن لە رووداوە سروشتیەکان و کە لەسەر زەوی روویدەدا، بەپێ خوێندنەوەی زانایانی شوێنەوار ناسی وە بیرکردنەوەی مێژوونوسان کۆکراوەی روداوەکان و شوێنی نیشتەجێ بوون و کۆکراوەی چەند کەسێك یان چەند گروپێك یان کۆکراوەی خێزانەکان لە ئەشکەوتەکان بوە پێکەوە"([٣٣]) لەمەوە بەدەردەکەوێت ژیان و بەردەوام بوون لەسەری مرۆڤ فێری ئەزموونی خۆپارستن کردوە ئەمەش لە دوو رێگەی جیاوازەوە یەکەمیان پەیداکردنی خۆراك و دووەمیان خۆپاراستن کەدیارە یەك لەم دوو کردارە پێویستی بەوەهەیە کە مرۆڤ بیرلە دابینکردنەکەی بکاتەوە بۆبەردەوام بوون لە ژیان، بۆ پەیداکردنی قوتی ژیان یەکەم هەنگاو ڕاهێنانی مرۆڤ خۆی بوو بەشێوەیەکی خۆرسك لەسەر گژوگیا هەم بۆخواردن و هەمیش بۆ خۆداپۆشین کەئەمەش سەرچاوەکەی سروشتە مرۆڤ دەکەوێتە ململانێوە لەگەڵیدا "مرۆڤی چاخی بەردینی بۆماوەیەکی درێژخایەن پشتی بە رووەك و گژووگیا بەستوە وەك خواردنێکی سەرەکی وەك ( توو ، مێوەی کێوی ) وە پشتی بە گۆشتی ئاژەڵیش بەستوە هەروەها کۆکردنەوەی هێلکەی باڵندە ، جگە لە بەرەو بومەکەی چی وەك رووەك ، یان ئاژەڵەکان سودی لە بەشەکانی تریشی وەرگرتوە بۆ جلو بەرگ و خۆپارستنی لەشی ئامێرەکان رۆژانەی لێ دروستدەکردن، مرۆڤ توانیتی بۆماوەیەك خۆراك کۆبکاتەوە پاشەکەوتی بکات، لە کاتیکی تر بەکاری بەهێنێتەوە چونکە مرۆڤی دێرین هەیکەلی لەشیان گەورەتربوە زیاتر

---

[٣٣] المعرفة /سكان_الكهوف - https://www.marefa.org/سكان_الكهوف

پێویستی بە خۆراك هەبوە " ([34]) سەیری وێنەی ١و٢.و٣.كە كۆكراوەی مەتریاڵی جیاواز بۆ درووست كردنی جلوبەرگ لای مرۆڤی دێرین .

 

وێنەی ( ١ ، ٢ ) وێنەی جلوبەرگی مرۆڤی دێرین درووستكراوە لە گژوگیا

ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێبكەین پێداویستی بۆ بەردەوام بوونی ژیان فاكتەری بنەڕەتی و پاڵنەری سەرەكییە كە وادەكات مرۆڤ بكاتە مرۆڤێكی ئەزمون گەرا لە ڕێگەی گەڕان و عەوداڵ بوون بۆ دابین كردنی خۆراك و خۆپاراستن . ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت كە مرۆڤ بۆ بەردەوام بوون لە ژیان پێویستی بە كردەیەك هەیە كە لە مرۆڤێكی بێ ڕێی و شوێن و پێداویستییەوە بكاتە مرۆڤێكی خاوەن جێگەو پێداویستی بە شێوەیەكی سەرەتا، كەئەمەش یەكەم هەنگاوی كۆكردنەوەی مرۆڤ و پێگەكەی دیاری دەكات تادەگاتە ئەم چركەساتەی كە مرۆڤ بۆتە خاوەن دارێكی بەهێز لە ڕووی مادییەوە، ئێمەش باسەكەمان لەسەر مەتریاڵە كە پێویست بوو ئاماژەی پێبكەین كە مرۆڤ لەسەرەتاوە بە سادەترین كەرستەی ژیان كە ( پێستی ئاژەڵ و ، گژوگیاو و ئێسك و بەرد و دار ) دەستی كرد بە بنیادنانی و لەدەوری خۆی كۆیكردنەوە ." ئەو كەلوپەلانەی مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەی بەكاری دەهێنا سودی لەو كەرستە سادانەی دەورو بەری خۆی وەرگرت، دەتوانین بلێن هەمووی یان بەشێكی سودی لە مەتریاڵی بەرد وەرگرتوە بەكاربردنی لەگەڵ مەتریاڵی تر وەك دارو ئێسكی ئاژەڵ، وەسودی لە پێستەی ئاژەڵ وەرگرتوە بۆ جلوبەرگ و خۆداپۆشین "([35]) گەشەی هزری مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا پێداویستییەكانی مرۆڤ بەهێزترو ئاڵۆزتردەكات ،

---

[34] كيف عاش الإنسان في العصر الحجري القديم – موضوع- ٨ أ ب
"https://mawdoo3.com/كيف_عاش_الإنسان_في_العصر_الحجري_القديم
[35] A New Outline.Cambridge University Press ( الطبعة ٢ . صفحة ٣١ ).:Clarke, : Cambridge
. Grahame(1969). World Prehistory
https://www.academia.edu/7918187/Clark_JGD_Кларк_Грэм_1969_World_Prehistory_a_New_Outline_2nd_edn._p._31._Cambridge._Cambridge_University_Press._Янко_Слава__sl

هەربۆیە هەموو قۆناغێکی گەشەسەندن و کامڵ بوون لەڕوی ئەزمونی عەقڵی یەوە واتاو بەهاکانی پێداویستییەکانی گەورەتر دەکرد ئەمەش لەسیاقی مێژوویی گۆڕانی ژیانی ( ئابوری ، کۆمەلایەتی ، ئاین ، زانست ، سیاس ، کلتوری ) مرۆڤدا ئەزموون کردنیی کردەی کۆکردنەوە پێ دەنێتە نێو گۆرانکاری بەردەوامەوە ، بۆ شاهێدی لەسەر ئەم ئەرکەی کە خودی مرۆڤ خاوەنداریی دەکات لەهەر قۆناغێکدا بەلگەی گرنگ هەن بۆ پشت ڕاست کردنەوەی ئەم خاوەندارێتییە کەئەویش ( لەناو کایە جیاجیاکانی ژیانی ( زانست ، سیاسی ، ئابوری ، کۆمەڵایەتی دا ) بیانناسین ، کە هەریەکێك لەم کایانە بەپێ ململانێ ئەستەنگەکانی نەبڕیوە کەزۆر جار خودی ئەم ململانێیانە بە جەنگی یەکلایی کراونەتەوە، دیارە بۆ پاراستن و بەرگری کردنی مرۆڤ بیری لە کۆکردنەوەی کەرستەی جیاواز کردۆتەوە کە بتوانێ وەك ئامرازێکی بەڕنگار بوونەوە بەکاری بهێنێ

**جەستەی مرۆڤ وەك پێکهاتەیەکی کۆکراوە.** جەستەی مرۆڤ وەك بونیادێکی زیندوو هەستیار خاوەن فۆرمێکی دیاریکراوە زانراوە کە ئەمەش ڕکخستنێکی فەسلەجیدا بەرجەستەکراوە کە کردەیەکی کۆکراوەیە لە مەتریاڵی جیاواز کە هەریەکەیان خاوەن شوناسێکی مادی تایبەتە لە ڕوی پێکهاتەو شێوە و قەبارە و دواجار وەزیفەشەوە کە ئەمە بەیەکێك لە هەرە کردە گرنگەکانی بوون ئەژمار دەکرێ . جەستە جگە لەوەی پێکهاتەیەکی لێکدراو کۆکراوەیە لە فۆرمێکدا کە تایبەتە بە( شوناسی مرۆڤ ) لەگەڵ ئەمەشدا بونیادێکی هەستیارو خاوەن خەسڵەتی تایبەتە کە ئەمەش سەلماندنی ئەوراستییە کە ڕەگەزە جیاوازەکانی جەستەی مرۆڤ هەریەکەیان خاوەن تایبەتمەندیەکی مادیانەی خۆیانن کە هیچیان لەوی تر ناچێت ئەمەش ئەوە دەگەینی کە کردەی کۆکردنەوە ئەگەر وەك دیاردەیەك تەمەشای بکەین ئەوەمان پێ دەلێت کە مرۆڤ خۆی بونیادێکی کۆکراوەی تێکدراوی ڕێکخراوە لە ڕوی فۆرم و ئەرکەوە کە تایستا یەکێك لە جوانترین برهەمە کۆکراوەکان بەمەش دەکری لە هێلکارییەکدا تیشك بخەینە سەر ڕەگەزو پێکهاتە جیاوازەکانی جەستەی مرۆڤ لەروی جوان ناسی و ئەرك و فۆرمەوە، چەمکی کۆراوە لە رووی زیندەگییەوە خودی مرۆڤ خۆی لە کۆمەلێك مەتریاڵی جیاواز پێکدێت دواتر دەبێتە ئەو شێوەی کە مرۆڤ هەیەتی هەرپێکهاتەیەك لە لەشی مرۆڤ فەرمانێك دەکات" لەشی مرۆڤ پێکهاتوە لە کۆمەلێك ئەندام و بەشی جیاواز ، کە خوای گەورە درووستیکردوە لەسەر جوانترین شێوە، بەشێوەیەکی سروشتی کە هەر بەشە و ئەرکێکی هەیە هەندێك بەش لەناوەوەی هەندێکیتریش لە دەرەوە بۆ پاراستنی کارکردنی لەشی مرۆڤ بە کاردێت "([٣٦]). بۆیە پێکهاتەکانی لەشی مرۆڤ لەروی کۆکراوەوە سیفەتیکی تری هەیە ئەویش هەرپێکهاتەیەك لە لەشی مرۆڤ لە پێناو خزمەتی مرۆڤ درووستکراوە ، هەر پێکهاتەیەك لە روی شێوەو مەتریاڵ و پێکهاتەو کارکردنەوە

---

[٣٦] جسم الانسان ، تكوين جسم الانسان _موضوعي https://mawdoo3.com/تكوين_جسم_الإنسان

جیاوازە لەگەڵ ئەوی تر ، پێکهاتەی لەشی مرۆڤ پێك دێت لە پێست و ، موو ، خوێن و ، نینۆك و ، دەمارو چاو ، ئێسك و ، کرکراگەو ...هیتد بروانە هێلکاری وێنەوی ژمارە (٣)



وێنەی(٣) پێکهاتەی لەشی مروڤ

هەرلەڕوی زیندەگییەوە پێکهاتەی لەشی ئاژەڵ لە کۆمەڵێك پێکهاتەی جیاواز پێکهاتوە کە هەر ئاژەلێك لەرووی پێکهاتەو دروستکردن و قەبارەوە جیاوازە لەگەڵ یەکترو هەندێك لەرێگەی زاوزێوە هەندێك لەرێگەی هێلکەوە لە دایك دەبن " ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی پێکهاتەی لەشی ئاژەڵ وەربگرین ئەویش دروستکراوێکی سروشتییە، پێکدێت لە کۆمەلێك بەش و ئەندامی جیاواز وەك ، توك و ، پیستەوە ، خوێن و ، ئیسك و ، دەمارو ، هیتد " ([٣٧])

بروانە وێنەی (٤)



وێنەی (٤ ) وێنەی بالندەی

بونیادی سروشت وەك ژینگە و جێگەیەکی هەمیشەی مرۆڤ و گیاندارەکان جێگەیەکە بۆخۆشی کۆکراوەی کۆمەلێك مەتریاڵی جیاوازە کە سەرئەنجام بونی ئەو مەتریاڵە جیاوازانە دەبنە کەرستەی بەکارهێنان لەلایان خودی مرۆڤەوە ، ئەمەش وادەکات سروشت بۆخۆشی بەتەنها لە چەند مەتریاڵێکیدا پۆلین بکەین و ئاماژە بە خەسلەت و تایبەتمەندیەکانی بکەین لە بووندا ، لەوانە ( دار ، بەرد ، ئاو ، گڵ )، لە دروستکراوەکانی

[٣٧] grzimek'sStudent Animal Life Resource
file:///C:/Users/hp/Downloads/Grzimeks%20SALR%20-%20Birds.pdf

زیندەگییەوە کە بەشێوەی سروشتی دێتەبوون ئەویش روەك دارو درختە کە پێکهاتەی دار لە کۆمەلێك پێکهاتەی جیاواز لە رووی دیزاین و شیوەوە لە ئەنجامی ئەو کۆکراوەی پێکهاتانە بۆیتە شێوەی ئەو دارە یان روەکە " دار یەکێکە لە شێوەکانی ژیانی رووەکی گەشەدەکات بە شێوەیەکی گشتی بۆ ئەو گەشەکردنە پێویستی بە کەمێکی ئاو هەیە ، پێکهاتەی دار بە شێوەیەکی گشتی قەد و گەلاو هەیکەل و رەگ و بەرەو بوومەکەی پێکدێت "([٣٨]) .

بروانە وێنەی ٥، پێکهاتەی دار .



( وێنەی (٥) پێکهاتەی کۆکراوەی دار)

لەم وێنەیە بۆمان دەردەکەوێت کە پێکهاتەی کۆکراوەی دار لە کۆمەلێك پێکهاتەی جیاواز پێك دێت وەزیفەی جیاوازە ، گەلاکەی بۆ ئاژەلْ ، میوەکەی بۆ مرۆڤ ، دارەکەی سودی لیدەبینن بۆ درووستکردنی تەختەوە پێداویستی دیکۆری ناومالْ هتد، لەوژینگەو سروشتەی کە ئێمەی تێدا دەژین پێکهاتوە لە کۆمەلێك مەتریالْ و پێکهاتەی جیاواز هەیە لە ئەنجامی ئەو کۆکراوانەدا ئەو ژینگەیە درووست بوە بە شێوەیەکی سروشتی وەك بەرد و گژوگیاو روەك ئاو خۆل و.... هتد . " لەو ژینگە ی تێدا دەژین کۆمەلێك کەرستەو مەتریالّی سروشتی جیاوازی تێدایە وەك بەرد ، ئاو ، دار و خۆلْ و گیانداری جۆراو جۆر مرۆڤ ... هیتد "([٣٩]) ، هەموو پێکهاتەکان و درووستکراوەکانی چی سرووشتی بیت یان درووستکراو بیت کۆراوەی چەند پێکهاتیەك ومەتریالێکی جیاوازە، بۆیە قوتابخانە، و زانکۆ، و مزگەوت ، و کەنیسا ، و فتبۆلێن ، و هتد... ئەمانە هەمووی شوێنی کۆکردنەوەن بەلاّم وەزیفەکە جیاوازە لێرەدا ، کۆکردنەوەی مرۆڤەکان لە و شوێنانە بە مەستی ، پەرستن و فێربوون یاری کردن بۆ مەبەستی بیرو بۆچونی ئاین ، بروانە وێنەی٦ پێکهاتەی سروشت

[٣٨]شجرة – المعرفة - https://www.marefa.org/شجرة

[٣٩] استخدام خامات البيئة في الاعمال الفنية ، https://mawdoo3.com/استخدام_خامات_البيئة_في_الأعمال_الفنية



وێنەی ٦و سروشتی کوردستان وەک کۆکراوەیەک

زانست و تەکنلۆجیا وەک بونیادێکی کۆکراوە.تەکنلۆجیا وەک بونیادێك درووست کراوەی مرۆڤ لەگەڵ درووستبوونی مرۆڤایەتی رۆژ بەرۆژ بەروە پێش چونی بە خۆیەوە بینیوە بۆکار ئاسانکردنی مرۆڤەکان لە خزمەتی مرۆڤایەتی هاتۆتەبوون ، وەك مۆبایل کۆمپیتەر سەیارە و فۆرکە و کەشتی و بواری بیناسازی ، ئەمانە هەریەکێکیان لە پێکهاتەکەی لە چەندین مەتریاڵی جیاواز پێکهاتوە، بەلأم هەریەکەیان بۆ وەزیفەی جیاواز بەکاردەهێنرێت، لەرووی تەکنەلۆجیاوە پێکهاتەی مۆبایل لە کۆمەلێك پێکهاتەی جیاواز پێکهاتوون دواتر بونەتە ئەو شێوە مۆبایلەی کە لەبەردەستی مرۆڤدایە، هەربەشێك ئەگەر شیبکەینەوە دەبینین لە چەند مەتریاڵێك پێکهاتوە بۆ نمونە کیبۆردەکەی (سلیکۆنە ) کەفەرەکەی ( فایبەر گلاس ) شاشەکەی ( شوشەو سلیکۆنە ئاسن و ئەلەمنیۆم وایەر و پلاستیك و نایلۆن پاتری " مۆبایل درووستکراوێکی دەستی مرۆڤە بۆ خزمەتی مرۆڤ بەکاردیت بە مەبەستی پەیوەندی کردن و کورتکردنەوەی رێگا دوورەکان مۆبایل لە کۆمەلێك بەشی جیاواز پێکدێت کە دەبێت هۆی درووستکردنی مۆبایلیکی پێشکەوتوو ، شاشە ، کەفەری مۆبایل ، کیبۆرد ، خەریتەو ، ئاسن ، فافۆن "([٤٠]) بروانەوێنەی٧ پێکهاتەی مۆبایل.



وێنەی (٧پێکهاتەی کۆکراوەی مۆبایل

لەم وێنەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کە مۆبایل لە کۆکراوەی کۆمەلێك پێکهاتەی جیاواز پێکهاتوە وەزیفەکەی بۆ قسەکردن و پەیوەندیە کۆمەلأیەتیەکانە، کۆمپیتەریش درووستکراوەیەکی بواری تەکنلۆجیا بۆمەبەستی نوسین و کاری دیزاین و کاری هونەری و فۆتۆگرافی بەکار دەهێنرێت، ئەم ئامێرە تەکنلۆجیە پێکهاتەی بونیادەکەی پێکهاتوە لە کۆمەلێك مەتریاڵی جیاواز کۆکردنەوەیان لەیەك فۆرمدا، مەتریاڵەکان وەك ئاسن ، ئەلە منیۆم ،

---

[٤٠] مکونات الهاتف – موضوع – https://mawdoo3.com/مكونات_الهاتف

پلاستیك ، شوشە ، وایەر ، زەرد ، سفر ، فایبەر گلاس ، سلیكۆن ، "كۆمپیتەر یەكێكە لە درووستكراوەكانی تەكنلۆجیا پێكهاتوە لە كۆمەلێك بەش و مادەی جیاواز و وە شاشە ، ماوس ، كیبۆرد ، كەیس ، خەریتەو ، مۆنیتەر "([٤١]). سرنج بدە وێنەی ٨ پێكهاتەی كۆمپیتەر .




وێنەی (٨) پێكهاتەی كۆكراوەی كۆمپیتەر

لەم وینەیەدا كۆمپیتەر لە كۆمەلێك كۆكراوەی جیاواز پێك دێت بەلآم وەزیفەكەی بریتیە لە نوسین و دیزاین كۆمەلێك زانیاری تر ، لەرووی زانستی و فیزیای وە ئۆتۆمۆبیل یەكێكە لە داهێنانەكانی بواری زانست و یەكێكە لە درووستكراوەكانی دەستی مرۆڤ بۆ خزمەتی مرۆڤ هاتۆتە بوون ، بەشێوە قەبارەی جیاواز تاقی كردنەوەی زۆر رۆژبەرۆژ لە پێشكەوتنی بەردەوام دایە ، پێكهاتەی ئۆتۆمۆبیل لە كۆمەلێك بەشی جیاواز پێكدێت دواتر ئەو فۆرمەی ئۆتۆمۆبیل درووست دەكەن كە هەیە ئەو مەتریالآنەی كە لە درووستكردنی ئۆتو مۆبیل بە كارهاتوە بریتیە لە ( ئاسن ، فافۆن ، قوماش ، لاستیك ، پلاستیك ، فایبەر گلاس ، كرۆم ، ئەلەمنۆم ، نیكل وایەر و سفر . شوشەو ، باغە قایش مافور و روناكی ، ئاو بەنزین غاز و رون. هتد بۆزیاتر ئاشنابون ،" ئۆتۆمۆبیل بە شێكە لە درووستكراوەكانی بواری زانست پیشەسازی كە پێشكەوتنیكی زۆری بە خۆیەوە بینیوە ئۆتۆمۆبیل پێكدێت لە كۆمەلێك بەش و مادەی جیاواز وەك هەیكەلی سەرەكی ، مەكینەی ، دەعامی ، كوشین ، تایەو ، لایت ،"([٤٢]) .بروانە وێنەی ٩ پێكهاتەی ئۆتۆمۆبیل.




وێنەی (٩ پێكهاتەی كۆكراوەی ئۆتۆمۆبیل

[٤١] مكونات الكمبيوتر الأساسية – موضوع – https://mawdoo3.com/مكونات_الكمبيوتر_الأساسية
[٤٢] مكونات السيارة ووظائفها – موضوع https://mawdoo3.com/مكونات_السيارة_ووظائفها

لەم وێنەیەدا پێکهاتەی ئۆتۆمۆبیل پێکدێت لە کۆکراوەی کۆمەڵێك مەتریاڵی جیاواز کە وەزیفەی هاتوچۆپێکردنی مرۆڤە، لەبواری کۆکراوەدا فرۆکە وەك دروستکراوەیکی دەستی مرۆڤ لە کۆمەلێك بەشی جیاوازو مەتریاڵی جیاواز پێکهاتوە لە ( ئەلەمنۆم ، فایبەر گلاس ، شوشە ، قوماش ، پلاستیك ، ئاسن ، سلیکۆن هتد " فرۆکە ئامرازێکی گواستنەوەی لە ئاسماندا پێکهاتەی سەرەکی پێکدێت لە دووبەشی لە ناویدا ، بەساراوەتەوە بە بەشێی مەکینە لە دواوە، رووپۆش کراوە بە مادەی ئەلەمنۆم و بەشیکی فایبەرکلاس و شوشو دووباڵی گەورەی پێوەیە بۆ هاوسەنگی هەیکەلەکەو فرینی "([٤٣]) .سەیری وێنەی ١٠ بکە کە پێکهاتەی فرۆکە:.



وێنەی (١٠) پێکهاتەی کۆکراوەی فرۆکە

لەم وێنەیەدا پێکهاتەی کۆکراوەی فرۆکە پێکدێت لە کۆمەڵێك پێکهاتەی جیاوازە لێکدراون ئەو فۆرمەیان دروستکردوە کە وەزیفەی گواستنەوە مرۆڤ و گواستنەوەی کەلوپەلە لە رێگای ئاسمانەوە. لە کۆکراوەکانی بواری زانستی فیزای پێکهاتەی کەشتی پێکهاتوە لە کۆمەلێك مەتریاڵی جیاوازی،" کەشتی ئامرازیکی گواستنەوی ئاوییە بۆمەبەستی گواستنەوەی مرۆڤ و کەلوپەلی بازرگانی بەکاردێت پێکهاتەی دروستکردنی کەشتی پێکدێت لە هەیکەلی سەرەکیکە بەشی ناوەو دەرەوەیە رووپۆش دەرەوە مادەی ئاسن یان دارە ، مەکینە ، رووپۆشی شوشە ناوە دیکۆرات و رازینراوەتەوە "([٤٤]) . بروانە وێنەی ١١ بکە کە پێکهاتەی کەشتی .:



(وێنەی ١١ کەشتی چارۆگە دار

[٤٣] صناعة الطائرات : كيف تصنع الطائرة
https://www.oxfordsaudia.com/blog/aircraft-construction-how-are-airplanes-made/

[٤٤] سفينة – المعرفة _ https://www.marefa.org/سفينة

لەم وێنەدا پێکهاتەی کۆکراوەی کەشتی پێشاندەدات کە لە چەندین ئامیرو مەتریاڵی کۆکراوەی جیاواز پێکدێت کە وەزیفەی گواستنەوەی مرۆڤ و کەلوپەلەی بازرگانیە کەشتی جەنگی کەشتی چارۆگە دارە. پێکهاتەی کارەبایات کۆمەلێك کۆکراوەی جیاوازە کە بۆتە هۆی گەیاندنی روناکی بۆهەموو شوێنەك پێکهاتوە لە ( فافۆن ، زەرد ، پلاستیك ، ئاسن ، شوشە ، کرستال ، " کارەبا کۆمەلێك کارلێك وکاریگەری فیزیایە جێبەجی کردنی بەشێوەیەکی زانستی، بواری کارەبا عقلێکی بواری پیشەسازیە ، سەرچاوەکەی لە وزەوە هاتوە، دواتر بەکارهێنانی جێبەجیکردنی بە شێوەیەکی فراوان نمونە بە کارهێنانی هۆیەکانی گواستنەوە بە کارەبایە، رۆناکی ، بواری پیشەسازی کارگەکانە هۆیەکانی پەیوەندی کردنە "( [٤٥]) سەیری وێنەی ١٢ بکە کە پێکهاتەی کارەبی



وێنەی ( ١٢) پێکهاتەی کلۆپی

لەبواری زانستی فیزیك و بیرکاری لەگەڵ پێشکەوتنی لە گشت سیکتەرەکاندا ، سیکتەری بیناسازی پێشکەوتنی بەرچاو خێرای بە خۆیەوە بینی کۆمەلێك مەتریاڵ و پێکهاتەی جیاواز هاتنە ناو کایە بیناسازی " لە دوای شۆرشی پیشەسازی لە سەدەی ١٩ گۆرانکاری تازە لە بواری وەبەرهێنان کرا ،گۆرانکاری لە وەبەرهێنان و ژیانی کۆمەلایەتی گۆرانکاری لە بیناسازی کرا و کەلوپەلی جیاواز و گۆرانکاری لە تەکنلۆجیا وەك وێستگەی ئاسن و ، کارگەکان و بیناسازی کرا ئەوە بوە هۆی ئەو پێشکەوتنە بەرچاوەی بیناسازی نوی وەك ئاسن ، چەمەنتۆ ، شوشە ، پێشکەوتنی زانست لە رووی کەلوپەلی بیناسازی "( [٤٦]) بواری بیناسازی کە پێکهاتەیەکی سەرەکیە لە ژیانی رۆژانەی مرۆڤ بەدرێژای مێژوو هەولیداوە بە باشترین شێوە بە پێکهاتەیەکی بەهێزو بە کارهێنانی زۆرترین کۆکراوە بۆ رازاندنەوە جوانکاری تێدا بە کار بە هێنێت "بە کارهێنانی ماتریاڵی نوی لە بیناسازیدا رۆژ بەرۆژ پێشکەوتنی بە رچاوی بەخۆیەوە دەبینی بەکارهێنانی موادی ئاسن و وەك ماتریاڵیکی سەرەکی بیناسازی شوشە بە کارهێنانی بۆ رووپۆش کردنی خانو بالاخانە ، شیش بۆ ناو بیناکان هەروەها زیاد کردنی کۆنکریتی ئامادەکراو کە پێکهاتوە لە قوم و چگل و چەمەنتۆ ئاو ، بوە هۆی پێشکەوتنی شیوازی بیناسازی بە شێوەی ستاندارتی جیهانی "( [٤٧]) لەگەڵ پێشکەوتنەکان و رەخساندنی بواری وەبەرهێنان دیزاین تازە بە خانو باڵخانەی شارەکان

---

[٤٥] كهرباء – المعرفة. https://www.marefa.org/كهرباء

[٤٦] د.عبدالرحيم سالم . دراسات في الشكل و التطور المعماري ،دار نشر بمساعدة من جامية العلوم و التكنؤلوجيا الاردنية ، الطبعة الاولي ،١٩٩٣م ، ص.٨٨

[٤٧] شيرين احسان شيرزاد: لمحات من تاريخ العمارة و الحركات العمارية وروادها ، مطبع دار الشئون الثقافة العالمة ، بغداد ،١٩٨٧م، ص ٧١

هاتەکایەوە، لەگەڵ هاتنەکایە ئەو فۆرمە تازانەی بواری بیناسازی پێکهاتو مەتریاڵی تازەش هاتنە ناو بواری بیناسازی " دوا بەدوای ئەو مەتریاڵ تازانەی بواری بیناسازی وەك ئاسن ، شوشەو ، کۆنکریتی ئامادەکراو، رۆژ بەرۆژ گۆرانکاری لە دیزاین و مەتریاڵی بە کارهاتو دەکرا هاتنە ناوەوی مەتریاڵی بەرد و ئەلمنۆم و جەمەلۆن فایبەرگلاس دیکۆراتی جیاواز بۆ بواری بیناسازی رۆژبەرۆژ لەبەرەوپێشچوندابوو"([48]) سەیری وێنەی ١٣و١٤و١٥و١٦ بکە کە پێکهاتەی خانو و بیناسازی





( وێنەی ١٣  وێنەی قوخ کۆکراوەی  بەرد قور دار گژو گیایە )  وێنەی ١٤ وێنەی رەشمال کۆکراوەی دار قوماش . حبلە





وێنەی ١٥  بیناسازی  مۆدێرنە

وێنەی ١٦ بیناسازی هاوچەرخ

بۆیە تایبەتمەندییەکانی چەمکی کۆکردنەوە ، ئەم چەمکە بە شێوەی خۆرسکی لەگەڵ دەست پێکی ژیانی مرۆڤ بونی هەبوە گەشەو نمای کردوە  هەر لە پێداویستیەکانی ژیانی رۆژانەی دەستیپێکردوە ، خودی مرۆڤ گیان لەبەران و رەوەك وەك کۆراوەی کۆمەڵێك مەتریاڵی جیاواز ، خودی سروشت وەك کۆکراوەیەکی کۆمەڵێك مەتریاڵ جیاواز بواری پیشەسازی بە شێوەیەکی بەرچاو فراوان بەکاربردنی مەتریاڵی جیاواز لە ئامێرەجیاوازەکان بەکارهێناوە، کەوایە چەمکی کۆراوە چۆتە نێوە هەموو کایە جیاوازەکانی ژیان بە شێوەیەکی بەربلاو بلاو بۆتەوە لێرەدا وەك توێژەر دەگەینە کۆمەڵێك تایبەتمەندی و خاڵ .

١-مرۆڤ لە یەکەم وێستگەی ژیانیدا ئەو سروشت و ئەو چوار دەورەی تێدا دەژیت وەك یەکەم کۆکراوە لە دەستپێکی ژیانی دادەنرێت .

[48] د. محمدعویضة ،تطور الفكر المعماري في القرن العشرين ، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت ،١٩٨٤م، ص ٢٠

٢. مرۆڤ وەك لایەنێکی کۆکراوەی لە کۆمەڵێك مەتریاڵی جیاواز پێکهاتوە ، ئاژەڵیش وەك لایەنێکی کۆکراوە چەندان ئاژەڵی جیاواز هەیە لە مەتریاڵی جیاواز پێکهاتوە ،

٣- هەموو لایەنەکانی تەکنلۆجیا وەك ( مۆبایل -سەیارە -کۆمپیتەر -کەشتی -فرۆکە - بیناسازی -کارەبای - لە بونیات نانەکەیدا لە لە کۆمەڵێك مەتریاڵی جیاواز پێکهاتوە ..

٤- سروشت وەك لایەنێکی گرنکی کۆکراوەی چەندان مەتریاڵی جیاوازی لە خۆ گرتوە .

## ٢- چەمکی کۆکردنەوە لەسەردەمی شارستانییەتی دێرینـدا.

سروشت وەك ژینگەیەکی فراوان لەبەردەم مرۆڤدا فێرگەیەکی گونجاوبووە بۆ سەرهەڵدان وگەشەسەندنی بیرکردنەوەی مرۆڤ لە پێداویستی و خۆپارستن بەشێوەیەکی ساناو ساکار، هەربۆیە مرۆڤ بەو سانابوونەی خۆیی و سروشتیش بەو دەوڵەمەندی و ئالۆزیەی بونە دوانەیەك و لە بەرامبەر یەکدا لە رووبەڕووبونەوەو بەریەککەوتندا مرۆڤی دەکردە خاوەن دەسکەوت، ئەمەش لەدوای ئەوە دەهات کە مرۆڤ دوچاری زیان و هەڕەشەو لە ناوچون دەبووە وەهەم لە لایەن هێزی سروشتەوە هەم لەلایەن بونەوەرە کێوییەکانەوە، کەواتە پێداویستی ژیان و خۆپاراستن دوو فاکتەری گرنگی سەرهەڵدان و گەشەی بیرکردنەوەیە لای مرۆڤ کە ئەم پرۆسەیە بە ئەمڕۆشەوە بەردەوامەو عەودالْ بوونی مرۆڤ زیاتر کردوە بۆ گەڕان و پشکنین، کەرستەی دەستی مرۆڤی دێرین سادەو سانا بوون کە بۆ ئەو دەمە لەڕوی بەکاربردنەوە ڕنگە جێگەی سەرنج بوبێت کە ئەمەش تەنها و تەنها ئامێرێك بووە بۆ خۆپاراستن هەندێ تریان وەك کەرەستەی سەرەتایی ژیان وابوون، بۆیە مرۆڤی سەرەتای رۆژ بەرۆژ لەگەڵ تاقی کردنەوەی شتەکان یان هاتنە پێشی کارەساتێك یان بەربەستێك پێش دەکەوت زیاتر هەنگاوی دەنا ئامرازەکانی ژیانی رۆژانەی پەرەپێدەدا لە ئامرازی بە تەنها چوە قۆناغی کۆکردنەوە یان پێك بەستنەوەی دوو ئامرازی جیاواز بۆ دروستکردنی ئامرازیك کە بەکاری بەهێنێت " لەگەڵ بەرەوپێشچونی سەردەمەکە مرۆڤ هەندی چالاکی سازکردوە لە ئامرازەکانی کارکردن وەك ، بەستنەوەی بەردی تیژ بە پارچە دارێك، توانی ئامرازیك دروستبکات بۆ بە کارهێنان لە ژیانی رۆژانە، لە چاخی بەردین دا مرۆڤ هەندی ئامێری نوی دروستکرد کە پێشکەوتووبوو کە لەوە پێش نەبوو لە عاج هەندی سەری تیژی دروستکرد دواتر لەگەڵ دار پێکەوەی دەبەستەوە وەك رم بەکاری دەهێنا دواتر بیرۆکەی تیروکەوانی بۆ پەیدابوو ، بوە هۆی گۆرانکاریەکی زۆر لە راوکردن " ([٤٩]) ، لەم وێنەیە پێکهاتەی ئامێرەکانی کە مرۆڤی دێرین دروستیکردوە بەڵام وەزیفەی جیاواز بوە بۆ راوی گیانداران پاراستنی خۆی لە دوژمن ، ئەو ئامرازانەی دروستیدەکرد یان چەند ئامرازیکی پێکەوە دەبەست بۆ پاراستنی خۆی بوو لە گیانداری درندەو ترسناك یان راوکردنی گیانداران سەیری وێنەی ١٧ بکە پێکهاتەی ئامیری مرۆڤی دێرین .




وێنەی (١٧) دروستکراوی مرۆڤی دێرین_

[٤٩] د.شمس الدين فارس: د. سليمان عيس الخطاط : تاريخ الفن القديم ، موسة دار الكتب للطباعة والنشر، دارالمعريفة ، الطبعة الاول ،١٩٨٠،ص، ٢٠،١٥

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت مرۆڤی چاخی بەردین لە دوای راوکردنی ئاژەڵەکان سودی لە زۆربەی بەرەوبومەکانی وەردەگرت وەك ( گۆشتی ئیسکی پیستەکەی توکەکەی دەیکردە ئامرازێکی تر. "مرۆڤ لە هەندی ئامرازی سەرەتای بۆپاراستنی خۆی دژی ئاژەڵ و دووژمن بەکاریدەهێنا لە ژیانی رۆژانەی، بەکارهێنانی لە راوکردنی ئاژەلان و پارچە پارچە کردنی ئێسك و شکاندنی کەورکردنی ، مرۆڤ ئامرازەکانی لە ، بەرد ، و لقی دارو ، ئێسك و مادە رەقەکان ، ئەم ئامرازانی هەلبژارد بە شێوەیەك بۆ بەدەستەوە گرتن و بەکارهێنانی  لە راو شەردا " (٥٠) بەهۆی پێشکەوتنی رۆژ بەرۆژی بیری مرۆڤەکان راوێژکردن لەگەڵ یەکتر بووە هۆی داهێنانی کۆمەڵێك ئامێری پشکنین لە لایان خودی مرۆڤەوە وای لیّ هات شوێنەوارناسان بە ئاسانی ئەو پارچە شوینەوارنانە بناسنەوە ئی چی سەردەمێك و چەندساڵ تەمەنیتی" لە دوای سەدەی نۆزدە  زاناکانی بواری شوێنەوار دەستیانکرد بە پشکنینی بۆ لێك جیاکردنەوەی پارچە شوێنەوارەکان بەپی مادەکەو شوێنی دۆزینەوەی ناونیشان و جۆری شوێنەکە " (٥١) دوای پێشکەوتنەکانی مرۆڤ بیرکردنەوە نیشتە جێبوونی بە شێوەی کۆمەڵ بۆ هاوکاری یەکترو مانەوەیان پاراستنی یەکتر بە شێوەی کۆمەڵ دەژیان فێری ماڵیکردنی ئاژەڵ و ئاوەدان کردنەوەی زەویەکان بە ئامرازی نوی پاشەکەوت کردنی دانەوێلە و دۆزینەوەی ئامڕازی رستن و چنین لە و قۆناغەدا . بروانە وێنەی ١٨




وێنەی (١٨ درووستکراوی مرۆڤ

" مرۆڤ دوای نیشتەجێبوونی بە شێوەی کۆمەڵ بو بەسەرەتایەك بۆ پێکهێنانی کۆمەلگای شارستانی و نیشتەجێبوون لە لێواری رووبارەکان و دەست بە چاککردنی کشتوکاڵ و بە خێوکردنی ئاژەڵ و وەبەرهێنانی دانەوێلەو گۆشت،دوای سەقام گیربوونی مرۆڤ بوە هۆی بونی کات، بوە هۆی دۆزینەوەی کۆمەلێك ئامێری تازە کە پێشتر نەبوون هەندی زاراوەی سەرەکی شارستانییەت وەك ئاین و بنەماکانی بیناسازی نوسین هونەر،

---

٥٠ د:سامي رزق بشاي ،فروق وجدي ابراهيم ،تاريخ الزخرفة ،تم الطبع بمطابع الشروق_القاهرة ، ١٩٩٩،٢٠٠٠،ص،١٢

٥١ Clarke.Grahame(1969).World Prehistory:a New Outline (الطبعة Cambridge University press.Cambridge.(2 صفحة ،٣١.
https://www.academia.edu/7918187/Clark_JGD_Кларк_Грэм_1969_World_Prehistory_a_New_Outline_2nd_edn._p._31._Cambridge._Cambridge_University_Press._Янко_Слава__sl

ئاشنابوونی مرۆڤ بە ئامرازە نوێکان بە تایبەتی ئامرازی بەردی رستن و چنین سود وەرگرتن لە پێستەی ئاژەڵ " (٥٢) " تێگەیشتنی هونەر لەگەڵ دروستکردنی ئەو ئامرازانە پەیدابوو مرۆڤی سەرەتای ئامڕازە سەرەتایەکانی بەکار دەهێنا وەك بەرد دارو ئێسك و قۆچی ئاژەڵ و ، پێشخستن و گونجاندنی ئەم ئامڕازانە کەوەك کارێکی هونەری دادەنرێت لە خۆیدا هەولدانی رازاندنەوەی دەکرێت وەك کارێکی هونەری شێوەکاری سەیردەکرێت "(٥٣) مرۆڤ لەو سەردەمەدا سەرەتا دەستی بە هونەر وێنە کێشان کردوە لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان ئەوشتەی یان ئەو فۆرمەی بیویستبا لە خەیاڵی بایە بەوێنە دەری دەبڕی یان پلانی بۆ شتیك یان راوکردنی گیان لە بەران دانابایە بە وێنە دەری دەبری ، بۆ ئەم وێنانەش سودی لە کۆمەلێك مەتریاڵی جیاواز بینیوە چ وەك ئامڕازێك بێ بۆ وێناکردن چ وەك مادەیەك بی بۆ خولقاندنی وێنەکە، مەتریاڵەکان وەك پاش ماوەی ئاگر واتە رەژوەکەی ئەو ئاگرەی کە دەیکردوە بۆ رۆناکی و گەرمی سودی لە رەژەوەکەش وەردەگرت ، تێکەڵکردنی لەگەڵ مەتریاڵی چەوری و خوێن و توکی ئاژەڵ ، مرۆڤی دێرین کاتی ئاژەڵێکی راودەکرد جگەلە سود وەرگرتن لە گۆشتەکەی سودی لە چەوری و خوێن توکەکەشی وەرگرتوە بۆ تێکەڵکردن لەگەڵ مەتریاڵی تر بۆ هونەری وێنەکێشان سودی لێ بینیوە وەك خولقاندن و وەك ئامرازێك بوە بۆ هونەری وێنەکێشان " لە سەردەمی ئەشکەوتەکاندا مرۆڤ کە نیگاری کێشاوە لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان ، هەولێداوە لە بوونیادەکانی نێو سروشت چەند رەنگێك دروستبکات وەك ( رەش و سور ) تا بتوانێ وەك ماتریالێك بۆ نیگارکێشان بەکاری بهێنێت ، وە ئەو ماتریالآنەی کە بەکارهاتوون لە دروستکردنی رەنگی سوردا ، بریتی بووە لە خاکی ئۆکسیدی ( تربە) کە پێکهاتووە لە رێژەیەکی زۆر لە ئۆکسیدی ئاسن و خوێنی ئاژەڵ ، هەروەها رەنگی رەشیان لە خەڵوزی دار و جۆرێك لە خاك کە پێکهاتووە لە رێژەیەکی زۆر لە ماتریاڵی مەنگەنیز و ئێسقانی ئاژەڵ دوای سوتاندنی هەروەها بەکارهێنانی پێستە و توکی ئاژەڵ و پەری باڵندە وەك فلچە بەکاریان هێناوە لە نیگارکێشاندا "(٥٤) سەیری وێنەی ١٩



وێنەی (١٩و وێنەی سەر دیواری ئەشکەوتە کە بە تێکەل کردنی مەتریاڵی جۆراو جۆر بنیات نراوە

---

٥٢ ليلي فواد ابو حجلة : تاريخ الفن النشوي والتطور ،عمان مكتبة المجتمح العربي للنشروا لتوزيع ،٢٠١٠،ص٢٢

٥٣ د:سامي رزق بشاي ،فروق وجدي ابراهيم ،تاريخ الزخرفة ،تم الطبع بمطابع الشروق_القاهرة ، ٢٠٠٠،١٩٩٩،ص١٥

٥٤ زهير صاحب محسين ، تاريخ الفن القديم في بلاد وادي الرافدين ، د.سلمان الخطاط ، مطبعة التعليم العالي بغداد ١٩٨٧. ل ٢٦ (سروشت عومەر عنایەت : کاریگەری ماتریاڵ لەسەر هونەری پەیکەرسازی هاوچەرخ لە هەرێمی کوردستاندا ، نامەی ماستەر ، سالی ٢٠١٧، ل ، ١٣

مرۆڤی سەرەتایی ژیانی لە ئەشکەوت بووە واتە یەکەم شوێنی حەوانەوەی ئەشکەوت بووە، دوای گۆرانکاری لە ژیان و کۆبوونەوەی چەند خێزانێك بەیەکەوە بوە هۆی ئەوەی مرۆڤ لە ئەشکەوتەکان بێتە دەرەوە دەست بە ئاوەدان کردنەوەی زەوی بکات بۆ کشتوکاڵ و خانو کوخی تازە درووست بکات بۆیە

تایبەتمەندییەکانی کۆکردنەوەی مەتریاڵیی لە سەردەمی مرۆڤی دێرین :.

مرۆڤی دێرین لەگەڵ دروستبونی مرۆڤایەتی بۆ بەردەوام بونی لە ژیان و پێداویستیەکانی رۆژانەی خۆپاراستن و راوکردنی ئاژەڵان سودی لە مەتریاڵ و کەلوپەلەکانی دەورو پشتی خۆی وەرگرتووە ، ئەو مەتریاڵە سادانەی کەلە سروشت بونیان هەیە وەك دارو بەرد و ئێسك، بەکاربردنیان لە فۆرمێکا وەك ئامرازێك بە کاریان دەهێنا و بەستنەوە لەیك دا وەك دارو بەرد یان ئێسك و بەرد یان ئێسك دار بۆ راوکردن یان خۆپارستنبوە، بەکاربردنی مەتریاڵی رەژوی دارو خوێنو چەوری ئاژەڵ و .

٣–شارستانییەتی دێرینی یۆنان و ئەزمونی بەکاربردنی مەتریاڵ :.

پێشچوونە ناوباسی شارستانییەت گرنگە باس لەو فاکتەرە کاریگەریانە بکەین کە هۆکارە بۆ سەرهەڵدانی هەرشارستانییەتێك، ولاتی یۆنان وەك بونیادێکی جوگرافی تەندروست بۆ ژیان و مانەوە، فاکتەرێکی گرنگ و بەرچاوی سەرهەڵدانی ژیان و بەردەوام بونیەتی، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە پێکهاتەی جوگرافی یۆنان زۆر گونجاوە لە رووی بوونی دەریا ئەوەش هەلی رەخساندوە بۆ بازرگانی کردن، ئاشکرایە بازرگانی هەڵ دەرەخسێنی بۆ ئالوگۆری کردنی کالاّ و پێداویستیەکانی نێوان دوو ولاّت یان زیاتر، بەمەش توانستی پیشەیی هەرلایەك دەردەکەوێ و لەو رێگەیەوە پرۆسەی کاریگەربوون فەراهەم دەبێ، بازرگانی دەریایی جیاوازە لە بازرگانی ووشکانی پێوستی بەئامرازێ گواستەوەی جیاواز هەبوو ئەویش ( کەشتییە) ئەم جۆرە ئامرازەش هەڵگری چەندین خەسلەتی هەستیارە کە بەرهەم هێنانی خۆی لە خۆیدا پێویستی بە هێزی عەقڵی و توانستی پیشەییە هەربۆیە بوونی دەریا وەك کردەیەکی سروشتی ئەو پاڵنەرەیە کە مرۆڤ ناچاردەکات لە بیرکردنەوە کانیدا چرببێتەوە بۆ ئەنجامدان و بەرهەم هێنانی هۆکاری گواستەوە لە ئاودا، گرنگە لە ناو باسەکەدا ئاماژە بە (کەشتی) بکەین وەك پێکهاتەیەکی (پیشەی) خاوەن بونیادێکی کۆکراوەی دیزاینکراو لە چەند مەتریاڵێکی جیاواز کە هەریەکە لەو مەتریالاّنە ئەرکی بەکاربردنیان هەیە کە دەتوانین ئاماژە بە چەند جۆرێکیان بکەین ( تەختە ، گوریس،چارۆگە و ئاسن ، روناکی ، تەقەمەنی )، "ئەگەر تەمەشای ولاّتی یۆنان بکەین یەکەمین شت کە وادیاردەکەوێ ئەوەیە سروشتی جوگرافیای ئەو ولاّتە درێژبوونەوەییکی تەختایی نییە بۆ نمونە وەکو ئەوەی لە میسر یان بەشی زۆری میزۆپۆتامیادا دەبینین، بەڵکو دەبینین ئەو ولاّتە (یۆنان) خاوەن سروشتێکی سەختە.چیاکان بەشی زۆری پانتاییەکەی پێکدێنت (دەکاتە نزیکەی پێنج یەکی پانتاییەکەی ) لە ناوچەی بچوك بچوك پێکدێت لەگەڵ رووباری دەریای ناوەراست و دەریای ئیجە بۆیە بە ناوبانگە بە جۆرێك بەردی مەرمەری سپی بازرگانی و راوە ماسی "(°°) ، سەیری وێنەی ٢٠ بکە پێکهاتەی کەشتی یونانی دێرین .



وێنەی ( ٢٠و کەشتی شارستانی ئەغریقە کۆراوەی دارو ئاسن و گوریس وقوماش مەتریالی ترە

°° لوتفی عەبدولوەهاب یەحیا :سەرتایەك لە مێژووی شارستانییدا یۆنان ،و،د.سەنگەر حاجی . چ.رۆژهەلات هەولێر،چاپی یەکەم ٢٠١٤،ل،٣١

جگە لە ئاو وەك سەرچاوەیەكی سروشتی پێكهاتەی خاكی یۆنان بونی بەرزای و شاخی سەخت و بونی كانزای بەردی بەتایبەتی مەرمەر وادەكات گرنگی دان بەو كەرستانە لە پێشینەی كارەكانیان بێت هەربۆیە توانراوە سودی لیّ وەربگیرێت لەچەندین ڕووەوە لەوانە ئەنجامدان و دروستكردنی پەرستگاو بالاّخانەكانی یۆنان كە خاوەن خەسلەتێكی جوان ناسی پڕ لە بەهای پێشەیین" لەم شارستانییەتەدا ( گریك) بیناكانیان بە شێوەی سادەو ساكار دروست دەكرد بە كەرەسەی سەرەتای وەك دارو خشت دەكرد دواتر كە ئاشنا بوون بە كەلتورو شارستانی دیكە لە رێگای بازرگانیو هاتو چۆكردن بوەهۆی پێشكەوتنی بیناكان گۆرانكاری لە مەتریالّ و پێكهاتەی بیناو دیكۆری بیناكان كرا لە داروو خشتەوە بو بە مەتریالّی بەردین "([٥٦]) (سەیری وێنەی ژمارە ٢١) . پێكهاتەی بیناسازی یۆنان .



وێنەی ٢١ پەرستگای البارثینون یۆنانی دێرین بەرد

كردەی كۆكردنەوە لە سەردەمی ئەم شارستانییەتەدا (ئەغریق) بەتایبەتی لە سەردەمی هۆزی میسینی كۆمەلێك پاشماوەی بەجیماویان دۆزراوەتەوە لە ناو گۆرێك دۆزراوەتەوە ئێستا لە مۆزەخانەی شوێنەوارناسی ئەسینایە ئەو پاشماوە بە جێماوە دەیسەلمێنی كە لەو سەردەمەدا مەتریالّی زێرو زیو تێكەلّ بە یەكدەكران لەگەلّ مەتریالّی تر لە كردەیەكدا ،"لە نێو ئەو كەلو پەلانەی یان ئەو چەكانەی كە لە نێو گۆرێك دۆزرایەتەوە خەنجەرێكی رازاوەی بە نەخش و نیگاری .چەقۆیەكە بەزۆری بە هێلی لوول یان دیمەنی كەسان دەچێنران لە زێرو زیو نیلۆ ( پێكهاتەیەكی تێكەلّی سولفەر لەگەلّ زیو یەك دەگرێت كاتی گەرم دەبێت تاماوەیەك رەش دەبێت بریقەداری لێدەكەوێتەوە لێرەدا كاریگەری هۆزی مینۆنەكان بە سەر میسینی دەردەكەوێت یان كاریگەری شارستانییەتەكانی تر "([٥٧]) بۆیە لێرەدا مەتریالّی بە كارهاتو بۆ ئەم پاشماوە دۆزراوە پێكهاتوە لە زیو زێر سولفەر جۆرە مادەیەكی ئەو سەردەمەیە بۆیە بۆزیاتر سەیری وێنەی ( ٢٢)

[٥٦] Cary.M.and Haarhoff. T.J. :Life and Thougt in thr Greek and Roman World (London. New york.1961).p.219

[٥٧] H.W.Janson.. :وەرگێنی لە ئینگلیزیەوە ، عەباس عەولاّ عومەر . گۆڤاری شێوەكاری .بەرگی ٢٠.ل.٢٦



وێنەی (٢٢) دەمە خەنجەرێکی چێنراو لە چالە گۆڕی میسینی گریس دەوروبەری ١٦٠٠–١٥٥٠ پ.ز . ٨.٢٣سم مۆزەخانەی شوێنەواری ئەسینا) . کۆکراوەی زێرو زیو سولفەر

گرنگیدان بەڕوخسارو شێوەی کەرستەکان و دامەزراندیان بە مەتریاڵی جیاواز دەرخستنی گرنگی دانی مرۆڤ ( یۆنانی ) بە بەهای جوانیدا چوار چێوەی پێداویستی و کەلوپەلی ناو کۆشك و ماڵ شوێنی تایبەتیەکان و تەنانەت بۆنە تایبەتەکانیش، ئەم پۆلین کردنە ئەوە دەسەلمێنی کە کەرستەکان لەگەڵ ئەوەی لەڕوی بەکاربردنەوە خاوەن ئەرکێکی تایبەت بووە ئەوەندەش زیاتر لەڕوی پێکهاتە ماتریاڵە کەیەوە جێگەی گرنگی پێدانی ورد و سەرنج ڕاکێش بووە، بۆ زیاتر سەلماندی ڕاستی ئەم بەدەست هێنانە وەك دەستکەوتێکی گرنگی بواری شارستانییەتی (گریك) کردەیەکی کۆکردنەوەی چەند مەتریالێکە " لەم شارستانییەتدا (گریك) پاشماوەیك دۆزراوەتەوە بە ناوی (رایتۆن) لە شێوەی سەرەگایەك لە کۆنسوس دۆزراوەتەوە کە مێژوەکەی بۆ١٤٥٠ ساڵ پ. ز دەگەرێتەوە پێکهاتەی ئەو پاش ماوەی لیٚ درووستکراوە لە بەردی خۆلە مێشی کریستاڵ گوێچکە ماسی ئاسن لە شاری کریت "([٥٨]) ،پێکهاتەی ئەو پاشماوە بەجی ماوە پێکهاتوە لە بەردی خۆلە مێشی کریستال گوێچکە ماسی ئاسن بۆیە سەیری ەوێنەی (٢٣)




وێنەی (٢٣) رایتۆن لە شێوەی سەرەگایەك لە کۆنسوس نزیکەی ١٥٠٠–١٤٥٠ ساڵ پ ز سێرپنتین .بەردی خۆلە مێشی کریساڵ چێنراوی قەپلێکی گوێچکە ماسی (قۆچی بۆ لێنراوە ) بەرزیەکەی ٦٢سم مۆزەخانەی شوێنەواری ئیراکلیۆن .کریك کۆکراوەی بەرد و ئاسن و زێرو کریستال و گوێچکە ماسی

[٥٨] H.W.Janson.. :وەرگێرانی لە ئینگلیزیەوە ، عەباس عەولاٚ عومەر . گۆڤاری شێوەکاری .بەرگی ٢٠.ل.١٦

پاشماوەیەکی تری بە جێماوی شارستانییەتی (گریك ) دێرین ئەو ئامێری موزیك بە ناوی (رەبابە)* کە لە زۆربەی دانیشت و پەرستگاو ئاهەنگی پاشا و بۆنە ئاین و کۆمەلایەتیەکان بە کاردەهات ئەو ئامێرە بە دەر لە وەزیفەکەی کە ژەنینە، وەك کردەیەکی کۆکردنەوە لە چەندان مەتریاڵی بە کار بردن پێکهاتوە وەك مەتریاڵی ( دارو ، پێستەی ئاژەڵ و موی ئاژەڵی بە تایبەتی ئەسپ بزماری نوحاسی یان ئاسن ) .

" رەبابە ئامێرێکی مۆسیقی دێرینە لە کاتی کۆرو کۆبونەوە ی شعری یان پەرستگاو یان کۆبونەوە پاشا یان کەسایەتیە ناودارەکان بە کاردەهات کە دەنگێکی خۆش و تایبەتی لیوە دەردەچی ئەو مەتریالآنەی کە لەو ئامێرە بە کارهاتوە دار و پێستە ی ئاژەڵ و موی ئاژەڵ بە تایبەتی ئەسپ " (٥٩) . سەیری وێنەی (٢٤) . بکە پێکهاتەی ئامێری میوزیکی دێرینی یونان ( رەبابە)




وێنەی (٢٤) ئامێری رەبابەی ئەغریقی دێرین

تایبەتمەندیەکانی ئەزمونی بەکارهێنانی مەتریاڵ لای شارستانییەتی دێرین گریك: .

١–کاریگەری جوگراف وای خواستوە کەرستەکانی بازرگانی بەتایبەت (کەشتی ) تایبەتمەندی خۆی هەبێ لەڕوی تواناو بەرگەگرتن تەوژمە گەورەکانی دەریا بۆ ئەمەش بەکارهێنانی زیاد لە مەتریالێك لە درووستکردنی کەشتی دا گرنگی پێدراوە .

* ربابە :. توێژەرەوان تایبەت بەو بابەتە لە سەر ئەوە کۆکن کە ئامێری رەبابە ئەغریقیە وە رۆمانیە لە ئەسل دا وە لە ئەفریقاش بە کارهاتوە لە رێگای میسری (٣٣٢–٣٥– ق ، م ) وە دەنگێکی خۆشی لیدەردەچی پێك هاتوە لە سندوقێکی کە داپۆشراوە بە پیستەی ئاژەل و دارو موی ئاژەلی ئەسپ " الربابة . فن البادية الذي طاف العالم الخليج اونلاين
https://alkhaleejonline.net/ثقافة–وفن/الربابة–فن–البادية–الذي–طاف–العالم

٥٩ الربابة.. فن البادية الذي طاف العالم | الخليج أونلاين .
https://alkhaleejonline.net/ثقافة-وفن/الربابة-فن-البادية-الذي-طاف-العالم

٢–گرنگیدان بەگۆری پاشا لەرێگەی پیرۆزکردنی شوێنی گۆڕو رازاندنەوەی بە مەتریاڵی بەهادارو بەنرخ .

٣– بەکارهێنانی زیاتر لەمەتریالێك لە بواری بیناسازی .

٤– بەکارهێنانی جەستەی ئاژەڵ بە شێوەیەکی سروشتی و رازاندنەوەی بە مەتریاڵی جیاواز.

٤– کردەی کۆکردنەوەی مەتریاڵە جیاوازەکان لای شارستانییەتی دێرینی میسر:.

یەکێك لە شارستانییەتانەی کە تائێستا جێگەی سەرنج و تێرامانە شارستانییەتی میسری دێرینە، کە خاوەنداریەکەی دەگەڕێتەوە بۆنەتەوەی میسر کە بەدرێژایی مێژووی ژیانیان نیشتمانێکیان لە کاری هونەری بە پێزو پر لە بەهای ئیستاتیکی بەجیٚ هێشتوە.فاکتەرەکان زۆرن کە بوونە پاڵنەری ئەوشارستانییەتە لە سەروی هەموویانەوە ئەونیشتمانەی کە خاوەن رووبارێکی گرنگە کە ژیانی ئەو نەتەوەیەی بەرجەستەکردووە، هێزی باوەرداری بە ئاین و خواوەندەکان خاڵێکی تری بەهێزە کە ڕاستەوخۆ رۆڵی هەبووە لە بنیادنانی چین بە چینی کەلتورو شارستانییەتەکانیان کە ئەمەش خۆی لە پیرۆز راگرتنی سروتە جیاوازەکانی باوەڕداری دا بەرجەستەکردوە، بۆ ئەمەش دەسەلآتی خواوەندو پاشاکان لە قۆناغە جیاوازەکانی حوکمداریدا خاوەنداریەتی سەرکەوتن و بە پێوە وەستانی ئەو بەرهەمانەن کە ئەمرۆ بۆتە شوناسێکی دیاری نەتەوەو نیشتمانی میسر کە دەکرێت ئاماژە بە ماوەکەی بدەین کە "ئەم شارستانییەتە (٣٠٠٠) هەزار ساڵ خایاندوە، دابەش دەبێت بۆ سیٚ شارستانییەت یان قۆناغێك کە ١٤٠٠ساڵی خایاندوە ئەم شارستانییەتانە ( نقادەی ١ و٢و٣) (شارستانییەتی پێش خێزانەکان کە بە (نەقادەی)* ناسراوە ئەویش دابەش دەبێت بۆ نەقادەی ١ و ٢و ٣، قۆناغی نەقادە هاوتایە لەگەڵ قۆناغی (بەردینی نوی) لەم شارستانییەتە (نقادە) بوە هۆی پێشکەوتنی لایەنی ئابوری و پیشەسازی وهونەری و رێکخستنی لایەنی کۆمەلآیەتی سیاسی بەشێوەی خێرا لەو شارستانییەتەدا کۆمەڵێك کەلوپەلی بەجیٚ ماو دۆزراوەتەوە کە ئاماژەن بۆ ئەو قۆناغە"([٦٠]) ،خوێندنەوەی شارستانییەتی دێرینی میسری لەرێگای بەرهەمە بەجی ماوەکانەوە کارێکی گرنگبووە لەلایەن مێژوونوس و شوێنەوارناسە جیهانی و ناوەخۆیەکانیشەوە بۆ ئەمە شاکارە هونەریەکان و چۆنیەتی گوزەرانی پاشاو خواوەندەکان لەسەر بنەماو فەلسەفە جیاوازەکانی گەلی میسر بایەخداریەکەی هیندەی تر گەورەکردوە بۆیە ئەم شارستانیەتە هەڵدەگریٚ زیاتر لەوەی کەهەیە ئاوڕی زانستی و فەلسەفی و هونەری لێبدرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە لە قۆناغێکی زانستی مێژوییدا شارستانییەتی دێرینی میسر .

---

* نقادە :ناوی نەقادە ئەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای قسەکردنی بە زمانی عەرەبی لەم ناوچەیەدا ،خەلکی ئەم ناوچەیە بەزمانی قبطي قسە یان دەکرد ،ئەم وشەیە بەواتای تێگەیشتن یاخود زانین کە دەریدەخات لەوکاتەوە خەلکانێك بە زانستی و تێگەیشتن ناوبرابێت هەروەها ئەو وشەیە بەرهەمی ناوی (نجادە) واتاکەی فریاکەوتنە و رزگارکردنە کە خەلکی میسری بەکاریان هێناوە لە کاتی لافاوەکە کەی رووباری نیل بۆ پێچانەوەی شتومەکەکانیان دواجار گۆرا لە نجادە بۆ نەقادە لە گەل شارستانییەتی بەردینی نوی سەری هەڵداوە زانایان کردیانە بە سیٚ شارستانییەتی یەك لە دوای یەك نەقادەی یەك و نەقادەی دوو نەقادەی سیٚ وە ئەم شارستانیەتە پێش کەوت بە پایەی خێرا دواجار شارستانییەتی نەقادەی بەناو بانگ بوو پێش کەوتنی ئابووری پیشەسازی و هونەر درووست بونی پێگەی کۆمەلایەتی رامیاری و خێرای کەبوە هۆی یەگرتنەوەی هەردوو رووی لە ژێر دەسەلاتی پاشا مینای لە ساتەوەختی خێزانی یەکەم . نقادە – المعرفە . https://www.marefa.org/نقادە

[٦٠]نقادة - المعرفة. https://www.marefa.org/نقادة

" ماوەیەکی جیاکراوە نیە لە نێوان مێژووی نیشتەجێبوونی سەرەتاکانی چەرخی پێش خێزانەکان، تێکەڵیەك هەیە لە نێوان شارستانییەتی بەردینی نوی و شارستانییەتی نقادە، بۆیە هەندێك لە توێژینەوەکان پێشنیاری بەنێواداچونی هەردووشارستانیەتیان کردوە ئەوەی گومانی تێدانیە کەوا شارستانییەتی نەقادە بۆ ماوەیەکی دووردورێژ بەردەوامیی هەبوە بۆیە زانای شوینەوار ناسی (طمسون) * توانی ئەوە بسلمێنی کە زنجیرەی شارستانییەتەکانی لە رێگای هەڵکەندنی چینی ئەرزیەوە دۆزراونەتەوە"([٦١]) بەهۆکاری هاوتابوون لە نێوان شارستانییەتی ( نەقادە) و شارستانییەتی (بەردینی) نویٚ کەلوپەڵ و پێداویستەکانی بەرهەمێکی کۆکراوەبوون لە مەتریالێك زیاتر وەلە شارستانییەتی (نقادە) زۆر پشتیان بە مەتریاڵی (بەرد) بەستوە وە بە تایبەت بەردی(اللازوورد) کە بەردێکی گران بەها پرلە بەهای جوانی بوو، ئەم بەردە هاوردەکراوە بە مەبەستی تایبەت " لەم شارستانییەتەدا (میسر) هەندی لە مەتریاڵی بەکارهێنراوە کە هاوردەکراوبوو وەك بەردی (اللازورد) بەپێی ئەم دەردەکەوێت کە ئەم شارستانییەتە پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ ئاسیا هەبوە کە بەردی (االلازورد) لە ولاتانی ئێستای (ئێران و ئەغفانستان ) هەبووە هەروەها بەردی( اللازورد) بەکارهێنراوە لە شارستانییەتی (سمیت) * وای بۆدەچن هەمان شارستانییەتی نەقادەی یەکەم بوە مێژووی ئەوشارستانییەتە دەگەرێتەوە بۆ سەدەی پێش درووست بوونی مێژوو "([٦٢]) بۆئەم مەبەستە سەیری وێنەی ژمارە ( ٢٥) بکە .




وێنەی٢٥)پەیکەری لەقۆچی فیل درووستکراوە ئافرەتێکە چاوەکانی بەردی باللازۆرد لە شارستانیەتی نقادە

---

* طمسون : زانای بەریتانی لە شاری مانجستر لە دایك بوە لە سالی ١٨ دیسنبر ١٨٥٦ ناوی تەواوی (جوزیف_جون_طومسون) لە سالی ١٩٤٠ کۆچی دوای کردوە خەلاتی نۆبلی وەرگرتوە " ج. ج. تومسون – المعرفة https://www.marefa.org/ج._ج._تومسون

[٦١] د.جيفري سبنسر:مصرفي فجرالتاريخ ، ترجمة، د.عكاشة الدالي ، مطابع المجلس الاعلي للاثار،١٩٩٩،ص،٣٣

* سمیت : واتە ولاتی عێراق بیلادی الرافیدین ئەو ناوە بەزمانی (الاغریقیە ) بلاد الرافیدین یان میسوبۆتیمیا بەمانای ئەو زەویە دی وە بەزمانی (السریانیە) ( سمیت) واتە بەناوی عیراق یان بین نهرین هەموو حالەتێك (سمیت) یان ( التسمیات) واتە ( بە ناوی یان( نیشانەیە ) بۆ ولاتی عێراق و پەیوەندی دارە بە ولاتی (بلادالرافیدین) واتە النهرین مەبەستی رووباری (دیجلەو ( فرات) "لماذا سمي العراق ببلاد الرافدين – موضوع › اسئلة تاريخية–https://mawdoo3.com/لماذا_سمى_العراق_ببلاد_الرافدين

[٦٢] نقادة - المعرفة . https://www.marefa.org/نقادة

لەم دووێنەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کە لەسەردەمی شارستانییەتی نقادەدا مرۆڤەکان بیریان لە کۆکردنەوەی چەندان مەتریاڵ و کەلوپەلی جیاواز کردۆتەوە بە تایبەتی بەردە گرانبەهاکان، وەك مەتریاڵی مۆروی زێر ، بەردی اللازورد، بەردی گرانێت و العقیق سۆر، بەکارهێنانی قۆچی فیل(عاج ) لە پاشماوە بە جیماوەکانی ئەم شارستانییەتە میسر ئەویش تابوتە بەکاردەهات بۆ ناشتنی پاشا یان کەسی مردوو ئەو تابوتەش بە تایبەتی ئی پاشاکان لە جۆرێك داری تایبەت درووستدەکرا ، دەرازینرایەوە بە کۆمەلێك شتی گرانبەهاو یان رووپۆش دەکرا بەزێر بەردی تایبەت و رەنگی جیاواز " تابوت لەسەردەمی خێزانەکان بەکارهاتوە بۆناشتن پاشا بەکاردەهات کە لاشەی پاشایان تێدا دەنا مۆمیایان دەکرد ئەم تابوتانە لەجۆرە دارێکی تایبەت درووستدەکرا بە ناوی (خشب الجمیز*وخشب التماریسك ، وە دەرازێنرانەوە لە جۆرێك بەردی تایبەت وەك بە ردی (الازورد العقیق ) و مس ، روون ، زۆربەی تابوتەکان دیوی دەرەویان شێوەی دەموو چاو جەستەی مرۆڤ درووستدەکرا "([٦٣]). ئەوتابوتانە بەمەبەستی ناشتن بەکاردەهات زۆربەی جار وێنەی ئەو کەسەیان لە سەر هەلدەکۆلی یان دروستیاندەکرد کە مردووە بە تایبەت پاشاکان کۆکراوەی کۆمەلێك پێکهاتەی جیاوازە لەوانە مەتریاڵی زێر دەیان رازاندەوە بە بەردی گرانبەها بروانە وێنەی ژمارە ٢٦،٢٧




وێنەی (٢٦) تابوتی فرعون




وێنەی ٢٧ تابوتی فیرعون

ئەم پاشماوەیە لەم شارستانییەتەدا میسر لە پەرستگاکان یان لە ناو کۆشکەکان بە کارهاتوە کە کاهینەکانی پەرستگا بەکاریان دەهێناوە وەك شتێکی پیرۆز کە پێکهاتەکەی لە زیر یان مس دروستکراوە رازینرایەتەوە بە بەردی گرانبەها لە پاشماوە بە جیماوەکانی پاشا ئەم شارستانییەتە میسر کە زۆربەی کەلوپەلەکان لەگەڵ خۆیان دەناشت لە کاتی دۆزینەوەی شوێنەوارەکان ئەو کەلوپەلانە لەگەڵ مردوەکە دۆزرایتەوە زۆربەی شتی

* خشب الجمیز، ناوی ئەم دارە ( الفاکهە ) ئەم جۆرە دارە لە شوێنك دەروی خاکێکی تایبەت بی بە تایبەت لە (مصر و فی بلاد افریقیە بەتایبەتي جنوب الصحرا و شمال مدار الجدی و کمان موجود فی الیمن و فی بلاد الشام.) تایبەت مەندی ئەم دارە درێژی ٢٠ مەترە پانی ٦مەترە بە کاردەهێنری بۆ وەرەقەی تایبەت نەخش زەخرەفەو رازاندنەوە درووست کردنی تابوت
جمیز - المعرفة https://www.marefa.org/جميز

[٦٣] تابع کشف الاثر المحاضرە الثامنة... - مانیتون السمنودي | Facebook-
https://it-it.facebook.com/Maniton/photos/تابع-كشف-الاثر-المحاضره-الثامنةبقلمامحمود-محمد-مندراويمفتش-اثار-مصر-الوسطالتوابي/٢١٤٩٣٦٧٢٥٣٢٩٣٩١/

جوانکاری" پاشماوەیەکی شارستانییەتی دێرینی میسر کە پێکهاتوە لە مەتریاڵی زێرو، زێری سپی بە ناوی (جمعو) نحاس ، (حمت ) بەردی الكريمه ونصف الكريمه بەکاربراوە لەلای میسرییەکان ( بەردی لعقیق) هەروەها (بەردی الدم )، (واللازورد) ، (والزبرجد) ،( واللؤلؤ) ، (والبلور )(الصخری) ، (والفیروز) ،( والكهرمان) ،( للياقوت والماس )"([٦٤]) لەو وینانە دا ئەوە مان بۆ دەردەکەوێت کە لەم شارستانیەتە (میسر) زۆر گرنگیانداوە بە لایەنی جوانکاریو مادەی گرانبەها کە کۆکراوەی چەند مەتریالیك بیت ، بە تایبەتی بەردی اللازۆرد و کریستالی رەنگاو رەنگ . بروانە وێنەی ژمارە ( ٢٨




وێنەی (٢٨) دۆزراوەکانی مەلیك توت عنغ اموون

لە تێروانینێکی تری زانستیدا بۆ کردەی کۆکردنەوە لە شارستانییەتی دێرینی میسر بەتایبەتی لە پۆرترێتی پەیکەری شاژنی( تیی)[*] ئەوە بەرجەستە دەبێت کە توانای کۆکردنەوەی مەتریاڵ قۆناغی بەکاربردنی تێدەپەرێنێ ودەچێتە قۆناغێکی ترەوە کە ئەویش قۆناغی جوانییە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە کۆکرنەوی مەتریالێك زیاتر بایەخی جوانە ناسی دەگرێتە خۆ بەشێوازی مەبەستگەر ، ئەوەی جێگەی ئاماژەپێ کردنە لەم کارەدا ئەوەیە کە جگە لە ڕەهەندی پیشەییەکەی ئەم کردەیە خاوەن خەسڵەتێکی هونەری وردوو پڕلە سەلیقەی هزری هونەریە بەتایبەت رێکخستنی مەتریاڵەکان لەگەڵ ڕەگەزی مێینەدا بەم ڕەهەندە ئیستاتیکیە" ئەم پەیکەرە زۆر ناوازانە کەسایەتی شاژنێکی بەتەمەنی دەرخستوە بەکارهێنانی داری تۆخی درەختی لەگەڵ کانزای بەهادارو بەردی و بۆ درووستکردنی وردەکاریەکان هونەرمەند هاوتایەکی ناسکی بە ئەنجام گەیاندووە لە نێوان روخسارەکاندا نیشانەکانی تەمەن بە کارهێنانی داری حەیزەران و مەرمەر سپی چینراو بۆ برۆکانی پەیکەرەکە بە دووقۆناغ نەخشە رێژی دا تێپەریوە سەرەتا شاژن خشلی زێری لەبەر بوە سەرپۆشێکی زیوی هەبوە بە کۆبرای لە زێر ڕازێندراوە کە دواتر ئەم سەرپۆشەی لە ژێر بارۆکەکەی شاردۆتەوە کە رازێنراوەتەوە بە دنکە مۆری شوشە و

---

[٦٤] صدى البلد: أثري: المصريون القدماء عرفوا "الحلي" منذ عصر ما قبل التاريخ.. وبرعوا في صناعتها
http://www.elbalad.news/show.aspx?id=1302495

[*] شاژنی تیی : و تیا و تی شاژنی مەلیکی میسر بوو دایکی ئاخناتنی ژنی سەرەکی ئامنهوتبی سێیەم بوو " گۆفاری شێوەکاری ژمارە ١٩ لاپەرە ٦٨ هونەری دیرینی میسری نوسینی H.W. Janson وەرگێرانی لە ئینگلیزیەوە بۆ کوردی ،عەباس عەولا عومەر

تاجێکی بە پەرە موچەی رازاوەی لە سەربوە "([65]) .لەو کردە هونەریەدا پێکهاتەی  کۆکردنەوە ی مەتریاڵ بە روونی بەرچاو دەکەوێت کە چەندین مەتریاڵی جیاوازو بەرچاو لەو کردەیە بە کارهاتوە بۆیە بروانە وێنەی  (٢٩)




وێنەی (٢٩) پەیکەری شاژنە  تیی لە مەدینەی الغراب ،لە دەوروبەری ١٣٥٢ پ_ز– دار و دار حیزەران ،شوشو و زێر ، زیو ، بەردی بەنرخی لا پیز ، لازولی ، قور ، شەمیٚ ، بەرزی یەکەی ٩.٤ سم مۆزەخانەی نیشتمانی لە بەرلین ،کەلتوری پیرۆس مۆزەخانەی میسر

تایبەتمەندییەکانی چەمکی کۆکردنەوە لای شارستانیەتی دیرینی  میسری .:

١– بەکارهێنانی زیاتر لە مەتریالێك لە کەرستەو کەلوپەلو لە پێداویستیەکان دا بەهۆکاری جوانکاری بەتایبەتی لە خشلٚ و زێرِدا .

٢–  پیرۆز راگرتنی تابوتەکان کە شوێنی مانەوەی هەتاهەتای خەڵکی ناودارو پاشاکان بووە، بە مەتریاڵی جیاواز کە جگە لە مەبەستە باوەڕداریەکەی بۆخۆی دەکریٚ وەك کردەیەکی هونەری ئەژمار بکرێت .

٣– دیاریکردنی پێگەی کەسایەتی لە ڕوی ئاین ، کۆمەڵایەتی، سەربازی، واتە بەدەست نیشان کردنی چین و توێژی خانەدان لە رێگای مەتریالە بەنرخ و ناوازەو سەرنج ڕاکێشەکانەوە .

[65] " H.W. Janson : هونەری دیرینی  میسری ، گۆفاری شیوەکاری ، وەرگێرانی لە ئینگلیزیەوە بۆ کوردی ،عەباس عەولا عومەر ،ژمارە ١٩ لاپەرە ٦٨

٥– چەمکی کۆکردنەوە لە شارستانییەتی دێرینی عێراقی :.

عێراق وەك جوگرافیایەك خاوەن پێکهاتەیەکی کانزایی جیاواز سەرچاوەی مانەوەو دەستپێکردنی ژیانە لە لایەنی کۆمەڵگەکەیەوە، کە لەمێژووی شارستانییەتی رۆژهەلات و جیهاندا خاوەنی پێگەیەکی پڕ بەهای هزرو ژیان دۆستیە وە پاشماوە دێرینەکانی گەواهیدەری ئەم راستیەن، گرنگە لەڕووی پێکهاتەی جوگرافیاوە ئاماژە بەبونی توخمە جیاوەزەکانی نێو پێکهاتەی ئەم نیشتیمانە بکەین کەلە خۆی دا ئەوراستیە دەسەلمێنی کە سروشت بۆ خۆی کۆکراوەیەکی توخم ئامێزە کە دەتوانین لە مەتریاڵی جیاوازدا پۆلینیان بکەین کە بریتین لە ( ئاو ، خاك ، نەوت ، گاز، بەرد، کبریت ،ئاسن ، زێڕ،هتد......) ئەم پێکهاتانە هۆکاری سەرکی و گرنگن بۆ بنیاتنان و بەردەوامی ژیان و شارستانییەت ، " پێکهاتەی خاکی عێراق دەوڵەمەندە بە زۆر خامەی جۆراو جۆر نمونە مەتریاڵی کبریت و سودیوم لە پارێزگای سەلاحەدین )(مەتریاڵی فۆسفات پارێزگای الانبار ) مەتریاڵی خوی لە پارێزگای موسل ) بەردی کلسی پارێزگای الانبار مینا نجف موسل کوردستان ) بەردی الدولورایت پارێزگای الانبار مینی ) (بۆرك و جێچ ) پارێزگای موسل کەرکوك سەلاحەدین نەوت زۆربەی پارێزگایەکان " ([٦٦]) لێرەوە گرنگی ئەوە بەدردەکەوێت کە نیشتمانی عێراق نیشتمانی ژیانە ژیانیش ئەوروبەرەیە کە مرۆڤ تواناکانی لە رووی هزرو پیشەو باوەڕداری و زانست و ئەدەب و کلتورەوە تیا تۆماردەکات کەواتە شارستانییەت بۆخۆی بە شێوەیەکی گشتی مێژووی دەستکاریکردنی مرۆڤ تۆماردەکات لە چرکەساتەکانی بونیدا و دەتوانرێ لەرێگای هەموو ئەو بەرهەمانەی کە بەدرێژایی مێژووی ژیان و قۆناغەکانی بەرەوپێش چونیان دیاری بکەین و ئاستی بیرکردنەوەو واتای بوون لە باوەرداری ئەوان بزانین، لێرەوە دەکرێت ململانێی نێوان سروشت و مرۆڤ یەکەم دەستپێکی دڵەڕاوکێی مرۆڤ بووبێ لەتەك کارەساتە سروشتیەکاندا کە بەهۆیەوە مرۆڤ لەکەسێکی بێ باوەڕەوە دەبێتە باوەڕدارێك لەبەردەم هێزێکی سروشتیدا جگە لە شرۆڤەی ترس و پاراستن هیچ دەرفەتێکی دیکەی نەبووە بۆیە پەنا بۆ رازیکردنی دەبات لەرێگای پێشکەشکردنی ناوێك یان شوناسێك بۆ ئەو هێزە و دواجار مەزنکردن و لە دواجاردا بەپێی قۆناغی بەرەو پێشچوون و گەشەکردن لە هزریدا و لە رێگای ئامڕازو سونبولەوە خرایە خانەی پیرۆزکردنەوە، کردەکانی دەستی مرۆڤ لە شارستانییەتی ئەم نیشتمانە دا ئەوەمان بۆ دەسەلمێنن کە بۆ هەریەکێك لەو هێزانە خواوەندێکی درووست دەکردو لە چەندین پێگەی جیاواز دا دەستنیشانی بەرزی و مەزنی دەکراو لە سروتی باوەڕداری جیاوازدا و لە رۆژی تایبەتدا مەزن دەکران، ئەوەی گرنگە بۆ باسی توێژینەوە کە ئەوەیە هیچ یەکێك لەم ئامرازو سونبولانەی بەبێ بوونی مەتریالێك یان زیاتر بەرجەستە نەدەکران ئەمەش وایکردوە توانا پیشەیی و دەستییەکانی مرۆڤ بە شێوازێکی پڕ لە بەهای جوانی و بە سەلیقەی وردەوە

[٦٦] واقع الثروة المعدنية في العيراق وافاق تطويرها .
https://uotechnology.edu.iq/dep-production/ext_files/metallic.pdf

بەرجەستەبێت، بۆ ئەمەش مرۆڤی ئەم شارستانییەتە هەوڵی ئەوەیداوە لە(فۆرمی جیاواز و مەتریاڵی جیاوازو بە شێوازی جیاوان) گوزارشتەکانی خۆی بخاتەڕوو ئەمەش وادەکات پرۆسەی بنیاتنانی هەرکردەیەکی پیشەی هەلگری پەیامێك یان گوتارێکی خودی بووە کە هەوڵیداوە لە دووتویێ پەیکەرێك ئاماژەکان تۆماربکات لە رێگای بەکاربردنی مەتریاڵی جیاواز لە یەك کردەدا سەیری وێنەی ( ٣٠،٣١ ) .







(وێنەی ٣٠ تمثال الحاكم "إيبيه - إيل ٠_ ٢٣٤٠ ق ٠ م       ( وێنەی ٣١ انخیدۆ کوری مەلیك سەرجۆن )

بەرزی ٥٢.٥سم ٢٠.٦سم ٣٠سم لە مۆزە خانەی لۆفەر لە فەرنسا )

شارستانییەتی دێرینی عێراق یەکێکە لە شارستانیەتە گرنگەکان، لەرووی کردەی کۆکردنەوەی مەتریاڵی جیاواز بەکارهێنانی لە کردەی جیاوازدا لە بوارەکانی ( ئامێری میوزیك ، کەرستەی جۆراوجۆر وەك خشل و جوانکاری خانەوادەی پاشاکان ، کەلوپەلی سەربازی، جلوبەرگو، دەرگاو پەنجەری کۆن، مۆری لولویی، بیناسازی) هەریەك لەو کەلوپەلانە لە چەندین کردەی کۆکردنەوەی مەتریاڵی جیاواز پێکهاتوون، بۆیە شارستانییەتی عێراق مێژووی دەستپێکردنی دەگەرێتەوە بۆ شارستانییەتی بەردینی نویێ ئەو شارستانەییەتە سەرەتا  پێدەلێن شارستانیەتی پێش نوسین واتە رووداوەکان تۆمەر نەکراون پێش دۆزینەوەی نوسینی بزماری سەردەمی شارستانییەتی سۆمەری، لە شارستانییەتی سۆمەریدا ئەو دەسەلمینی کە مرۆڤ لەو شارستانییەتە بەرەو پێش چونێکی بەرچاوی بە خۆیەوە دیوە بە تایبەت لە کردەی کۆکردنەوەی مەتریاڵی جیاوازو کۆکردنەوەیان لە یەك فۆرمدا، ئەوەیش لە ئامێرێکی میوزیك ژەنین دا کە یەکێکە لەو کارە دەستیانەی کە ئەو شارستانییەتەی پێدەناسریتەوە، ئەو ئامێرە ناوی *(قیثارةي سۆمەری) یە، یەکێکە لە پاش ماوە بەجیماوەکانی شارستانییەتی دێرینی سۆمەرییە پێکهاتەی

---

* قیثارة ، ناوی قیپارە ی سۆمەریە یان قیثاري اور ئالەتیکی میوزیکە لە مێژوو دا  ئەو ئامێرە لە خواروی بلادی الرافدین لە گۆری مەلیك اور لە سالی ٢٤٥٠ق م  لە سالی ١٩٢٩م لە مۆزەخانەی العیراق لە هۆلی سۆمەری دانراوە ئەم ئالەتە پێك هاتوە لە سندوقێکی داری کە بەرزیەکەی ٦٥ سم درێژیەکەی ٣٣ سم وە ئەستوری ٨ سم وە هەروەها پێك هاتوە سەری گایەکی بە زێرو بەردی اللا زۆرد بۆ جوانکاری " الارشيف الاثاري الصوري - Sumerian Lyre - قيثارة سومرية - Iraq

ئەو ئامێرە میوزیکە کۆکراوەی چەند مەتریالێکی جیاوازە بەلاّم بەمەبەستی رازاندنەوە و جوانکاریو ژەنینی ئامێرەکە دێت " لەو کەلوپەلە دۆزراوانەی کەلە شارستانییەتی سۆمەری دۆزرایەوە لە گۆری پاشای أور کە کاری دەستیە کەلوپەلی جوانکاری تێدا بەکارهاتوە ئامێری میوزیك ژەنینن قیثارةي سۆمەریە کە مەتریالّی بەکارهاتو لەو ئامێرەدا ( زێر و دارو بەردی (اللازورد) وە العقیق و بەرد و ئاسن و وەتەر "(٦٧) .ئەو مەتریالانەی لەو ئامێرەدا کۆکراوەتەوە وەك سندوقێکی دار بۆ دەنگی ئامێرەکە وەتەری ئامێرەکە کە مەتریالّی تەلی باریکە سەری گایەك لە زێر لە پێشەوەی ئامێرەکە بۆ جوانکاری بەردی اللازورد و القیق و ئاسن لە چواردەوری ئامێرەکە. وەك لە وێنەی (٣٢) بە دەردەکەوێت .




وێنەی ژمارە (٣٢) قیثارةي سومەری لە ناو گۆری مەلیك اور دۆزراوەتەوە لە سالی ٢٤٥٠ ق م

کردەی کۆکردنەوەلای سۆمەریەکان پەل دەهاوێ بۆنێو کەلوپەلەکانی جوانکاری و خشل و جلوبەرگی پاشا و تاجی پاشا خۆی دەبینیتەوە ئەمانە هەمووی کاری دەستن بەکارهێنانی چەند جۆر مەتریالّێك بەکاربردنی لەگەلّ یەکداو بە مەبەستی جوانکاریو رازاندنەوە دێت بۆیە بە کارهێنانی مەتریالّی گرانبەهاو جوان بۆ پاشاکان بەتایبەتی لە کلاوی سەرو ملوانکەو بازن و ئەنگوستیلەو گوارەو جلوبەرگی دا ، " لە گۆری پاشای سۆمەریدا کۆمەلیك خشل و جوانکاریو لە گۆری پاشای اور لە سالی ٢٤٥٠ق م دۆزراوەتەوە کە لە زێرو العقیق بەردی اللازورد رەنگاورەنگ پێکهاتوە وە لە سەریشی کلاوی زیری کەلە سەرو پرچی دەنا و ملوانکە ئەنگوستیلە و بازن دۆزراوەتەوە "(٦٨) سەیری وێنەی ٣٣و٣٤

---

https://www.iraqinhistory.com/91-sumerian-city-states-early-dynastic-period/detail/11145-66a-su...

٦٧ د.شمس الدين فارس ، د.سلمان عيس الخطاط: تاريخ الفن القديم ، دارالكتب الطباعة والنشر ، دار المعريفة ،الطبعة الاول ،١٩٨٠ ،ص ٤٩

٦٨ د.فرج بصمة چي :كنوز التعف العراقي ،وزارة الاعلام السلسة الفنية ، مديرية الاثار العامة بغداد ،ص ١٦٨







وێنەی ٣٣پاش ماوەکانی جوانکاری نمرود لە گۆردا  وێنەی ٣٤ جوتی گوارە پاشماوەی  شارستانیەتی بلادی رافیدین

مرۆڤی سۆمەریی خاوەن سەرنجێکی وورد بوون بۆ بنیادنان و بەرجەستە کردنی هەرپێداویستێیەك بە تایبەت ئەوانەی دەچنە خانەی جوانکاری پاشا و شاژن و خانەوادە گەورەکانەوە، لێرەدا ئەوە بەدەر دەکەوێ کە مرۆڤی سۆمەری بە تەنها بە مەتریالێك ڕازی نەبوو لە کردەیەکدا بە کاری بێنێت بەڵکو پەنای بردۆتە بەر بەکارهێنان و بە کاربردنی زیاد لە مەتریالێك ئەمەش ئەوراستیە دەردەخات کە خاوەن تێروانینێکی جوان ناسی بە هێزبوون لە ڕوی بەکاربردنی کانزاوبەردە جیاوازەکان بە تایبەت ئەوانەی مەبەستی رازاندنەوە بەکاردەهێنران ،

تایبەتمەندییەکانی چەمکی کۆکردنەوە لە شارستانییەتی دێرینی  عێراقی .

١- گرنگیدان بەلایەنی جوانکاری پەیکەرەکان وەك پیرۆزی کەسایەتیەکان یان خواوەندەکان ئەویش کردەی کۆکردنەوەی چەندین مەتریالی جیاواز  لەیەك کردەدا وەك ( مەرمەری سەدەفی ، بەردی الازورد ، مەتریالی قیر ، ئاسن )

٢- گرنگیدان بە ئامێری میوزیك بەتایبەتی ئامێری (قیثارة ) کە جگە لە وەی ئامێرێکی میوزیکە کاری دەستە، چەندین کردەی کۆکردنەوەی مەتریالی تێدا بە کاربراوە لەوانە ( مەتریالی ئاسن ، دار ، زێر ، بەردی الازورد ، بەردی العقیق ، وەتری قیثارة  ، )

٣- گرنگیدانی زیاتر بە لایەنی جوانکاری پێداویستیەکانی رۆژانە بە تایبەت بۆ ئافرەتەکان  بە کاربردنی زیاتر لە مەتریالێك تێدا وەك ( زێر ، بەردی لازورد ، بەردی العقیق ، مۆرو ، یاقوت و )

٦–چەمکی کۆکردنەوە لە شارستانییەتی دێرینی ڕۆمانیەی :.

شارستانییەتەکان بەگشتی لەقۆناغ گەلێکی مێژوویدا بە هەموویان ئەوە نیشاندەدەن کە مرۆڤ بەپێی قۆناغەکانی پێگەیشتن بە تێگەیشتن لە بەردەوامی گەڕاندا توانیویەتی جیاوازی لەڕوی چەندایەتی و چۆنایەتی یەوە تۆمار بکات پاشماوە بەجێماوەکانیان لەڕوی پیشەیی و کاری دەستەوە بایەخ داری ئەوان دەسەلمێنی، شارستانییەتی دێرینی ڕۆمانی وەرچەرخانێکی ترە کە پێگەو بەهای شارستانییەتی مرۆڤ بەرز ڕادەگرێ ، کایەجیاوازەکانی وەك ( بیناسازی ، سەربازی ، ئاینی ، بازرگانی ، زانستی ) گەواهی دەری ئەو ڕاستیەن، پێگەی جوگرافی ڕۆمانیا لەڕوی پێکهاتەی جوگراف یەوە گرنگی و کاریگەری خۆی هەیە لەسەر گەشەو بەرەو پێشچونیەوە هەربۆیە خاوەن مێژوویەکی دەوەلەمەندە"بەپی لیکۆلینەوەکانی مێژوو وە قسەی زانایانی شوینەوار ناس ئەم شارستانییەتە ( ڕۆما) توانی دەست بە سەر هەموو دوورگەکانی ئیتالیا دابگریت لە بەشی خوارەوە تا (فلۆرنسا)ش ، ئەم شارستانییەتە ( روما) لە سالی ٢٧٥ ق.م. لە ماوەی دوو سەدەدا شارستانییەتی ڕۆمانیە توانی بناغەی ئیمپراتۆریەکەی دابمزرێنی بەتەوای لە ئیسپانیاو خاروی ئاسیاو وەك ( سوریا ، لبنان ، ئوردن ) وە لە ڕۆژ هەلاتی ئەفریقیاو زۆربەی ناوچەکانی ئەوروپا شارستانییەتەکەی بلاو بکاتەوە لەگەڵ سود وەرگرتن لە ڕۆشنبیری ئەغریقی"([٦٩]) ، ڕەهەندی توندوتۆڵی و تۆکمەیی ، ڕەهەندی بەکاربردن، ڕەهەندی جوانی، ڕەهەندی سەربازی، ڕەهەندی پیرۆزی )گرنگیدانی ڕۆمانیەکان بەلایەنی سەربازی ڕوویەکی تری شارستانییەتی ئەوان نیشان ئەدا ، کە لەم بوارەدا خاوەن پێگەیەکی بە هێزبوون، چەك و پێداویستیە سەربازیەکان ئەو ڕاستیە دەسەلمێنی کە ڕۆمانیەکان لەڕوی پێکهاتەی سەربازیەوە جیاوازن لە شارستانییەتەکانی پێش خۆیان، خاوەن داهێنانی گرنگ بوون لە دروستکردنی کەرستەی سەربازی وە هەروەها خاوەن هێزی زەمینی و دەریاییبوون کە بۆ هەر دامەزراوەیەکی سەربازی پێداویستی تایبەت بە خۆیان هەبوو لەڕوی سەربازیەوە، ئەم فراوان بوونە لەڕوی سەربازیەوە وادەکات پێداویستیە سەربازیەکان بە شێوەی جیاواز بەرهەم بهێنرێ وە شێوەی جیاواز لە ڕوی ( قەبارە، شێوە ، توانا ، بەکاربردن ) کە ئەمانە هەموویان لە مەتریاڵی جیاواز بەرهەم دەهێنران ." لە ڕوی سەربازیەوە زۆر بەهێزبوو لە جیهان توانی گۆرانکاری زۆر بکات لە ڕووی ڕێك یەخستنی هیزەکانی بە شێوەی تایبەت و وە کەلوپەلی سەربازی بکات، بە تایبەتی ئەو گۆرانکاریە گەورەیە لە سالانی ٨٠٠ ق.م. هەتا ٤٧٠ق.م وە نەتیجەکەشی ئەو داگیرکردنەوە رزگارکردنانەبوو کە کردی لە ئاسیاو ئەفریقاو ئەوروپا ، هێزی ڕۆمانی دابەش دەبیت بۆ دووبەش ( وشکانی ، ئاوی ) کۆمەلێك کەلوپەلی سەربازی نوی داهێناوە ( مەنجەنیق ) و ( بورج ئابلوقە

[٦٩] Tenney. Frank (1930) . Life and Literature in the Roman Republic, Berkeley California . University of California Press. P . 132—" روما القديمة – المعرفة .
https://www.marefa.org/روما_القديمة

) و ( تەلە ) ( درعی تایبەتی ) ( شمشێری ) ( جۆرە ئامێریك بۆ شكاندنی دەرگاو بەربەستی دووژمن ) " ( ٧٠ )
.سەیریری وێنەی و ٣٥،٣٦ بكە پێكهاتەی ئامێری سەربازی شارستانییەتی دێرینی ڕۆمانی .




وێنەی ٣٥ تیرو كەوان ڕۆمانی )




وێنەی ٣٦تەورداس ئامێریكی جەنگی ڕۆمانیە)مەتریال دار

" كەرستەی سەربازی لە شارستانییەتی ڕۆمانی دا نمونە تیروكەوان كە بۆ ڕووبەڕوو بونەوەی دوژمن بە كار دەبرا لە جەنگەكان پێكهاتوە لە مەتریاڵی دار و برۆنز قایش یان پێستەو ئاسن "( ٧١ ) لەم جۆرە چەكە لە شارستانییەتی ئەغریقیش بە كارهاتوە بۆ یە ڕۆمانیەكان سودیان لێ بینیوە ، جیاواز لە كەرستەی سەربازی ئەو كەرستانەی كە بۆژیانی ئاسایی یان ژیانی ناو كۆشك و تەلارەكان گرنگی تەواو دراوە بە بەكاربردنی زیاتر لە مەتریاڵێك لە درووستكردنیدا، لەشارستانییەتی دیرێنی ڕۆمانی كاری جوانكاری زینە زۆر گرنگی پێدراوە بۆ خانەوادەی پاشا یان چینە بەرزەكان ناو كۆمەلگا وەك ئەرستۆقراتی بۆ پیاوان ئافرەتان بە كاربردنی بەردی الازوردی كریمی و زێرو ئاسن و شوشە كۆكردنەوەیان بەیەكەوە لە یەك شێوەدا كە ملوانكەیە " شارستانییەتی دێرینی ڕۆمانی لەجوانكاری ڕۆمانی گرنگی زۆریان بە بەردی كرێمی الازوردی داوە وە شوشەو جۆراو جۆری ئاسن و زێر داوە " ( ٧٢ ) بروانە وێنەكانی ٣٧،٣٨ پێكهاتەی جوانكاری شارستانییەتی ڕۆمانی

---

٧٠ Several Authors. History of The Roman Legions: History of Rome. Self-Publish, 2015
نسخة محفوظة ١٧ فبراير ٢٠١٨ على موقع واي باك مشين. - التاريخ البنائي لقوة الرومان العسكرية - Wikiwand
https://www.wikiwand.com/ar/التاريخ_البنائي_لقوة_الرومان_العسكرية

٧١ Campbell 2003, pp. 3ff.; Ober 1987, p. 569; Hacker 1968, p. 37; Lewis 1999, p. 159; de Camp 1961, p. 241 - Gpedia, Your Encyclopedia - Wikiwand– Gastraphetes .
https://www.wikiwand.com/en/Gastraphetes

٧٢ المجوهرات والحلي رمز خاص للثقافة حول العالم | مجلة سيدتي
https://www.sayidaty.net/node/625336/أسرة-ومجتمع/تحقيقات-الساعة/المجوهرات-والحلي-رمز-خاص-للثقافة-حول-العالم




وێنەی ٣٧ ملوانکەیەیکی پاشماوەی رۆمانی



وێنەی ٣٨ پاشماوەی جوانکاری شارستانییەتی رۆمانی

شارستانییەتەکان وەك ئەوەی کە شوێنی دەستی مرۆڤن لە قۆناغ گەلێکی مێژوویدا ئەویان نیشاندابن کە ئەوان لە زنجیرەیەك قۆناغی مێژوویدا لە بونیادنانی شارستانییەتەکانیاندا بە جیاوازیەکی زۆری چەندایەتی و چۆنایەتی یەوە وێنای هەوڵەکانیان لە پاشماوەو بەجێ ماوەکانیاندا بە تۆمارێکی بینەیی گوزارشت گەرای بە کاربراودا بەرهەمهێناوە کە ئەمرۆ وەك مێژوویەك مامەڵەی لەگەڵدەکرین کە شرۆڤەکردنێکی زانستی هونەریە وە لەم وەرزی شرۆڤە کردنەدا ( کۆکردنەوەی مەتریاڵەکان و بەکاربردنیان ) دەبێتە جێگەی مشت و مڕی زانستی هونەری بەتایبەتی شارستانییەتی ڕۆمانیەکان لەم هەوڵەدا پربایەخبوون، بەجێماوەکانی کە پاشماوەی شارستانییەت پێکدێنن ڕەنگە هەموویان بەهۆکاری هونەری ئەنجام نەدرابن ، بەڵام بونیادی زانستی ئێستە و زۆر تایبەتیش زانستی هونەر بایەخی خۆی هەیە و وەك پرسێکی زانستی هونەری لە خانەی جیاوازدا شرۆڤە دەکرێ .

تایبەتمەندییەکانی چەمکی کۆکردنەوە بەکاربردنی مەتریاڵ  لەلای شارستانییەتی دێرینی رۆمانی .

١- گرنگی زۆر دراوە بە کەرستەی سەربازی بە تایبەتی (ئامێری جەنگی بە هێز و ، شمشێرو ، تەورداس ) کە تێدا چەندین مەتریاڵی جۆراو جۆر تێدا بەکاربراوە بۆ درووستکردنیان لەوانە ( دار ، ئاسن ، حەبل ، زنجیر ، نوحاس ، شوشە ) تێدا بە کارهاتوە .

٢- بەکارهێنانی مەتریاڵی جیاواز لە کاری جوانکاری وەك ملوانکە کە تێدا چەندین مەتریاڵی جیاواز تێدا بە کارهاتوە لەوانە ( بەردی الازوردی سپی ، سەوز ، قاوەی ، سور ، زێر ) .

### ٧.کردەی کۆکردنەوەی مەتریالّ لەلای شارستانییەتە جیاوازەکانیدی:.(فورس ، عوسمانی، ئیسلام ، چین، ویابانی)

پێگەی نەتەوەی (فارس) لە نێوەندی نەتەوەکاندا خاوەن ئەژمارێکی بلّندە، ئەمەش بە بەردیدگرتنی هەولّو تێکۆشانەکانی ئەو نەتەوەیە لە بوارەکانی شارستانییەتدا کە توانیویانە بە هێزێکی بینەی پڕلە سرنج و ووردبینیەوە لە وێناکردنی پێداویستیەکاندا ئەوە تۆماربکەن کەلە ئێستای ئەمڕۆو داهاتوشدا بوون و دەبنە جێگەی شرۆڤەکارانی نێو بزاڤ زانستی هونەری کەلە ئاکامدا وەك گەواهی دەری مێژووی شارستانییەتی نەتەوەی فارس بە پێوە ڕادەوەستی، شارستانییەت بەوەی کە دەستکاری مرۆڤە لە ڕێگەی هەلّێنجانی مەتریالّەوە، لە سروشتدا ئەوەندەش زیاتر بەر کاریگەربوون دەکەویّ لە جوگرافیایەکەوە بۆ جوگرافیایەکی تری، ئەمەش بەپێی پەرینەوەو تێکەلّ بوونە بازرگانیانەوە بووە کە لەنێوان نەتەوەو کلتورە جیاوازەکاندا ڕوویانداوە ، ئەمەش لەهەر قۆناغێکدا بەپێی قەبارەی کاریگەربوون وەرچەرخان و گۆرانکاری لە شارستانییەتە کانیاندا ڕوویانداوە، گومان لەوەدانییە سەرەتای گۆرانکاری و کاریگەر بوونەکان لە جلوبەرگ و کالاّ و پێداویستیە کاندا بەرجەستەکراوە وە زیاتریش لە بوارەکانی سەربازی و ئاینی و کۆمەلایەتی رەنگی داوەتەوە، شارستانییەتی فارس گرنگی زۆریانداوە بە جلوبەرگی و کەلوپەلەکانی پاشاکان، یەکێك لە پاشماوەکانی پاشای فارس تاجی سەریتی کە بۆ بۆنەو ئاهەنگ وچون بۆ شوێنان لەسەری دەنا ، ئەم پاشماوە یە کۆکراوەی کۆمەلێك مەتریالّی جیاواز لەوانە مەتریالّی بەردی کرێمی، مەتریالّی ئەلماس مەتریالّی زێر و مەتریالّی زیو مەتریالّی مۆرو مەتریالّی قوماش مەتریالّی پەرە مەچەی ئاژەلّ " یەکێك لە بە بەنرخترین پاشماوەبەجیّ ماوەکانی شارستانییەتی (فارس ) تاجی پاشا بوە کە لە کاتی بونەو مەراسیمەکان یان لە هۆلی حەسانەوە دەیکردە سەری ئەم تاجە پێکهاتوە لە کۆکراوەی کۆمەلّێك مەتریالّی جیاواز وەك ( بەردی کریمی بایەخدار، ئەلماسی دەریای، الماس پەمەی، مۆرو لەگەلّ پەرە مووچەی ئاژەلّ "([٧٣]) بۆزیاتر ناسینی ئاستی شارستانییەتی (فارس ) وە لە ناویدا بەکاربردنی مەتریالّی جیاواز لە کردە دەستیەکاندا بەدیدەگرتنی هۆشیاریە لە دەستنیشانکردن و بەکاربردنی جۆری مەتریالەکان و گونجاندنیان بە پێی شوێن وپێویستی شێوەکان، نمایشکردنی مەتریالّەکان وەك رەگەزێکی. بڕوانە وێنەی ٣٩ ، تاجی پاشی ئێران

---

[٧٣] متحف إيران الوطني للمجوهرات – المعرفة – https://www.marefa.org/متحف_إيران_الوطني_للمجوهرات



وێنەی ٣٩تاجی پاشای ئێران

توانیویەتی پارێزگاری لە بونیادی خۆی بکات ئەمەش ڕاگەیاندنێکی هەستیارانەی هونەری نیشاندەدات لە نێو جەستەی شێوەکاندا، لە سرنجێکی وردو دامەزراندنی یەکێك لە پاشماوە دەستیانە دەخەینە ڕوو کە ( گۆی زەویە) و جێگرکراوە لەسەر بنچینەیەکی ئەندازەی کە هاوسەنگە و تەواوکەری یەکترن، ئەویش پاشماوەی گۆی زەوێکە کە کۆکراوەی چەندین مەتریاڵی جیاواز تێدا بە کارهاتوە کە جێگای تێرامانە، لەو پاشماوە بە جێماوەدا مەتریاڵی زێر و مەتریاڵی یاقوت و مەتریاڵی ئەلماس و مەتریاڵی بەردی زمرود چەندین مەتریاڵی تر بە کار براوە ." تۆپی زەوی یان گۆی زەوی لە پاش ماوە بەجێماوەکانی شارستانییەتی (فارسە) کە پێکهاتوە ٣٤ کیلۆ زێر ، نەخشێنراوە بە ٥٠ هەزار پارچە لە ( یاقوت ، الماس ، بەردی الزمرود پیرۆزی ) "([٧٤]) سەیری وێنەی ٤٠ بکە پێکهاتەی پاشماوەی گۆی زەوی .



وێنەی ٤٠ پاشماوەی گۆی زەوی

[٧٤] سرزمین گنج‌های ایران/ از الماس دریای نور تا کره جواهرنشان + ...
https://www.yjc.ir/fa/news/7337866/سرزمین-گنج-های-ایران-از-الماس-دریای-نور-تا-کره-جواهرنشان-تصاویر

لە نێو شارستانییەتەکاندا شارستانییەتێکی دیکە دێتە بوون ئەویش شارستانییەتی عوسمانییە کە لە وولآتی تورکیای ئێستادا بونیادنراوە، رۆڵی ئەم بزاوتە بەرچاوەو گرنگ و بەهای مێژووی بەخۆیەوە گرێداوە، ئەوەی گرنگە پێگەی شارستانییەتی عوسمانی لەو دەسەلآتەوە سەرچاوەدەگرێ کە خاوەن ئیمپراتۆریەتێکی بەهێزبووە لەڕوی سەربازیەوە کە ئەمەش هۆکاربووە بۆ پەلهاوێشتن دەسەلآتەکەی بە چواردەوریدا ، ئەمەش توانای کاریگەر بوون و کارتێکردن لەئاست شارستانییەتدا زیادەئەکا و لەگەڵ هەرفراوان بونێکدا بەرهەمی شارستانییەتەکە جۆراوجۆرو جیاوازتردەربکەوێ، ئەم پێگەیە وادەکات پێداویستیەکان هەنووکەیین و لە شێوازی جیاوازو بە توانای وردبینیەوە دەستکاریەکانیان لە دامەزراندنی کەرستەکاندا بەتایبەت کەرستەی سەربازی رەنگی داوەتەوە، لەم شارستانییەتەدا کۆمەلێك پاشماوی گرنگی بە جێ هێشتوە کە بە شوناسی ئەم شارستانییەتە دادەنرێت، لەم پاشماوە بە جێماوانەی کە لەم شارستانییەتە ماوەتەوە تاجێکی پاشا سلیمانە کە یەکێکە لەو پاشماوانەی کە زۆرترین کردەی کۆکردنەوەی تێدا بە کاربراوە وەك مەتریاڵی زێر مەتریاڵی مرواری مەتریاڵی بەردی زمرود مەتریاڵی پەرە مووچی ئاژەڵ مەتریاڵی بەردی کرێمی " تاجەکەی پاشا سلیمان دروستکراوە لە مەتریاڵی زێر و بەکاربردنی مەتریاڵی (مرواری، بەردی زمرود، بەکارهێنانی پەرە مووچە، بەکاربردنی بەردی کریمی) تاجەکە لە چوار چین پێکهاتوە"([٧٥]) سەیری وێنەی و٤١بکە پێکهاتەی تاجی پاشا سلیمان شارستانییەتی عوسمانی.




وێنەی (٤١ ) تاجی پاشا سلیمان

بەکاربردنی مەتریاڵی جیاواز لە شارتانییەتی عوسماني دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەدیقەو لیهاتوەی کە کەسانی ناو ئەم شارستانییەتە هەیان بوە زۆربەی پێداویستیەکانی ژیانیان رازاندۆتەوە بە زیاتر لە مەتریاڵك، بە جێماوێکی تری ئەم شارستانییەتە سندوقێکی کە رازێنراوەتەوە بە کۆمەلێك مەتریاڵی جیاواز وەك، بەردی کرێمی بەردی زمرود یاقوت ئەلماس مەتریاڵی مرواری و مەتریاڵی مرجان " پێکهاتەی سندوقەکە بۆ سەردەمی پاشا سلتان قانونی دەگەریتەوە لە سالی ١٥٣٢، تێدا بەکاربردنی مەتریاڵی ( بەردی کرێمی ، بەردی زمرود، یاقوت، ئەلماس،

---

٧٥ تاج السلطان سليمان - harimalsultan - WordPress.com .
https://harimalsultan.wordpress.com/2012/12/03/تاج-السلطان-سليمان/

مرواری، مرجان ) بەکاربراوە ئەمانە هەمووی گەوهەری دەوڵەتی عوسمانین بۆیە دەوڵەتی عوسماني کاریگەری رۆژئاوای لە سەربوو " ([٧٦]) .سەیری وێنەی ٤٢ بکە پێکهاتوی سندوق پاشماوەی شارستانییەتی عوسمانی



وێنەی ٤٢ پاشماوەکی سندوقی عوسماني

هەر لە میانەی ئەم شرۆڤەکردنەدا بەربونیادێکی دیکەی شارستانی دەکەوین کە دامەزراوە لەسەر هزری یەکتاپەرستی لە باوەرداریدا ئەویش هەزری ئیسلام وەك بونیادێکی هزری کە وەرچەرخانی درووست دەکات لە باوەرداریدا و یەك تا پەرستیدەکات پرۆژەیەکی گشتگیرو لە رێی پرنسیپی جیاوازەوە پیادەی دەکات ، پۆلین کردنی جێگا بۆ باوەرداریەتی و ئەنجامدانی یەکتاپەرستی و جێبەجێکردنی ئەرکی ئاین ،لە سەردەمی ئیسلامدا گرنگی زۆریان داوە بە بواری جوانکاریو رازاندنەوەی کەلوپەلەکان ئەو مەتریاڵانەش لە رێگای بازرگانی کردنەوە دەهاتنە ناو ئەم شارستانیەتە و یان لە رێگای ئازاد کردنی دەوڵەتان بە جیماوی شەر ،"بەکاربردنی مەتریاڵی یاقوت و بەردی شین لکاندنی بە مەتریاڵی زێر و بە کاربردنی مەتریاڵی نوعاس " ([٧٧]) بۆیە لەشارستانییەتی ئیسلام دا بەهۆی شەروشۆرو داگیرکردنەوە چونیان بۆ زۆربەی شوێنی جیاجیا سودیان زۆر لە کەلتورو لایەنی رۆشنبیرو بەکاربردنی مەتریاڵ و کەلوپەلی پیشەی وەرگرتوە بۆتە هۆی هێنانی ئەم کەلو پەلانە بۆ ناوشارستانییەتی ئیسلام بازرگانی کردن پێوەی .سەیری وێنەی ١٣و١٤و٤٥ بکە پاشماوەی شارستانییەتی ئیسلام .





وێنەی ٤٣ شمشێری پێغمبەر محمد د خ وێنەی ٤٤ گوارەی فاطیمة وێنەی ٤٥ پاشماوەی ئیسلام

---

٧٦ المجوهرات في الدولة الثمانية .ترك بريس – https://www.turkpress.co/node/11837

٧٧ مدرسة ومسجد الساطان قايتباي مشهد : اكتشف الفن الاسلامي متبع ،القاهرة ، مصر ، ٨٧٧ه\١٤٧٢م التحف البريطانيا ،الندن ، المملكة المتحدة ، ص.٣٦

شارستانییەتەکان وەك زنجیرەیەکی بەیەکەوە بەستراوە کە هەموویان دەستکردی مرۆڤن دەکرێ وەك ڕستیەیەکی واتادار سەیربکرێ بە پەراوێزخستنی ولادانی هەروشەیەك لەنگی و نەنگی لە ڕستەکەدا درووست دەبێت هەربۆیە پرۆسەی شیکاریکردن و شرۆڤەکردن شارستانییەتی بەگشتگیریو بەیەکەوە واتای شارستانییەتی مرۆڤایەتی بەهادارترو سەنگین تردەکات.

_ لێرەوە لاپەرەی شارستانیەتی ئەفریقیا هەڵدەدەینەوە بۆ ئاشنابوون بە ئاستی بەرهەمهێنانی کلتوری و شارستانییەتیان لەرێ بەکاربردنی مەتریاڵە جیاوازەکان و کۆکردنەوەیان لە کردەو پیشەجیاوازەکاندا، گومانی تێدا نییە باوەڕداری جیاواز لە شارستانییەتی جیاوازەکاندا لە پشت هەموو گۆڕان و وەرچەرخانەکانەدەبی کەوەك بزوێنەرێکی بەردەوام هێزی بە بەرهەمهێنانیی شارستانییەت بەخشیوە لەڕوی دەستەبەرکردنی ئامرازو بەرجەستە کردنیان لە شێوەی مەتریاڵی جیاواز و گونجاو کە هاوسەنگ بێت لەگەڵ گوزراشت کردنی تواودا بەرامبەر نەریت و سروتە ئاین و کۆمەڵایەتیەکان، ئەفریقا لەم پەناگایەدا جێگەیەکی دیارو پڕبڕشتی هەیە لەبەرهەمهێنان و کەرستەی شارستانییەتدا لەشارستانییەتی ئەفریقادا کردەی هونەری بە بەکاربردنی چەند مەتریالێك دەهات بوون بەتایبەتی مەتریاڵی دار و ئاسن و برۆنز پێستەی ئاژەڵ توکی ئاژەڵ و بەردو مۆر بۆ رازاندنەوە لە شێوەی قیناع درووستیان دەکرد بە تایبەتی لە ناو هۆزەکان وەك نەریتێکی باوکو باپیرانیان لە بۆنەو ئاهەنگەکان بە کار دەبرا " ئەم جۆرە قیناعانە لە بونە ئاین و ئاهەنگە تایبەتەکان بەکار دەهات ، کە کاری دەست بوە ، مەتریاڵی جۆراو جۆری تێدا بە کاردەهات وەك ( شاخی ئاژەڵ ، عاج ، دارو گەلاو پوش و پەراش ، بەردی کرێمی ، زەخرەفەو رەنگ ، ئاسن وەك ، زێر و زیو ، برۆنز و نحاس ، قصدیر ، لەگەل ریشاڵە یان توکی ئاژەڵ بەکاردەهات لە درووستکردنی "[٧٨] سەیری وێنەی ٤٦ پێکهاتەی هونەری قیناعی شارستانیەتی افریقاء



وێنەی ٤٦ قناع افریقی

[٧٨] الأقنعة.. فن أفريقيا الساحر – البيان - https://www.albayan.ae/sports/2007-01-23-1.756785

شارستانییەتی چین یەکێك لەو شارستانییەت دێرینانەی ولاتی ئاساو جیهانە بەپێ هەلکەوتوی ناوچەکە بونی ئاو کەشو هەوایەکی لە بار هەبوە بۆ بازرگانیکردن لەگەڵ ولاّتان و شارستانییەتە کانیتر بۆیە پەنای بردۆتە بەر درووستکردنی ئامرازی وەك کەشتی لە سەرەتادا بەشێوەی سادەو ساکار درووستیکردوە دواتر هەولی داوە زیاتر گۆرانکاری تێدا بکات تا و کاتە بە جوانترین شێوە پێشکەوتوترین شێوە درووستی دەکات مەتریاڵی جیاواز لە درووستکردنی کەشتی بە کار براوە وەك دارو ئاسن و قوماش و حەبل بە کار براوە " کەشتی *(جنوك یان یانك ) دروستکراوی شارستانییەتی چین لە درووستکردنەکەیدا کۆمەلێك مەتریاڵی جیاواز بە کار براوە هەیکەلی گشتی کەشتیەکە بە داری ساج درووستکراوە بەکار بردنی داری حیزران بۆناوەوی کەشتیەکە ، بەکاربردنی حەبل و قوماش بۆ چارۆگە هەڵدان، مەتریاڵی ئاسن بۆ لیواری کەشتیەکە یان دینگەکانی بۆ راوەستانی چارۆگەکان "([٧٩]) .سەیری وێنە ٤٧بکە پێکهاتەی کەشتی شارستانیەتی چین .



(وێنەی ٤٧) کەشتی یانك لە سەردەمی نوێدا

لە بواری سەربازیدا بۆ پاراستنی ئەم شارستانییەتە لۆ مانەوەیان بیریان لە درووستکردنی چەندان جۆری چەك کردۆتەوە بە کارهێنانی ئەو مەتریالآنەی لە بەردەستدایە بەتایبەت مەتریاڵی دار و برۆنز مەتریاڵی قایش و مەتریاڵی ئاسن " لەم شارستانییەتەدا (چین ) لە بواری سەربازی دا کۆمەلێك ئامێری سەربازی تایبەت بە خۆیان هەبوە کە لە چەندین مەتریاڵی جیاواز تێدا بە کاربراوە وەك ( دار، برۆنز ، ئاسن قایش یان پێستە ) " ( [٨٠]).
سەیری وێنەی ٤٨بکە پێکهاتەی ئامێری تیرو کەوانی جەنگی شارستانییەتی چین

---

* کەشتی یانك : یان (جنك ) دیزانێکی کۆنی صین ی ئەم کەشتیە هەیکەلەکەی لە داری حیزران و داری ساج درووست کراوە لە سەردەمی پاشا (أسره هان (٢٠٦ قبل الميلاد٢٢٠ میلادیە) لە سەدەی دووەمی میلادی ئەم جۆرد کەشتیە پێش کەوتنی بە خۆیەوە بینی بەکارهێنانی لە هەموو ناوچەکانی ئاسایا سە فەرکردنی دوور بەکار دەهات " جنك – ویکیبیدیا– " https://www.wikiwand.com/ar/جنك

[٧٩] Needham, Joseph (1986). Science and Civilization in China, Volume 4, Physics and .Physical Technology, Part 3, Civil Engineering and Nautics. Taipei: Caves Books Ltd https://www.wikiwand.com/ar/جنك

[٨٠] Арбалет – Уикипедия




وێنەی ٤٨ئەو چەکی تیرکەوان لە شارستانییەتی چین کۆکراوەی دار لاستیك ئاسن برۆنز

شارستانییەتی یابان یەکی لە وشارستانییەتە سرنجراکێشی ناو چەکەو جیهانە سودی زۆری لە شارستانییەتی چین وەرگرتوە لە زۆربەی بوارەکان ، لەم شارستانییەتدا لە دروستکردنی کەلوپەلو ئامێرەکاندا مەتریاڵی جیاوازی بە کارهێناوە بۆ هێرش کردن بۆ دووژمن وەك مەتریالی ئاسن مەتریاڵی ئەلەمنیۆم مەتریاڵی دارو مەتریاڵی حەبل و مەتریاڵی نوحاس" شارستانییەتی یابان لە بواری سەربازی کۆمەڵێك کەرستەو چەکیان بە کارهێناوە کە مولکی ئەم شارستانییەتەیە، لەوانە چەکی( النینجا ) کە لە سەدەی١٥ کە لە ئاسن درووستکراوە لە دەستەکان دەخریَ وەك شمشێر لە کاتی هێرشبرن بۆ سەر دووژمن لە چەکە دا کۆمەڵێك مەتریاڵی جیاواز بەکارهێنان لە وانە ئاسن ، ئەلەمنیۆم دار و قایش، چەکی داس کە شێوەیەکی درێژیی هەیە لە دارو ئاسن و زنجیر پێکهاتوە ، یان بەکار هێنانی دوو تۆپی ئاسنی لەگەڵ حەبل دا " ([٨١]) بروانە وێنەی ٤٩و٥٠ ئامێری جەنگی شارستانییەتی یابان .





وێنەی ٤٩ شمشێری شارستانییەتی یابان مەتریالی نوحاس برۆنز قایش وێنەی ٥٠ئامێری جەنگ مەتریالی دار ئاسن زنجیر

---

https://commons.wikimedia.org/wiki/File:200910311250MEZ_Saalburg-Museum,_Gastraphetes.jpg

[٨١] العلوم القتاليه: أسلحه قتاليه ێسيويه غريبه – تمارين عجلات .
http://clubofight.blogspot.com/2013/05/blog-post_5012.html

لەشارستانییەتە جیاوازەکاندا کۆمەڵێك تایبەتمەندی لە خۆ دەگرێت ،

١- شارستانییەتی فارس بۆ درووستکردنی کەلوپەڵی جوانکاری پاشا کۆمەڵێك مەتریاڵی جیاوازیان لە بونیاتنانی ئەو کەل پەلانانە بە کار هێنابوو وەك ( زێرو بەردی کرێمی ، یاقوت مرواری ، ئەلماس نحاس مۆرو ) .

٢- شارستانییەتی عوسمانی گرنگی زۆریان بە کەلوپەلی جوانکاری دراوە لو پاشاو کەلوپەلە کانیدا مەتریاڵی جیاواز لە یەك فۆرمدا وەك تاجی پاشاو سندوق بۆ کەلو پەلی جوانکاری

٣- شارستانییەتی ئیسلام لەگەڵ دەستپێکی دا لە کەلوپەلی جوانکاری لەسەر کۆمەلێك مەتریاڵی جیاواز بنیات نراوە .

٤- لە شارستانییەتی چین دا لەگەڵ دروستکردنی کەشتی دا کۆمەڵێك مەتریاڵی جیاوازی بە کارهێنانی

٥- شارستانیەتی (یابان) ی لە دروستکردنی کەلوپەلی جەنگیەکانی کۆمەڵێك مەتریاڵی جیاوازی بە کارهێنانی لە یەك فۆرمدا .

# توێژگەی دووەم

١- چەمکی مەتریاڵ :. پێناسەکردنی مەتریاڵ وەك توخمێك و دەرخستنی لایەنی پێکهاتەی بەپێی جۆرو خەسڵەت و مێژووی بە دەست هێنانی.

٢-بەکاربردنی مەتریاڵ لە سەردەمی میسری دێرین.

٣-مەتریاڵ لە سەردەمی پیشەسازیدا.

٤- مەتریاڵ لە سەردەمی هاوچەرخدا.

## توێژگەی دووەم .

**١- پێناسەکردنی مەتریاڵ وەك رەگەزێك و دەرخستنی لایەنی پێکهاتەی بەپێی جۆرو خەسڵەت و مێژووی بە دەستهێنانی.** مەتریاڵ وەك بونیادێکی توخم ئامێز لە پێکهاتەی سروشت وەك کانزا بونێکی بەرچاوو بینراو هەستپێکراوە بەچەشنی جیاواز قەبارەی جیاواز شێوەی جیاواز ڕەنگ و بۆنی جیاواز کە ئەمانە بەهەموویانەوە خەسڵەتی گشتی وتایبەتی بۆ مەتریاڵ دیاری دەکەن و لە شوناسی تایبەتدا ناوزەندی دەکەن ، ئەوە سروشتی مەتریاڵە لە بنەڕەتدا کە سروشت رۆڵی هەیە لە بنیاتنانەکەیدا، بەلاَم هەر ئەم مەتریالاَنە جارێکی تر لە رێگەی دەستکاریکردن لەلایەن مرۆڤەوە بەرێگەی ئاوێتەکردنی زانستییەوە توانراوە و دەتوانرێ مەتریاڵی نوی بەرهەم بهێنرێ ، زانست لەم ئاراستەکردنەدا رۆڵی بەرچاوی هەبووە و هەیە لە ناسینەوەو جیاکردنەوەی مەتریاڵەکان و پۆلین و رێزبەندکردنیان لە رێگەی دانانی هێمای تایبەت پێیان نمونە ( زنگ ، Zn، ئالتون ،Au، ئاسن ، Fe، ئاو $H_2O$، زیو ، Ag، مەکنیزیۆم ، Mg، ئەلەمنیۆم ، Al " دەتوانین بلێین کە کەلەکەبوونی کانزاکان بوونێکی سورشتیان هەیە و پێکدێت لە کۆمەلێك کانزا و مادەی زۆر هەستیار کە رێژەیەکی یەکجار زۆر بوونیان هەیە لە توێژاڵی زەویدا، بوونی ئەم رێژە زۆرەی کانزا و خامەکان لە زەویدا دەگرێتەوە بۆ پرۆسە جیۆلۆجیەکان کە کۆنترۆلی هەموو پرۆسەکانی کردووە و ئەم رێگەی زۆری لە کانزا و خامەکانی لە توێژالی زەویدا دروستکردوە ئەویش بەدرێژایی مێژوو ئەم پرۆسەیە بەردەوامبووە تا رۆژگاری ئەمرۆمان کە بۆتە سەرچاوەیەکی گرنگی ئابووری، زۆربەی کات پێویستی بە چاودێری کردن گەران و دەرهێنان دەبێت  تاوەکو بتوانرێت سوود لە هەموو جۆرەکان ببنیرێت چ کانزا بێت یاخود بەردی گرانبەها یاخود خامی جۆراوجۆر بێت " ([٨٢]) ، دەتوانین مەتریاڵەکان لە سروشتدایە بیان کەینە دوو جۆر، جۆری سەرەکی جۆری لاوەکی، هەندێ جۆری سەرەکی هەیە مەتریاڵەکە راستەوخۆ پێویستی بە دەرهێنانە هەندێك مەتریاڵی لاوەکی پێویستی بە لێك جیاکردنەوەیە لە مەتریاڵی تردا ، " بەشێوەیەکی تر دەتوانین پێناسەی مەتریاڵ بکەین بەوەی پێکهاتوە لە کۆمەلە مادەیەك و کانزایەکی بەرێژەی جیاواز ئەمەش وا دەکات بەکارهێنانی ئاسانبێت، خامەکان دوو جۆرن سەرەکی و لاوەکی،ئەو خامانە لەگەڵ دروستبوونی بەردەکان ئەوانیش دروستدەبن بەپێی ئەو بارودۆخەی کاری تێدەکات، نیشتوەکان واتە ئەو کانزایانەن کە بەدرێژایی کات بەسەر یەکەوە کەلەکە دەبن لە بەشی دیاری سەرەوەی زەوی، بۆیە دەتوانین بلێین نیشتووەکان بەپێی کاتێ کەلەکەبوونیان دابەش بکەین بۆ دوو بەش ئەوانیش: نیشتوەکان

---

[٨٢] م.غازي عطية زراك: جيولوجيات الخامات :قسم علوم الارضي التطبقية ::٢٠١٧-٢٠١٨- ...-PDF ] صفحة (١ http://csci.tu.edu.iq/gd/electronic-lectures/285-محاضرات-جيلوجيا-الخامات-للاستاذ-غازي-عطية-زراك.html

دەریایی و نیشتووەکانی وشکانی ئەوانیش بەپێی کات و دۆخی کانزاکان جیاوازیان هەیە " ([٨٣])، مەتریاڵی سروشتیەکان کە لەگەڵ بوونی سروشت بونیان هەیە وەك ، مەتریاڵی دار بونیادێك لە دەستە بەرکردنی ژیان و بەردەوام بونیدا ، ئەم مەتریاڵە لەم پێگە گرنگەیدا بەجۆرێك رۆڵ دەگێڕێ لە رێکخستن و بەردەوام بون ژیاندا کە تا ئەمرۆ پرۆسەی زانست لەهەلسەنگاندنی بایەخەکەیدا سەرقاڵی ناساندنیەتی ، لەپاڵ هێشتنەوەی بەردەوام بوونی ژیاندا رازاندنەوەو دابین کردنی جوانی لە رازاندنەوەی سروشتدا بەهاو گرنگی ئەم مەتریاڵە بە بارستای ژیان بەنرخە ، ئەمەجگە لەو هەموو کەرستە جیاوازانەی کە ئەم مەتریاڵە سەرچاوەیکەیەتی، لە غیابی ئەم مەتریاڵەدا سروشت هاوسەنگی لە دەستدەدات بەمەش ژیان باری ئاسای تێك دەچێ هەربۆیە بوونی لە ناوەسروشتدا واتایە بۆ بەردەوامی ژیان، لێرەدا گرنگە وتەیەکی (ثيودور روزفلت[*] Theodore Rooseveld ) " خەڵکی بەبێ مندڵ روبەروی داهاتویەکی بێ هیوایی دەبنەوە ، وە وڵاتێك بەبێ دار هەرخۆی بێ هیواو بێ ژیان " ([٨٤]) رەنگی سەرەکی داریش رەنگی قاوەیە لە دۆخێکی رەق دایە زۆربە شێوەی دار  شێوەی لوولەکی درێژی هەیە ، لە کاتی برینەوەی  بردنی بۆ پیشەسازی تایبەت شێوەکەی دەگۆرێت بۆ شێوەی تەخت و راست ،" رەنگی سەرەکی دار قاوەیە " ([٨٥]) مەتریاڵی دار لەبواری پەیکەرسازی هونەرمەندان بەکاریان هێناوە چ وەك هەلکۆلین بێت چ وەك پەیکەری 3D بێت بە کەرستەوە ئامێری جیاواز کاریان لێکردوە، لە سەردەمی  ئێستامان کە هاوچەرخە مەتریاڵی دار بە شێوەیەکی تر لەگەڵ مەتریاڵی جیاواز لە فۆرمێك بە کاردەبرێن ،وەك لە وێنەکانی ٥١ کاری هونەرمەند  ( تیلمان ریمنشنایدر ) وێنەی ٥٢ کاری هونەرمەند Willy Verginer  ) وێنەی ٥٣ کاری هونەرمەند (( کریستوفر وایت )

---

[٨٣] م.غازي عطية زراك: جيولوجيات الخامات :قسم علوم الارضي التطبقية ::٢٠١٧-٢٠١٨- ...- PDF] صفحة (١ http://csci.tu.edu.iq/gd/electronic-lectures/285-محاضرات-جيلوجيا-الخامات-للاستاذ-غازي-عطية-زراك.html

[*] Theodore Rooseveld  ثيودور روزفلت ، لە سالی ٢٧–١٠– ١٨٥٨ لە دایك بوە لە سالی ١٩١٩ كۆچی دوای كردوە ، رەگەزی ئەمەریکیە ، سیاسەتمەدار و ، نوسەرو ، گەریدەو ، سەرباز و ، سروشتگەری و چاكسازی ئەویست ، ٢٦مین سەرۆکی ئەمریکا بوو ، بۆ ماوەی  دوو خول ( ١٩٠١، ١٩٠٩) لە الحزب الجمهوري بوو ، خاوەنی دوو خێزان بوو بە ناوەکانی (إديث روزفلت (متزوج ١٨٨٦–١٩١٩)، أليس هاثاواي لي روزفلت (متزوج ١٨٨٠–١٨٨٤) _ خاوەنی چەند مندال بوو بە ناوۆكاني (أليس روزفلت ونغويرث، كيرميت روزفلت، كوينتن روزفلت، إثيل روزفلت ديربي، أرشيبالد روزفلت a ) " Theodore Roosevelt | The White House https://www.whitehouse.gov/about-the-white-house/presidents/theodore-roosevelt/

[٨٤] Theodore Roosevelt | The White House - https://www.whitehouse.gov/about-the-white-house/presidents/theodore-roosevelt/

[٨٥] هل اللون البني هو اللون الوحيد للخشب ؟ https://abunawaf.com/170217-هل-اللون-البني-هو-اللون-الوحيد-للخشب-؟/





وێنەی (٥١) کاری هونەرمەندی ئەلمانی ) وێنەی (٥٢) هونەرمەند ئیتالی وێنەی (٥٣ ) کاری هونەرمەندی ئەمەریکی

(تیلمان ریمنشنایدر) ( Willy Verginer) ( کریستوفر وایت )

کارەکانی هونەرمەند (تیلمان ریمنشنایدر)* بەشێوەیەکی کلاسیك دروستکراوە لە مەتریاڵی دار کارەکانی هونەرمەندی ئیتالی (Willy Verginer)** هونەرمەند کارەکانی لە مەتریاڵی دارو لاستیکی تایەو رەنگی ئەکرلیك و مەتریاڵی ئاسن بەکار بردوە ، کارەکانی هونەرمەند (کریستوفر وایت )*** لە مەتریاڵی دار دروستکراوە مەتریاڵی قوری دەستکرد و رەنگی بە کارهێناوە لەگەڵی ، بەشێوەیەکی گشتی مەتریاڵی دار لەدۆخێکی رەقدایە لەرووی پێکهاتەوە مەتریاڵی دار لە کۆمەڵێك مەتریاڵی جیاواز پێکهاتوە لە دیوی ناوەوەی ، بۆزۆر بواری جیاواز بە کاربراوە هونەرمەندی زۆر لە جیهان وەك مەتریاڵی ێك بۆ بواری پەیکەرسازی بەکار براوە چی بەتەنیا بێت یان وەکو دوو مەتریاڵ لە کارێکدا ،

---

* (تیلمان ریمنشنایدر) : لەسالی ١٤٦٠، هایلباد هایلیغنشتات، ألمانیا لە دایك بوە – کارەکانی لە سەر هەلکۆلینی دارو پەیکەری 3D بوە چلاکیەکانی لە فورتسبورغ منژ لە سالی ١٤٨٣ دەستی پێکردوە _ بە تایبەتی لە سەردەمی گواستنەوە سەدەی النهچە، لە کارە هونەریە بەناو بەنگەکانی بە ناوی (Seated Bishop، Mary Salome and Zebedee، ) هونەرمەند لە سالی ٧ یولیو ١٥٣١، فورتسبورغ، ألمانیا کۆچی دوای کردوە " تیلمان ریمنشنایدر - أرابیکا
https://3rabica.org/تیلمان_ریمنشنایدر

** Willy Verginer لەسالی ٢٣ فبرایر ١٩٥٧ لە ئیتالیا لە دایك بوە تەمەنی ٦٢ سال )، بریکسن، ئیتالیا "
https://www.verginer.com/biography/ Willy Verginer

*** (کریستوفر وایت ) : ناوی دیفید کریستوفر پەیکەرسازی ئەمەریکیە ، دەرچوی زانکۆی ( اندیانا– ساڵی ٢٠١٢ – کارەکانی لە مەتریالی دارە لە گەل مەتریالی قوری سناعی رەنگ خۆل" کریستوفر دیفید وایت فن النحت ! ! | فن التصمیم
https://www.christopherdavidwhite.com/

هەر لەمیانەی ئاماژەکاندا بۆ ناسنامەی مەتریاڵەکان بەردیش مەتریاڵێکی تری ناو باسی توێژینەوەکەیە بەهۆی زۆری ڕێژە کەیەوە لە سروشت و هەسارەی زەویدا ناکری نادیدەی بکەین ، ئەم مەتریاڵە لە سروشتی زەویدا بەسەر چەندین چین و جۆرو لە قەبارەی جیاوازو شوێنی جیاوازدا دەردەکەون کە بەرچاوترینیان لە فۆرمی شاخ و چینە نادیارەکانی زەوی وەك ، کانی بەردو ژێردەریاو ئۆقیانوسەکاندا بونیان هەیە ، مەتریاڵی بەرد لە ناوشارستانییەتی مرۆڤدا سەنگێکی گەورەو پڕبایەخی هەیە ئەویش بەهۆی ڕەهەندی توندوتۆڵی و بەرگە گرتنەکەیەوە بەرامبەر هێزی سروشت، هەرئەمەش وای کردوە کە مرۆڤ بە درێژایی مێژووی ژیانی بیکاتە هاودەم و هاورازی ژیانی لە دروستکردن و بنیاتنانی شارستانییەتەکەیدا ، ئەم مەتریاڵە لە زۆر قۆناغدا بوتە ناسنامەو هێزی قۆناغەکەی کە لەیەکەم ڕەهەندی خۆیدا گێرانەوەی نەمریە بۆ مرۆڤ لە ڕێگەی ئەم مەتریاڵەوە لە بەر چاوترین نمونەیدا ( شارستانییەتی یۆنان ، شارستانیەتی میسر ) وە لە هەمان کاتدا بەشداری کاریگەری ئەم مەتریاڵە لە شاکارە هونەریەکاندا نمونە شاکارەکانی هونەرمەندی پەیکەرساز مایکل ئەنجیلۆ ) وە گەلێکی تر لە شاکارو تەلارەکان بروانە وێنەی ٥٤ کاری هونەرمەند (فیدیاس) وێنەی ٥٥ کاری هونەرمەند Michelangelo



وێنەی (٥٤) کاری فیدیاس یونانی دێرین



وێنەی(٥٥) پەیکەری David هونەرمەندMichelangelo

هونەرمەند (فیدیاس)* کارەکانی بە مەتریاڵی بەرد دروستکردوە لە سەردەمی یۆنانی دێرین سەردەمی کلاسیك دا ، کارەکانی هونەرمەند (Michelangelo )** ، لە مەتریاڵی بەرد دروستکراوە، ئەم بەردە بۆ لایەنی جوانیش

* فیدیاس : هونەرمەندی یۆنانی لە سالی ٥٠٠ق–م لە دایك بوە لە اثینا – پەیکەرساز ومهندس معماری، وێنە کێش بوە – کارە پەیکەرەکانی وەك (تمثال زوس ) و (عجائب الدنيا السبع ) ( خواوةنداني أثينا ) (أكروبوليس أثينا، ) هونەرمەند لەسالی٤٣٠–ق–م–کۆچی–دوایکردوە" فيدياس - المعرفة - https://www.marefa.org/فيدياس

** Michelangelo : ناوی تەواوی (Michelangelo di Lodovico Buonarroti Simoni ) میکیلانجیلو بوناروتی لە ساڵی ٦ مارس ١٤٧٥، لە کابریزی ، إيطاليا لە دایك بوە – وێنە کێش و پەیکەرساز ومهندس وشاعر إيطالي، بوو ، لەشی مرۆڤ لە بابەتە سەرەکیەکانی ئەم هونەرمەندە بوە زۆر گرنگی بە لایەنی توێکاری داوە ، لە سەردەمی (نهضة عليا، النهضة الإيطالية،

بە کاردەبرێت ئەم بەردە لە ئەشکەوتەکانیش دەست دەکەوێت ئەم جۆرە بەردە بەکاردەبرێت بۆبواری بازرگانی بیناسازی و بواری پزیشکی دادان و هەندی جاریش وەك بەهێزکردنی زەوی بۆلاینی سود وەرگرتن بۆ کشتوکاڵ بەکاردەبرێت ، سەیری وێنەی ٥٦ بکە کاری هونەرمەند هانی السید

مەتریاڵی بەردی مەرمەر

مەتریاڵی برۆنز



وێنەی (٥٦) کاری هونەرمەندی میسری هانی السید

هونەرمەند (هانی السید )* لە کارە هونەریەکانیدا مەتریاڵی جۆراو جۆری بە کاربردوە وەك ( مەتریاڵی بەرد برۆنز ) کۆکردنەوەیان لە یەك کاری هونەریدا

قورقوشمیش وەك مەتریالێکی تری ناو باسەکە گرنگە لە میانەی ئەم توێژینەوەیەدا ئاماژەی بۆ بکەین کە بەهۆی پێکهاتە کیمیاییەکەی رۆڵی لە بواری پیشەسازیدا و وەك کانزایەك بە کاربهێنرێت، مەتریالێکە لە دۆخی رەقدایە بە هۆی گەرم کردنەوە دەچێتە دۆدخی شلەوە لەگەڵ سارد بونەوەی دەچێتەوە دۆخی جارانی ، رەنگی رەساسیە ، " قورقۆشم هێمایەکی (Pb) ماددەیەکی کیمیاییە و گەردەکانی (٨٢)ە و دەکەوێتە خشتەی خولی کۆمەڵەی کاربۆنەوە لە کۆمەڵەی چواردەهەم، قورقۆشم ماددەیەکە قورسە زۆربەی کات بەرەنگی رەساسی دەردەکەوێت بەڵام بە تێپەربوونی کات رەونەقەکەی لەدەست دەدات و تەواو رەساسی تاریك دەبێت کات بەر هەوا دەکەوێت "([٨٦]) بروانە وێنەی ٥٧کاری هونەرمەند Dana Baldwin Naumann.

---

عصر النهضة، مانييريزمو) ژیاو ە ، لە سالی ١٨ فبراير ١٥٦٤، روما، إيطاليا کۆچی دوای کردوە " مايكل أنجلو – المعرفه https://www.marefa.org/میكل أنجلو

* هانی السید : هونەرمەندی مصری لە دایك بووی سالی ١٩٧٢– لە مصر لە دایك بوە – شەهادەی بەکلۆریۆسی لە پەروەردی هونەری هەیە لە سالی ١٩٩٥ – هونەرمەند هانی بەشداری چەندان پێشنگای جیهانی کردوە لە ولاتانی ایتالیا و یابان و هند و صین – کارەکانی هانی لە مۆزەخانەی اسکندریە و مۆزەخانە مۆدێرنەی قاهیرە وە لە اسپانیاو ایتالیا و تورکیاو مصر دایە – کارەکانی لە بەردو برۆنز کۆکردنەوەی مەتریالی گۆرانی بەرەو تجرید مامەلە کردن لە گەل کوتلە بۆشای تێدا " الإمساك بالأرواح".. أشباح هاني السيد الرخامية- https://www.alaraby.co.uk/"الإمساك-بالأرواح"-أشباح-هاني-السيد-الرخامية

[٨٦]. رصاص Pb - الجدول الدوري- http://aljadwal.blogspot.com/2014/11/pb.html




وێنەی (٥٧کاری Dana Baldwin Naumann.

مەتریاڵی قورقوشم لە بۆ زۆربواری جیاواز بەکاردەبرێت بۆ دروستکردنی پاتری وزەی کارەباو بواری لەحیم کردن و بۆ بواری پەیکەریش بە کار دەبرێت چی بە تەنیا بێت چی وەکو بەشێك لە تێکەلەی مەتریالی برۆنز .

_مەتریاڵی مس هێمایەکەی cu لە دۆخێکی رەقدایە و بە پلەی گەرمی ١٠٨٣ دەچێتە دۆخی شلیەکەی ، " مس: (نحاص) بە ئینگلیزی پێدەلێن (Copper ) هێماکەی (CU) ژمارەکەی گەردەکەی (٢٩) کێشی گەردی ٦٣,٥٤ چریەکەی ٨,٩٥ تواناى توانەوەی لە پلەی ١٠٨٣ پلەی سەدی، پلەی کوڵانی ٢٣١٠ سەدی وە پلەی هاوتابوونی " ([٨٧]) ، هەرلە کۆنەوە مرۆڤ ئەم جۆرە مەتریاڵە بە کارهێناوە بۆ کەلو پەلەکانی ناو ماڵ و بواری گەیاندنی وزەی کارەباو مەتریاڵی مس رەنگی زەردە لە بواری درووستکردنی جوانکاریش بە کار دەبرێت لە سروشتدا بەشێوەی سەربەخۆ هەیە یاخود بە شێوەی تێکەڵ لەگەڵ ماددەی تر بەشێوەی ئەکسید، کە بەشیکردنەوەی کارەبی جیا دەکرێتەوە لە مادەکانی تر، مس ماددەیەکی نەرم و لەگەڵ سروشت کارلێك دەکات، ئەکسیدی مس کە رەنگەکەی سەوزە ژەهراویە، مس بەوە ناسراوە دەرنگ کارلێك دەکات لەگەڵ ترشەلۆکەکان.مس لەو مادانەیە کە هەر لە کۆنەوە مرۆڤ ئاشنای بوە و ناسیویەتی و بەکاری هێناوە، مەتریاڵی مس بە تێکەلکردنی لەگەڵ مەتریاڵی شتی جوانکاریو پەیکەریش لی دروست دەکریت بە نسبیەك لەگەڵ مەتریاڵی زێر بەکار دەبرێت نزبەیەکی زۆر لە مەتریاڵی مس بەژدارە لە دروستکردنی مەتریاڵی برۆنز بۆبواری کەلوپەلی سەرباز و بەکاردەهێنرێت ،" مس تێکەڵی زۆر ماددەی تر دەکرێت بۆ نمونە بەرێژەیەکی دیاریکراو تێکەلی زێر دەکرێت تاوەکو رەقیەکی پیٛ بدات وە لەدروستکردنی بۆری و دراوی مس و وە لەدروستکردنی برۆنز بەشداری دەکات و بۆ دروستکردنی کەلوپەلی

[٨٧] Meija, Juris; et al. (2016). "Atomic weights of the elements 2013 (IUPAC Technical Report)". Pure and Applied Chemistry. 88 (3): 265–91. doi:10.1515/pac-2015-0305.
نحاس – المعرفة https://www.marefa.org/نحاس

جەنگی بەکاردێت و هەندێك ئامێری مۆسیقی " (٨٨) ، بروانانە وێنەی (٥٨) کاری هونەرمەندی ( Welded Abstract ) لە کارەکەیدا مەتریاڵی



وێنەی (٥٨) کاری هونەرمەند Welded Abstract

مەتریاڵی برۆنز وەك دیارترین و بەرچاوترین ئاماژەی شارستانییەتی مرۆڤ لە مێژویەکی دانەبڕاودا لەگەڵ مرۆڤ بونیان بەیەکەوە گرێدراوە، هەر ئەمەش ئەوە دەخاتە ڕوو بۆ سەلماندنی هەوڵەکانی مرۆڤ لە ئاشکراکردن و بەدەست هێنانی نهێنیەکانی ناوچوون کەوادەکات گەلێك کانزا ببنە جێگەی متمانەو باوەڕی مرۆڤ لەڕوی پێداویستی یەوە ، ئەم سوربونەی مرۆڤ لەسەر بەدەست هێنانی کەرستە کانزایەکان بەتایبەت (برۆنز) دەرخستنی تواناو هێزی مانەوەو بەرگەگرتنی ئەم مەتریاڵە یە کە تا ئەمرۆش مرۆڤ ناتوانێ دەست بەرداری بێت ، برۆنز وەك کۆکراوەیەکی کانزای و توانەویان لەناویەکدا توانای ئاوێتە بوونی کانزاکان دەردەخات لەناویەکتردا، بەشداری ئەم مەتریاڵە لە شارستانییەتی مرۆڤایەتیدا گەواهیدەری ئەو هێزە هیزری تەکنیکە یە کە مرۆڤ باڵا دەست بووە تیایدا و ئاستی بەرهەم هێنانی تەکنیکی مرۆڤی بۆ باڵاترین ئاستی بەرهەم هێنان کە تیایدا جگە لەوەی سەلماندنی توانستی مرۆڤ لەڕوی داهێنانەوە بەدیوەکەی تردا دەرخستنی لایەنی تۆکمەیی و جوانی ئەم مەتریاڵەشە، کە ئەمەش تەواوی بوارەکانی بیناسازی سەربازی هونەری و پیشەسازی ) گرتزتەوە، مەتریاڵی برۆنز تێکەلەی چەند مەتریاڵێکی ترە ئەو جە ئەو مەتریاڵە درووست دەبێت بە نسبەیەکی زۆر مەتریاڵی مسی زەردی لەگەڵ دایە

---

٨٨ "Archived copy". مؤرشف من الأصل في ٢٤ أكتوبر ٢٠١٢. اطلع عليه بتاريخ ١٢ سبتمبر ٢٠١٢.
" Overview of Recycled Copper" Copper.org. Copper.org (25 August 2010). Retrieved on 8 November 2011. نسخة محفوظة ٣٠ أبريل ٢٠١٧ على موقع واي باك مشين.
Okazawad، Hidehiko؛ Yonekura، Yoshiharu؛ Fujibayashi، Yasuhisa؛ Nishizawa، Sadahiko؛ Magata، Yasuhiro؛ Ishizu، Koichi؛ Tanaka، Fumiko؛ Tsuchida، Tatsuro؛ Tamaki، Nagara؛ Konishi، Junji (1994). "Clinical Application and Quantitative Evaluation of Generator-Produced Copper-62-PTSM as a Brain Perfusion Tracer for PET" (PDF). Journal of Nuclear Medicine. 35 (12): 1910–1915. PMID 7989968. نحاس - المعرفة https://www.marefa.org/نحاس

نسبەیەك مەتریاڵی قصدیر بۆبواری پەیکەر و بیناساز وجوانکاریو بواری بازرگانی بەکاردەبرێت،"برۆنز بە زمانی لاتینی پێدەڵێن (bronzium) برونز لە دەستەی (سبائك النحاس المعدنیە ) لە رووی پێکهاتە لە (النحاس والزنك والقصدیر) پێکدێت،بەکارهێنانی برۆنز لەلایان مرۆڤەوە بوە لەوەتەی برۆنز هەیە سەردەمی برۆنز تەمەنی برۆنز دەرکەوت لە نزیك رۆژهەلأت لە دەوروبەری ٣٠٠٠پێش زاین بۆ ١٢٠٠پێش زاین وە گەیشتە ئەوروپا لە نێوان ٢٥٠٠و ٢٠٠٠پێش زاین دەرکەوت لە ئەورپاو رۆژئاوا ١٨٠٠پێش زاین بۆ ٩٠٠پێش زاین باشترینیان ئەو جۆرەیە کە مس لە پێکهاتەیدا هەیە بە رێژەی ٩٠٪ و قصدیر بە رێژەی ١٠٪ لەدروست کردنی پەیکەر و بیناکاری لە بیناکاری لە کاری بازرگانیدا بەکاردێت " ([٨٩]) ، بروانە وێنەی ٦٢،٦١،٦٠،٥٩



وێنەی (٥٩) برۆنز لە بواری بیناسازی ) وێنەی(٦٠) مەدالیای ئۆلۆمپی برۆنز ) وێنەی (٦١) برۆنز لە بواری بازرگانی ) وێنەی(٦٢) پەیکەری برۆنز دروست کراوە لە لایان (Auguste Rodin)

بۆیە مەتریاڵی برۆنز مێژوێکی دێرینی هەیە لە رووی بەکارهێنانی مرۆڤ سودی زۆری لێبینیوە بۆ بواری کەلوپەلی ناومال و کەرستەی سەربازیش بەکاربراوە "ئەم کانزایە یەکێکە لەو کانزا کۆنانەی کە مرۆڤ ئاشنای بووەو زانیویانە چۆن بەکاری بهێنن پێش٣,٥٠٠ ساڵ پێش زاینی، هەورەها بە چەرخی نێوان چەرچی بەردین و ئاسنین دەوترێت چەرخی برۆنزی، ئەویش لەبەر بەکارهێنانی لە دروستکردنی دەفەر و قاپ و کەلوپەلی ناوماڵ هەورەها لە بواری جەنگ وەکو چەقۆ و قەلغان و کەلاوو شمشێر و تەنانەت لە بواری رازاندنەوە پەیکەرسازی و بیناسازی بەکارهاتووە."([٩٠])

مەتریاڵی زێر لە کانزایە بەنرخەکانی ناو سروشتە، ئەم کانزایە خاوەن خەسلەتێکی تایبەت بە خۆیەتی کەلە پێکهاتەیدا توانای مانەوەی هەیەو دەتوانێ پارێزگاری لە بونیادی خۆی بکات ، بەهای ئەم کانزایە لە و خەسلەتەیدایە، هەرئەمەش وایکردوە کە لەدوای ئەلماس بەبەهاترین کانزای ناو سروشتە، مەتریاڵی زێرە لە سروشت بونی هەیە نەك بەشێوەی سەربەخۆ بەلکو بەشیوێك لەگەڵ مەتریاڵی بەرد یان لە ژێر ئاو دا بونی هەیە

[٨٩] Francesca Cappitelli؛ Claudia Sorlini (2008). "Microorganisms Attack Synthetic Polymers in Items Representing Our Cultural Heritage". Applied and Environmental Microbiology. 74 (3): 564–9. PMC 2227722Freely accessible. PMID 18065627. doi:10.1128/AEM.01768-0 - برونز - المعرفة https://www.marefa.org/برونز

[٩٠] Machinery's Handbook, Industrial Press Inc, New York, ISBN 0-8311-2492-X, Edition 24, page 501 برونز – المعرفة- https://www.marefa.org/برونز

بەشێوەی قەبارەی وردو مەتریاڵی زێر بەشێوەیەکی گشتی لە دۆخی رەقدایە بەهۆی توانەوەی لە دۆخێکی رەقدا دەچێتە دۆخی شلەوە دەبێتە قالب " زێر پێکهاتەیەکی کمیایە هێمایەکەی (Au) ژمارەی گەردەکەی (٧٩) "([٩١]) مەتریاڵی زێر دەتوانین لەگەڵ زۆر مەتریاڵی تر تێکەڵ بکرێت بۆ بواری جوانکاری بەکار دەبرێت وەك مەتریاڵی زیو مەتریاڵی مس، مەتریاڵی زێر لە روی پێکهاتو جۆریەوە چەند جۆرێکی هەیە هەیانە زێری بە نسبەیەکی زۆر مەتریاڵی زێرە نسبەیەکی زۆر کەم مەتریاڵی مسی تێدایە ، ئەویان زێری عەیار ٢٤ جۆرێکی تریان مەتریاڵی مس و زیو زیاتر تێدایە زێری عەیار ٢١ کە جۆرێکی تریان زێری عەیار ١٨ کە پێکهاتەکەی زێر تێدایە بە نسبەی سەتا ٧٥ و ئەوی تر مەتریاڵی مس وزیوە، زێری عەیار ٢٢و کە پێکهاتەکەی سەتا ٩١ زێرە ئەوی تریان مەتریاڵی زیو مس و زنگە ، " هەریەك لە مس و زیو و زینك لە باوترین ئەو مادانە کە دەچنە پێکهاتەی زێرەوە ، زێری عەیار ٢٤ ئەمەیان گرانترین جۆری زێر و باشترین جۆریانە، لەبەر ئەوەی رێژەی زێر تێیدا ٩٩٪ وە بە رێژەی ١٪ مس یان زیوی تێ دەکرێت، زێری عەیار ٢١ ئەمەشیان دووەم جۆری زێرە لە رووی باشیەوە بۆ هەر کیلۆیەك لەم زێرە رێژەیەك لە رەگەزەکانی تری تێ دەکرێت وەکو مس و زیو کەواتە رێژەی زێر تێیدا بۆ هەر کیلۆیەك ٨٥٠ گرامە.زێری عەیار ١٨ ئەم جۆرەیان٪75زێرە ، 15g٪ زیوە ، 10g٪ مس .زێری عەیار ٢٢ ئەم جۆرەیان ٩١.٧٪ زێرە 5g٪ زیوە ، 2g٪ مس ،1.3g٪ زنك زێری سپس عەیار (١٨) ٧٥٪ زێرە، و٢٥٪ بلاتینیوم أو بلاديوم. زێری سپی عەیار (١٨) ٧٥٪ زێر ، و١٠٪ بلاديوم، و١٠٪ نیکل، و٥٪ زنك." ([٩٢]) بڕوانە وێنەی ٦٣،٦٤،٦٥





وێنەی(٦٣) پەیکەری ماو تسی تونغ لە مەتریالی زێر ) وێنەی (٦٤) مەتریالی زێر جوانکاری ) وێنەی (٦٥) مەدالیا لە زێر

مەتریاڵی ئەلەمنۆیم کە هێمای کمیایەکەی (Al) ئەم مەتریاڵە بە شێوەیەکی سروشتی لە ناخی زەویدا هەیە پێکهاتەی ئەم مەتریاڵە بەشێوەیەکی سەرەکی ماددەی بۆکسیتە، کێشی ئەلەمنیۆم کێشی سوکە لەگەڵ زۆر مەتریاڵی تر تێکەڵ دەکرێت ، بۆ بواری بازرگانی و بیناسازی و بەشێوەی بەرچاو بەکار دەهێنرێت لە

[٩١] Wickleder، Mathias S. (2007). المحرر: Devillanova، Francesco A. Handbook of chalcogen chemistry: new perspectives in sulfur, selenium and tellurium. Royal Society of Chemistry. صفحات ٣٥٩–٣٦١. ISBN 0-85404-366-7. ذهب – المعرفة https://www.marefa.org/ذهب

[٩٢] Anne Marie Helmenstine، Ph.D. (24-3-2017)، "Composition of Gold Alloys in Colored Gold Jewelry"، www.thoughtco.com، Retrieved 1-1-2018. Edited. ↑ "About ما هي مكونات الذهب – موضوع- https://mawdoo3.com/ما_هي_مكونات_الذهب

درووستکردنی دەرگاو پەنجەرە ، " ئەلەمنیۆم هێمایەکی (Al) ژمارەی گەردەکانی ١٣، رەنگەکەی رەساسی بریقەدارە یان زیویە مادەیەکی کیمیایە قابیلی راکێشان و گۆرانە، بەرێژەیەکی لە توێکلی زەویدا هەیە، ئۆکسجین و سلیکۆن بەشێوەی ئەلەمنیۆم ٨٪ رووی زەوی پێکدەهێنن، ئەم مادەیە زۆرترین بەکارهێنانی هەیە لەگەلّ زۆربەی مادەکانی تر تێکەلّ دەکرێت و بەکاردێت، سەرچاوەی سەرەکی ئەلەمنیۆم مادەی بۆکسیتە، ئەلەمنیۆم بەوە دەناسرێتەوە زۆر کێشی سووکە و بەرگەی داخوران دەگرێت و لە زۆر بواری پیشەسازیدا بەکاردێت. " ([٩٣]). مەتریالی ئەلەمنیۆم لە دۆخێکی رەقدایە بە هۆی پلەی گەرمی ٦٦٠ پلەی سیلیزی دەتوێتەوە، مەتریالّی ئەلەمنیۆم لەو سەردەمی هاوچەرخ بۆبواری پەیکەر هونەرمەندان سودیان لێوەرگرتوە بۆ کارە کانیان بەکاریان هێناوە.سەیری وێنەی (٦٦) هونەرمەند Urs Fischer[*] کارەکەی بەمەتریالّی ئەلەمنیوم .



وێنەی(٦٦) هونەر مەند Urs Fischer کاری Installations مەتریالی الامنیۆم –

هەوا داینەمۆیەك بۆژیان و بوون ، مەتریالّێك بەرپرسە لەسەر لەبەری ژیان و بوون لەسەر ئەم هەسارەیە وە توانیویەتی ژینگەیەکی لەبارو تەندروست بۆ بەردەوام بوونی ژیان فەراهەم بکات، ئەم مەتریالّە لەروی فۆرمەوە خاوەن شوناسێکی نادیارە، بەلاّم هێزوو تواناى بەزاندنەکەی جێگرەوەی فۆرمەکەیەتی و لەرێگای ئەو توانایەوە هەستی بینەی بەرجەستەدەکات بۆ ئەو بونیادانەی ناوسروشت وە بەلّگەی ئەو بوونە خۆی دەسەلمێنی ئەمەش ئەکرێ لە جولەی گەلاّی دارەکان و هێزی جولاندنی شەپۆلّی ئاوەکان و گەردەلولی و گێژە لۆکە و چەندین جولّەی

---

٩٣ Shakhashiri, B.Z. (17 March 2008). "Chemical of the Week: Aluminum" (PDF). SciFun.org. University of Wisconsin. Archived from the original (PDF) on 9 May 2012. Retrieved 4 March 2012. الألمنيوم – المعرفة https://www.marefa.org/ألمنيوم

* Urs Fischer . هونەرمەندی سویسری لە لەسالی ١٩٧٣ لەسویسرا لە دایك بوە . هونەرمەندێکی هاوچەرخ کاری پەیکەرتاشی . installation . فۆتۆ گراف دەکات کارەکانی زیاتر بەمەتریالّی ئەلەمنیوم " urs fischer | art installation news, projects, and interviews https://www.designboom.com/tag/urs-fischer/

تر ، کەواتە مەتریالێك بەم بەربلاوی و هێزە یەوە ناو دەرکردنی لە ناو پرۆسەی زانستدا ناتەندروست هەربۆیە مرۆڤ لە بەکاربردنی دا لە ناوی جیاجیاکاندا بە ئامانجی جیاواز بەکاربراوە بە تایبەت لە بوارەکانی ( زانست پیشەسازی، هونەری ) مەتریالی هەوا یەکێکە لە مەتریالە سەرەکیەکانی پێکهاتەی ئەم جیهان و کەونە مەتریالێکی سەرەکیە بۆ ژیانی مرۆڤایەتی و گیان لەبەرو روەك مەتریالی هەوا لە ڕووی پێکهاتەی سروشتیەوە پێکهاتوە لە بەشێك لە نایترجین و ئکسجین و ئۆزۆن دووەم ئۆکسیدی کاربۆن . " هەوا لە کۆمەلێك گاز پێکهاتووە و دەوری زەوی داوە تا بەرزی ٨٨٠ کیلۆمەتر، ئەم هەوایە وایکردوە کە دۆخی سەر زەوی بۆ ژیان بشێت، بۆ هەناسەدان و بەردەوام بونی ژیان مرۆڤ و گیانلەبەران رووك ..هتد بەکاردێت و بەبێ ئەو ژیان لەسەر زەوی بەردەوام نابێت،ئەو هەوایەی دەوری داوین لە ٧٨ ٪ نایترۆجین و ٢١ ٪ ئۆکسجین و ٠,٩٪ ئەرگون و زۆر گازی دەگمەنی تر وەکو ئۆزۆن و دووەم ئۆکسیدی کاربۆن و ..هتد،لە پلەی گەرمی ٤٠ دا دەکرێت لەم حالەتە بە ڕێژەی ٧٪ ئەو هەوایە هەڵمی ئاوی تێدا بێت، ئەم ڕێژەیەش بەپێی کەمی و زۆری ڕێژەی شێ لە هەوادا دەگۆرێت، وە بەرزبوونەوەش لە ئاستی ڕووی زەویەوە دیسانەوە کار لەو ڕێژەیە دەکات " ([٩٤])وێنەی (٦٧) کاری هونەرمەند ( Tomás Saraceno) *



وێنەی (٦٧) کاری هونەرمەند Tomás Saraceno ناونیشانی Aero(s)cene-air

مەتریالی گاز لە دۆخی شلیدایە ، پێکهاتوە لە کۆمەلێك مادەی تر وەك ئۆکسجین و نایدرۆجین بۆ بواری سوتان و ئاگر کردنەوە بە کار دەبرێت ، بەشێوەی سروشتی لە ژێر زەویدا هەیە لۆ زۆر بواری ژیان بە کار دەهێنرێت " دۆخی گازی لە فیزیا و کیمیادا بایەخ دەدات بە سێ حالەت ئەوانیش دینامیکێتی گەرمی و دۆخی شیلی و رەقیە.

---

[٩٤] مبروك النجار، تلوث البيئة في مصر. الكون – تأليف كولين رونان – المكتبة الأهلية للنشر والتوزيع – بيروت – ١٩٨٠ ، ص٦١ https://www.marefa.org/هواء هواء - المعرفة

* Tomás Saraceno : هونەرمەندی ئەرجەنتینی لەساڵی ١٩٧٣لە ئەرجەنتین لە دایك بوە هونەرمەندی هاوچەرخ ئەو هونەرمەندە بەوە دەناسرێتەوە بە پێوەری گەورە دامەزراندنی پەیەندی پەیکەرو سەرئاو کەوتن و هەوا کارەکانی
Tomás Saraceno. Aeroceno | ::Hipermedula.org " Installation Art, Sculpture
/http://hipermedula.org/2020/04/tomas-saraceno-aeroceno

وە خێرایی تەنۆچکەکان لە گازدا دوەستێتە سەر پلەی گەرمی، هەربۆیە جولەی تەنۆچکەکانی گاز جیاوازە لە جولەی تەنۆچکەکانی شلە، لەناو گازدا زۆرجار تەنۆچکەی تۆز و خۆڵ دەبینین کە شێوەی پەروانە دەجولێنەوە، ئەمەش کاتێك بەرچاومان دەکەوێت کە دەکەوێتە بەر خۆر و ئەو جولەیەمان بۆ دەردەکەوێت لە هەوادا، گازیش پێکهاتوە لە گەردی ئۆکسجین و نایترۆجین ئەمانە جولەیەکی پەروانەییان هەیە وە هەر تەنۆچکەیەکی خۆڵ و تۆز ملیار گەردیلەی تێدایە و بەشێوەیەکی هەرەمەکی جوولە دەکەن " ([٩٥]) ئەم پێکهاتانە دەبنە هۆی دروست بونی ئەم مەتریاڵە لە ژێر زەوی وەك پاشماوەی ئاژەڵ و روکیەکان ، ئەو شوێنانەی کە نەوتی لێ زۆرە ، بوونی غاز لەو شوێنانەیە کە بونی مەتریاڵی نەوت" دەتوانین پێناسەی گازی سروشتی بکەین بەوەی کۆمەلێك گاز پێکهاووە کە قابیلی سووتانن بەهۆی شیبوونەوەی ئەندامی ژێر زەوی دروست بوونە وەکو گیانلەبەر و رووەکان، بەزۆری گازی سروشتی لەو ناوچانە هەیە کە نەوتی لێیە، لەوانەشە کۆگایەکی زۆر گەورە لە گازی سروشتی لەژێر زەویدا هەبێت، گازی سروشتیش لە زۆر بواری ژیان بەکاردێت بە تایبەتی بۆ سووتاندن وەکو لە چێشخانەکان و گەرم کردنەوە و لە زۆر بواری پیشەسازیدا بەکاردێت." ([٩٦]) بروانە وێنەی (٦٨ هونەرمەند Jeppe Hein* – وێنەی (٦٩) کاری هونەرمەند Fabian Bürgy



وێنەی (٦٨) کاری هونەرمەند Jeppe Hein



وێنەی (٦٩) کاری هونەرمەند Jeppe Hein

[٩٥] ^ This early 20th century discussion infers what is regarded as the plasma state. See page 137 of American Chemical Society, Faraday Society, Chemical Society (Great Britain) The Journal of Physical Chemistry, Volume 11 Cornell (1907). غاز - المعرفة https://www.marefa.org/غاز

[٩٦] ^ أ ب ت ""Natural Gas، www.encyclopedia.com، Retrieved 15-1-2018. Edited.
ما هي مكونات الغاز الطبيعي – موضوع - https://mawdoo3.com/ما_هي_مكونات_الغاز_الطبيعي

* Jeppe Hein : هونەرمەندی لە ساڵی ١٩٧٤ کوپنهاگن لە دانیمارك لە دایك بوە . هونەرمەندێکی هاوچەرخ کاری conceptual art – installations – interactive sculptures. – ئەنجام دەدات - Jeppe Hein: Please Touch the Art - Public Art Fund
https://www.publicartfund.org/exhibitions/view/jeppe-hein-please-touch-the-art/

بەشێوەیەکی ئاسای بەشێوەکی بەرچاو پێکهاتەی مەتریاڵی گازی سروشتی هایدرۆکاربۆنە کە بەشێوەکی بەرچاو گازی سروشتی پێك دێنی لەگەڵ دووەم ئۆکسیدی کاربۆن و نایدرۆجین ،

مەتریاڵی ئاو وەك پێکهاتەیەکی سەرەکی دروست بونی زەویە بۆیە مرۆڤ لەگەڵ درووست بونی مرۆڤایەتی بوونی هەبوە سودی زۆری لێبینیوە بۆی بواری کشتوکاڵ و خواردنەوە بە کاردەبرێت زۆر نزیکەی ٣ بەشی گۆی زەوی پێکهێناوە" ئاو بە سەرچاوەی ژیان دادەنرێت لەسەر زەوی ئەگەر ئاو نەبێت ژیانیش نابێت و شارستانی و مرۆڤایەتیش نابێت، بۆیە زانایان باوەریان وایە کە پەیوەندیەکی بەهێز هەیە لە نێوان و ئاو ئاوەدانی مرۆڤ و شارستانی لە کۆنەوە تاوەکو ئێستا، باشترین بەلگەش بۆ ئەمە ئەوەیە زۆربەی شارستانییەتە گەورەکان لە نزیك روبار و دەریاکەوە شارستانیان دامەزراندووە وەکو شارستانی فیرعەونەکان لەسەر رووباری نیل و شارستانییەکانی نێوان دوو رووباری دیجلە و فورات لەبەر ئەوەی بە شێوەیەکی سەرەکی پێویستی بە ئاو هەیە بۆ کارەکانی ژیان رۆژانەی وەکو خواردنەوە و خاوێن کردنەوە" (٩٧) ، مەتریاڵی ئاو بەشێکی سەرەکی لەشی مرۆڤ و گیان لە بەران پێك دێنی پێکهاتەی سەرەکی ئاویش گەردێك ئۆکسجین و دوو گەرد هایدرۆجین لە دۆخی شلدایەوە بە هۆی دابەزینی پلەی گەرما دەچێتە دۆخی بەستن و سەهۆلەوە ، ،بۆیە لەسەردەمی هاوچەرخ دا زۆرێك لە هونەرمەندان بۆ خزمەتی بیرۆکەکانیان دەربرینی کارەکەیان مەتریاڵی ئاویان وەك مەتریاڵێکی هونەری بەکار هێناوە بۆ خزمەت کردنی کارەکەیان . بروانە وێنەی (٧٠) هونەرمەند MIGUEL ROTHSCHILD*



وێنەی (٧٠) کاری هونەرمەند MIGUEL ROTHSCHILD

---

٩٧ تعريف الماء – موضوع – https://mawdoo3.com/تعريف_الماء
أ ب د.خالد محمد الزواوي (٢٠٠٤)، الماء، "الذهب الأزرق" في الوطن العربي، القاهرة- مصر: مجموعة النيل العربية للطباعة والنشر، صفحة ٦٧.

* MIGUEL ROTHSCHILD . هونەرمەند لە ساڵی ١٩٦٣ لە بوینس ئایرس لە ئەرجنتین لە دایك بوە هونەرمەندێکی هاوچەرخە کارەکانی بەشێوەی . Installations ئەنجام دەدات ". | Miguel Rothschild | Contemporary Art
Hatje Cantz https://www.hatjecantz.de/miguel-rothschild-6535-1.html

مەتریاڵی ئاو لەسەر زەوی بەشێکی زۆری داگیرکردوە بەهۆی دەریاو زەریاو ئۆقیانوسەکان ئاو لە ژێر زەویش هەیە بە هۆی پلەی گەرمی زۆرەوەبەشێکی دەبێتە هەلم ، ئاو بەشی سەرەکی ژیان مرۆڤایەتی پێك دەهێنێت لەسەر زەوی و ٧١٪ رووی زەوی پێك دەهێنێت مەتریاڵەکان کەلە سروشت بونیان هەیە لەروی قەبارەو رەنگ و شێوەو پێکهاتەکەی جیاوازن . لەسەرەتای دروست بونی مرۆڤایەتیەوە تاکو ئەو سەردەمەی تێدا دەژین کە سەردەمی هاوچەرخە مرۆڤ سودی لەو مەتریاڵە سروشتیانە وەرگرتوە بۆ وەزیفەو کاری جیاواز بەکاری هێناوە هونەرمەندان لە هەموو سەرەدەمەکان سودیان لەو مەتریاڵە سروشتیانە وەرگرتوە ئەوە لەبیرو ناخیاندایە لەرێگای ئەو مەتریالانەوە لە کارێکی پەیکەر دەری برێت . هونەرمەندان لەو سەردەمەی هاوچەرخدا توانیویانە ئەو مەتریالأنەی لە نێو سروشتدا هەیە لە فۆرمێکی هونەریدا چەند مەتریالێك بە یەکەوە کۆبکەنەوە بۆ دەربرینی بیرۆکەکانیان .

بەمەش دەکرێ ئەو مەتریالانەی لەسروشت بونیان هەیە لەم خالأنەدا سیمای تایبەتیان بناسرێتەوە

١–مەتریاڵەکان کەلە سروشت بونیان هەیە لەروی قەبارەو رەنگ و شێوەو پێکهاتەکەی جیاوازن .

٢–لەسەرەتای دروست بونی مرۆڤایەتیەوە تاکو ئەو سەردەمەی تێدا دەژین کە سەردەمی هاوچەرخە مرۆڤ سودی لەو مەتریاڵە سروشتیانە وەرگرتوە بۆ وەزیفەو کاری جیاواز بەکاری هێناوە وەك لایەنی بازرگانی بیناسازی و پەیکەرو وەرزش جوانکاری هتد .

٣–هونەرمەندان لە هەموو سەرەدەمەکان سودیان لەو مەتریاڵە سروشتیانە وەرگرتوە ئەوە لەبیرو ناخیاندایە لەرێگای ئەو مەتریالانەوە لە کارێکی پەیکەر دەری برێت .

## ٢–بەکاربردنی مەتریاڵ لە سەردەمی میسری دێرین.

شارستانییەتی دێرینی میسر لەو شارستانییەتە دێرینانەیە کە زۆرترین پاشماوەی( هونەریو شارستانی ) بۆ مرۆڤایەتی بەجێ هێشتوە، بە چەندین قۆناغی جیاواز دا تێپەری کردوە ، هەرلە چاخی بەردین و کۆنو ناوەراست و نوی ، سەردەمی نەقادە ئەویش جەند قۆناغیك بوو دواتر سەردەمی خێزانەکان نزیك ٣٠ خێزان دەبوون لە ناو هەر خێزانێك چەند کەس حوکمی کردوە، لە سەرەتای دروست بوونی ئەم شارستانییەتە زۆرترین مەتریاڵی جیاواز بەکار براوە ، نموونە ئەو مەتریالانە چ وەك کەلوپەلی رۆژانە بێت چ وەك کەلوپەلی جوانکاری بێت ، یان دروستکردنی پەیکەر بێت ،نموونە یان بۆ لایەنی بیناسازی و پەرستگاو هەرمەکان بێت ، ئەو مەتریالانەش وەك مەتریاڵی( زێر و مس، شوشەو، بەرد و عاج و دارو، برۆنز) ، خاکی میسر بە هۆی سروشتی خاکەکەی دەولەمەندە بە کۆمەلێك مەتریاڵ وەك بەردو شوشە و زێرو...هتد ، بۆیە لە شارستانییەتی دێرینی میسری دا بە تایبەتر لە سەردەمی خێزانەکان هەولی دەستە بەرکردن و دۆزینەوەی مەتریاڵی زێردراوە، بەتایبەتی لە حوکمی خێزانی ١٢ دا بەولاوە دەستی پێکرد بۆ گەران بەدوای مەتریاڵی زێر" نەخشەی یەکەم کانی زێر کێشرا لە میسری دێرین لەسەردەمی بنەماڵەی نۆزدەهەمی میسری لە نێوان سالەکانی ١٢٠٠–١٣٢٠ پێش زایین، لەکاتێکدا کۆنترین دەستنووس ئاماژە بە کانی زێر دەکات لەسەردەمی خێزانی دوانزدەهەمی میسری ١٩٠٠ سالْ پێش زایین."( [٩٨] )

مەتریاڵی زێر یەکێکە لە ومەتریالانەی کە لە ژێرخاك دایە بە تایبەت تر لەگەڵ مەتریاڵی بەرد دایە بۆیە سروشتی خاکی میسر دەولەمەند بە چەند جۆرێك بەرد، بۆیە دۆزینەوەی زێر لە کانگە بەردینەکان دەبێت بۆیە لە شارستانییەتی دێرینی میسری بە تایبەت چینە بەرزەکان وەك پاشاو خانەدانەکان چی پیاو بیت چی ئافرەت مەتریاڵی زێریان بۆ مەبەستی جوانکاری بە کاربردوە، چەندان بازن و ملوانکەو ئەنگوستیلەو تاج و کەلوپەلی تریان لێ دروست کردوە، لە هەمانکات دا لەگەڵ مەتریاڵی زێر جۆرێك بەردی تایبەتیان بە کاربردوە یان رازاندویانەتەوە بەو جۆرە بەردانە بۆ جوان دەرکەوتنی زیاتر ، " میسریە دێرینەکان لە پێشوودا کۆمەلێکی جۆراوجۆر لە ملوانکە ی یاقوتیان لەملکردووە کە هەریەکەیان هێمایەکی تایبەتی هەبووە، ئەو ملوانکانەیش زۆربەی کات پێکهاتبووە لە بەردی بەنرخی میسری و گەورە و زێری نەخشراو، کە هەمویان پێکەوە کۆدەکرانەوە و گەردانە و ملوانەکەیان لێ دروست دەکرد، پاشان لە ملیان دەکرد." ( [٩٩] ) ، ئەمەش لە دۆزینەوەی تایبەتمەندیە زانستیەکانی مەتریاڵەکاندا وەك توانەوە لە پلەی گەرمی دیاری کراودا، ئەم دۆزینەوانە بۆ توانەوەی مەتریاڵە سەختەکان ئاستی بەکاربردنی مەتریاڵە جۆراوجۆرەکانی ئاسان کرد بۆ دارشتنەوەی پەیکەرەکان بەو مەتریالأنەو

---

[٩٨] Walter L. Pohl . Economic Geology Principles and Practice .2011. p.208

[٩٩] مجلة سيدتي | الصفحة الرئيسية - https://www.sayidaty.net/node/625336/أسرة-ومجتمع/تحقيقات-الساعة/المجوهرات-والحلي-رمز-خاص-للثقافة-حول-العالم

گونجاندنی زیاد لە مەتریالێك لە جەستەی پەیکەردا، ئەم گونجاندنە لەڕوی رەنگ و توخمە وە نیشاندنی سەلیقەی زانستی و هونەری و پیشەی" لەسەرەتاکانی دەولەتی هاوچەرخ بەکارهێنانی زێر زۆر زیادی کرد بۆ روپۆشکردن بەکاردەهات وەکو روپۆشکردنی ئەو کەلوپەلانەی لە گۆری( تۆت عنخ ئامۆن) دۆزرانەوە، لە گرنگترین بەکارهێنانەکانی زێر لەو سەردەم دروستکردنی پەیکەری فیرعەونەکان بوو لە زێر ئەمە زانایانی سەرسام کردەوە لەوەی کە میسریە دێرین چۆن توانیویانە بگەنە ئەم پلەبەرزەی گەرمی بۆ تواندنەوەی زێر کە دەگات ١٠٦٣ پلەی گەرمی. " ([١٠٠]) بروانە وێنەی ٧١پەیکەری پاشا توت عنخ ئامون، وێنەی ٧٢چریج زوجه توت عنخ ئامون



وێنەی (٧٢) چريج زوجه توت عنخ ئ‌مون



وێنەی ٧١ پەیکەری پاشا توت عنخ اموون

لەشارستانییەتی میسری دێرین مەتریاڵی مس یان بەکارهێناوەبۆ کەلوپەلی رۆژانەو پێداویستیەکانیان بۆیە بیابانەکانی ناوچەی سینا دەولەمەندە بەو مەتریالانە لەوانە مەتریاڵی مس بۆتە هۆی بازرگانی کردن پێوەی تیمە توێژەرە سەربەخۆیەکانی زانایان لە ئەوروپا گەیشتونەتە ئەو دەرەنجامەی ئەو مادە مس یکە لە دروستکردنی کەلوپەلە دەستکردەکانی میسری دێرین بەکارهاتووە سەرچاوەکەی بەشێوەیەکی سەرەکی دەگەرێتەوە بۆ کانەکانی نیمچەدورگەی سیناوە و بیابانی رۆژهەڵاتەوە هاتوە لە دۆزینەوەی گۆری پاشاکان لە کاتی پشکنیندا شوێنەوارناسەکان ئاماژەیان بە بونی مەتریاڵی مس کردوە لە ناو کەلوپەلە دۆزراوەکان دەفرو قاپو بەرداخ مێژوی بە کارهێنانی دەگەرێتەوە بۆ خێزانی یەکەم " سەرچاوەی مسەکەی دەگەرێتەوە بۆ زۆر شوێن لەوانەش بیابانی رۆژهەڵاتی سیناوە هاتووە، هەروەها کەلوپەلە دروستکراوەکانی لە مس لە ناوچەی مەملەکەتی کۆنی جیزە هەر هەموو لە مادەی خاوی بیابانی رۆژهەڵاتەوە دروستکراون، توێژینەوەکانی لەسەر دەفەرە کانزایی و مسەکان دەریانخستوە کە ئەو کەلوپەلانەی گۆرستانی خێزانەکانی یەکەمی میسریەکان ٨٩٠–٣٠٠٠ ساڵ پێش زایینی ئەو دەفەر و کەلوپەلانەی دۆزرانەتەوە لەویَ دوای شیکردنەویان بینراوە کە هاوشێوەی ئەوانەیە کە لە ئەنازۆل

[١٠٠] التماثيل الفرعونية المصنوعة من الذهب - ابجديه – Abjadih- https://abjadih.com/التماثيل-الفرعونية-المصنوعة-من-الذهب/

دۆزراوەتەوە ئەمەش گەورترین بەلگەیە لەسەر بوونی بازرگانی لەنێوان میسر ئەنازۆڵ تورکیایی ئێستا. " ([101])

سەیری وێنەی ٧٣ بکە



وێنەی ٧٣کەلوپەلی میسری دێرین مەتریالی مسی سپی نەخشێنراوە لە گەڵ زیو

مەتریاڵی شوشە یەکێکە لە ومەتریالانەی لە خاکی میسر بە تایبەتر لە بیابانەکان بونی هەیە دۆزراوەتەوە سودی زۆریان لیّ بینیوە بە مەبەستی رازاندنەوە جوانکاری ئافرەتان و پیاوان ئەم مەتریاڵی شوشەیە جۆراو جۆرە تێدایە بۆیە زاناکان لەو باوەردان بونی ئەم مەتریاڵە پشت راست دەکەنەوە "میسری دێرین مەتریاڵی شوشەیان بەکاردەهێنا بو کاری جوانکاری و رازاندنەوە لەگەڵ مەتریاڵی تر کۆیان دەکردوە وەك مەتریاڵی زێرو دارو بەردی الازورد بەتایبەت کەلوپەلە جوانکاریەکانی پاشا توت عنخ امون " ([102]) سەیری وێنەی ٧٤



وێنەی٧٤پاش ماوەی بەجی ماوی پاشا توت عنخ امون بەکاربردنی مەتریاڵی زێر العقيق سۆر اللازۆرد الفيروزی مەتریالی شوشە لە مۆزەخانەی مصری لە قاهیرە

[101] معرفة مصدر النحاس في مصر القديمة - للعِلم - Scientific American
https://www.scientificamerican.com/arabic/articles/news/getting-to-the-source-of-ancient-egypts-copper/

[102] https://www.sayidaty.net/node/894186/أسرة-ومجتمع/تحقيقات-الساعة/فكّ-لغز-زجاج-الصحراء-الذي-صُنعت-منه-مجوهرات-ملوك-الفراعنة

مەتریاڵی برۆنز لە لای میسریەکان بە کار هاتوە لە چەندین کاری هونەریو پەیکەرو کاری جوانکاری رەنگی داوەتەوە بەتایبەت تر بونی مەتریاڵی نحاس و زەرد و مس لە خاکی میسر، شیوازی توانەوەی تێکەڵکردنی ئەو مەتریالانە بە شێوەی نسبی تاکو مەتریاڵی برۆنز دروست دەبێت ، "بەکارهێنانی برۆنز لە وادی نیل دەگەرێتەوە بۆ شانشینی نوێ ، لەنێوان سەردەمی بەردینی نوێ و سەردەمی ئاسن ، لەگەڵ کونترین شارستانیەتی جیهان لە کۆتای سەردەمی برۆنز لە ٣٠٠٠ساڵ ق .م کەپەیوەندە بە سەرهەڵدان و نوسین لەگەڵ هەردوو شارستانییەتی میسرو وادی رافیدین " (١٠٣) ، لە شارستانییەتی میسری دێرین مەتریاڵی برۆنز بە کارهاتوە لەگەڵ مەتریاڵی تریش وەك زێرو دارو لە یەك فۆرمدا ئەوەی گرنگە لێرە ئاماژەی پێبدەین ئەو تواناو سەلیقەو شارەزایەیە لە دارشتنی مەتریاڵی برۆنز بەو کوالێت و تەکنیکە پێش ئەوەندە ساڵە پێش ئستا بۆیە بۆمان دەردەکەوێت کە خاوەنی توانایەکو بەهریەکی نایاب بونەوە خاوەنی تەکنیکی تایبەتی بەخۆیان بونە کە بۆتە جێگای تێرامان بیرکردنەوەی قول، وێنەی ٧٥ پەیکەری برونزی (للقطة باستت) پشیلە



وێنەی٧٥ پەیکەری برونزی للقگە باستت

خاکی میسر سروشت و جوگرافیاکەی بەوە بە ناوبانگە کە دەولەمەندە بە مەتریاڵی بەرد بە تایبەت تر بەردی گرانێت و دیورایت بۆیە لە دروست کردنی بیناسازیو پەیکەری گەورەو دروستکردنی هەرەمەکان سودی زۆریان لێ بینیوە"لەشارستانیەتی دێرینی میسر جۆرە بەردێکی تایبەتیان بە کاردەهێنا بۆدرووستکردنی بیناسازی ئەویش بەردی گرانێت کە مەتریالێکی سەرەکی بیناسازی بوو"(١٠٤ ) میسریەکان لۆ بواری بیناسازی پێشکەوتنی زۆری بە خۆیەوە بینیوە بە کاربردنی مەتریاڵی بەردی زیاتر بیناکانی دەولەمەنترکردوە لەروی تۆکمەی و جوانی بەشێوازێکی تایبەتی خۆیان بیناکان و پەیکەرەکانیان دروستکردوە تاکو ئێستاش بۆتە مولکی ئەو شارستانیەتە ، بوزیاتر ئاشنابوون سەیری وێنەی ٧٦

١٠٣ - برونز - المعرفة https://www.marefa.org/برونز

١٠٤ - Blakemore, 1996, p.107 - https://eyesofegypt.wordpress.com/2016/03/16/a-simple-research-of-egypt/



وێنەی٧٦ بیناسازی مصری دێرین مەتریالی بەری گرانێت

مەتریاڵی عاج یەکێکە لە ومەتریالانەی کەلە ولاتی میسر بە کاربراوە بۆ مەبەستی دروستکردنی پەیکەرو لەسەر شێوەی ئاژەلەکان مەبەستی جوانکاری بۆیە ئەمە ئەوە دەسەلمێنی کە مەتریاڵی عاج بەکارهێنراوە لە لایان شارستانییەتی نقادەو میسریەکان ."بەکارهێنانی مەتریاڵی عاج دەگەرێتەوە بۆشارستانییەتی نقادە ئەو کات بۆ مەبەستی پەیکەری بچوك ئامرازەکانی روحی پەرستن بەکاریان دەهێنا " ([١٠٥]) بویە بەشێوەیەکی نایاب و سرنج راکیش تەکنیکی تایبەت بەخۆیان لە مەتریاڵی عاج توانیان پەیکەرو چەندان کەلوپەلی جوانکاری دروست بکەن کە بەبێتە جێگای تێرامان و وەك مێژوێك بەمێنێتەوە بۆخۆیان سەیری وێنەی ٢٠٥بکە مەتریالی عاج – وێنەی ٧٧مەتریاڵی عاج



وێنەی٧٧ پەیکەری بە مەتریالی عاج لە شێوەی قاز ابیدۆس خێزانی یەکم ٣٠٠٠–٢٨٠٠ق–م )

بە کاربردنی مەتریاڵی دار لە شارستانییەتی میسری دێرین بە تایبەت تر لە لای پاشاکان لەگەڵ مەتریاڵی وەك عاج وشوشەو زێرو برۆنز دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی خێزانەکان بە تایبەتی بۆ دروستکردنی کەلوپەلی سندوق و کورسی پەیکەرو کەلوپەلی جوانکاری تابوتەکانیان " هونەری میسری دێرین پێکهاتوە لە تابلو پەیکەرتاشی دارو بەردو سیرامیك نیگار کێشان و جوانکاری گەوهەر و عاج توانی رێگای هونەریو نوێنەرایەتی کردنی دەگمەنی

[١٠٥] روائع النحت فی عصور ما قبل الأسرات ٤٤٠٠ ~ ٣٣٠٠ ق.م – سیفجردز – https://www.civgrds.com/sculpture-prehistoric.html

روونی دێرینی سیستەمی ئابووری کومەلایەتی شارستانییەتی میسر پێشان بدات " ([١٠٦]) لەشارستانیەتی دێرینی میسری زۆرترین جۆری مەتریاڵی بەکارهاتوە وەك مەتریاڵی دارو بەرد و گەوهەرو سیرامیك عاج زێرو زیو نحاس مس سەیری وێنەی ٧٨پەیکەری پاشا تدعی تیامەتریاڵی دار .



وێنەی ٧٨ پاشا تدعی تیا. عام ١٣٩٠ قبل الميلاد.سالی ١٣٣٢–١٣٢٣ مۆزەخانەی مصر لە قاهرە

تایبەتمەندییەکانی بەکاربردنی مەتریاڵ لە سەردەمی میسری دێرین لەم چەند خاڵەدا پۆڵین بکەین .

١–کەلتورو شارستانییەتی میسری دێرین دەولەمەندە بە بەکارهێنانی زۆرترین مەتریاڵی جیاواز لە کەلوپەلی لایەنی جوانکاریو پەیکەر و لایەنی بیناساز هتد ....

٢–مەتریاڵی زێر زۆرترین بەکارهێنانی هەبوە لە شارستانییەتی میسری دێرین بولایەنی جوانکاریو پەیکەرو مۆر و تابوت کەلوپەلی تایبەتی پاشاکان بەکارهێنراوە .

٣–مەتریاڵەکانی وەك زێرو مس و نحاس زیو برۆنز و شوشەو عاج دار و بەرچاوترین ئەو مەتریالآنەن کە میسریە کان بەکاریان هێناوە بۆ پێداویستیەکانی ژیانیان .

---

[١٠٦] الفن في مصر القديمة - الفن في مصر القديمة - المعرفة https://www.marefa.org/الفن_في_مصر_القديمة

٣-مەتریاڵ لە سەردەمی پیشەسازیدا :.

بەرکەوتەکانی مرۆڤ لەگەڵ سروشتدا ئەو ململانێیەی خولقاند کە تا ئەمڕۆ مرۆڤ و سروشت وەك دوالیزمەیەکی ناچون یەك و دژ، لەسەر دووهێڵی تەریب بەیەکتر لەڕووبەڕو بونەوەدان، لەئاسۆی وەرچەرخاندا بەردەوام ئەم ململانێیە لە نویٚ بونەوەودایە، ئەمەش ئەوە بەرجەستەدەکات کە خودی مرۆڤ راوەستان و چەق بەستن دەگۆریٚ بۆ نوێبونەوەو داهێنان بۆ ئەمەش پیشەسازی بەیەکێك لە دیارترین ئامانج و ستراتیژە درێژخایەنەکانی مرۆڤ، کە بەچەندین قۆناغ و لەژێر سێبەری برەودانی لۆژیکی عەقڵدا توانیویەتی مێژوویەکی پڕ لە بەرهەمی بایەخدار بۆ هەوڵەکانی خۆی تۆمار بکات، لە قۆناغێکی دیاریکراودا مۆرڤ توانی بە کۆکردنەوەی هێزو توانستە زانستی و پیشەیەکانی لە شۆرشێکدا بەرجەستەبکات کە شۆرشی پیشەسازییە، ئەم قۆناغە بە گرنکترین وەرچەرخان ئەژمار دەکریٚ لە مێژووی هەوڵ و پێشکەوتنەکانی مرۆڤایەتی بو بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی بەرهەمدارو بنیاتنەری شارستانیەت لەڕوی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە، لەسەردەمی شۆرشی پیشەسازیدا ئەو گۆرانکاریە گەورەیەبوو کە لە ژیانی مرۆڤایەتیدا رویدا ، کە گشت سیکتەرەکانی ژیانی گرتەوە لە قۆناغێکی سەرەتایەوە بردیە قۆناغیکی گەشەسەندو پێشکەوتنی بەردەوام، لەپێش شۆرشی پیشەسازیدا ئەو شتانەی هەبوون لە بازارو پێداویستی خەلك زۆر بەشێوەیەکی سادەو ساکار دروست دەکران ، کارەکان زۆری کاری دەست بوون کاتێکی زۆری پێدەچوو تاکو دەهاتە بەرهەم ، لە پێش شۆرشی پیشەسازیدا کارە دەستیەکان لە ناو خانو ماڵەکان دروست دەکران ، لەگەڵ هاتنی شۆرشی پیشەسازی بوە هۆی گۆرانکاری زۆر گەورە هاتنە کایەی کۆمەڵێك ئامێری تازە هاتنە ناو بواری پیشەسازی کارگەکان کە لەوە پێش نەبوە تازەگەری بوو لەم بوارانەدا ، سودی زۆر لە ئامێری هەڵمی و کارەبای وەرگیراوە بۆیە لەسەردەمی پیشەسازیدا کارەکان بە ئامانج کران و بەرهەمی زیاتر دەخرایە بازار و گەرانەوەی کاتی زیاتر رێکخستنەوەی کارەکان بە شێوەی بەرنامە بۆ دارێژراو سودی ئابوری زیاتر، سەرهەڵدانی هونەرمەندان لەو کاتەدا بە تایبەت لە ئەوروپا دا وەك هونەرمەندی هۆلندی ( فینسنت فان کۆخ ) کە کارەکانی وای کرد ئەم هونەرمەندە بە ناوبانك بێت شوازو دەربرینێکی تایبەتی بە خۆی هەیە ، " لەسەردەمی شۆرشی پیشەسازیدا هونەر بەرەو نیو کلاسیك هەنگاوی دەنا لەسالانی ١٧٥٠ تاکو ساڵی ١٨٢٠، گەرانەوە بەرەو کلاسیك گریك و رۆمانی لەسەر دەستی هونەرمەندان ( Jacques-Louis David, , Jean Auguste Dominique Ingres ) لەو ماوەیەدا هونەرمەند( فینسنت فان کوخ)* دەرکەوت سەرەتای دەرکەوتنی هونەرمەند دەگەرێتەوە بۆ چونی " (١٠٧) هونەری پەیکەر لەو ماوەیەدا بەرەو لایەنی گوزارشت گەرای هەنگاوی

* ( فینسنت فان کوخ : هونەرمەندێکی وێنە کێشی هۆلەندیە لە ساڵی ٣٠-٣-١٨٥٣- لەدایك بوە لە ساڵی ٢٩-٧-١٨٩٠- کۆچی دوای کردوە هونەرمەندی سەربە قوتابخانەی ئینطباعي وە بووە " فینسنت ڤان گوخ - المعرفة
https://www.marefa.org/فينسنت_ڤان_گوخ

١٠٧ فینسنت ڤان گوخ - المعرفة https://www.marefa.org/فينسنت_ڤان_گوخ

دەنا کارەکانی هونەرمەندان گوزارشتی لەو سەرکەوتن و سەرهەلدانی شۆرشی پیشەسازی دەکرد ، کارەکان مانا دار بوون لێگدانەوەی زۆری بە دوای خۆیدا دەهێنا" لەم ماوەیە پەیکەرسازیش پەیدابوو کە گوزارشتی لە هەموو لایەنەکانی ژیان دەکرد وەکو خۆشەویستی و تەنانەت پەیکەری ئایینی سەری هەلدایەوە کارە هونەریەکان لەو ماوەیە ئەوەندە سەرنج راکێش بوونە تەنانەت بۆ ماوەیەکی زۆریش لێیان وردبیتەوە دەبینی راڤەی جۆراو جۆر هەلدەگرێت و پر مانایە تەنانەت لە وێنەکانەوە هەستت بە هەست و سۆز و هونەرمەندەکرد کە لە بارودۆخێکدایە هەروەها وێنەی وەها هەیە تا ئێستا نەتوانراوە نەهێنیەکەی ئاشکرا بکرێت." ([108]) ، هونەمەندان سودی زۆریان لە وبارو دۆخو سەرکەوتنانەی گەلان و هاتنەکای ئامێری تازەو ، کەلو پەلانەی هونەریو دامەزراندنی ستۆدیۆی تایبەت بە هونەری جۆراو جۆرەکان بینی ئەمەش هەنگاوێکی زۆر ئیجابی بوو بۆ لایەنی هونەر لەو سەردەمەدا بوە هۆی بوژانەوەی جارێکی تری هوونەری ، هونەرمەندان بەشێوەیەی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ سوودیان لەم پێشکەوتن وەرگرت، ئەمەش زیاتر کاری هونەری ئاسانترکرد بەمەش ستۆدیۆی تایبەتی بە بواری هونەرمەندا درووست بوو ئەمەش زیاتر پێشکەوتنی خستە بواری هونەریەوە، لەو پەیکەرە بەناوبانگانەی لەو سەردەمە دروستکراوە کەتاکو ئێستا جێگای بایەخ وەك ئاماژەیەك بۆ سەرکەوتنەکانی گەلی ئەمەریکا ، گەلی فەرەنسا پێشکەشیان کردن ئەو کاتە،" پەیکەری ئازادی ،تمثال الحريه ، (بالانجليزيه پێدەلێن: Liberty Enlightening the World) بە بالفرنسيه پێدەلێن: La Liberté éclairant le monde)لەلایان( اوغست بارتولدی ) * دروستکراوە دیزاینەکەی لەلایان دیزاینەرەو بیناسانی فەرەنسی (ألکساندر غوستاف إيفل.) * لە ساڵی ١٨٨٥، ([109]) لەم پەیکەرەدا مەتریاڵی بەردی گرانێت و بەشێوەی سەرەکی بە کارهاتوە دواتر لە ناو دەستی مەتریاڵی نحاس بە کارهاتوە وە مەتریاڵی فولاز جۆرێکە لە مەتریاڵی ئاسن و مەتریاڵی خرسان واتە کۆنکریتی تێکەلەی لم و بەرد و چەمەنتۆ یە بە کاربراوە لەم پەیکەرەدا ." چەندان مەتریاڵی جۆراو جۆر لە

---

[108] On My Sculpture Influenced by the Industrial Revolution – jstor P187 https://www.jstor.org/stable/1574205?seq=1#metadata_info_tab_contents

* فریدیریك اوغست بارتولدی : پەیکەرسازی فەرنسی لە ساڵی ٢-٨-١٨٣٤ لە فەرەنسا لە دایك بوە لە ٤-١٠-١٩٠٤ کۆچی دوای کردوە یەکێك لە کارە پەیکەر سازیەکانی پەیکەری ئازادیە لە ئەمەریکا " فريدريك أوگست بارتولدي - المعرفة https://www.marefa.org/فريدريك_أوگست_بارتولدي

* ألكساندر غوستاف إيفل : نازناوی خێزانی (بونيكهوسن Bônickhausen) بالفرنسية ( Alexandre Gustave Eiffel) لە ساڵي ١٥-١٢-١٨٣٢- لە فەرەنسا لەدایك بوە لە سالی ٢٧-١٢-١٩٢٣- لە تەمەنی ٩١ساڵی کۆچی دوای کردوە ، دیزاینەکانی بە مەتریالی (کباری أو سكك حديديه ) کاری دیزاینی پەیکەری ئازادی و برجی ئیفلی کردوە گوستاڤ إيفل - المعرفة https://www.marefa.org/گوستاڤ_إيفل،

[109] تمثال الحرية - المعرفة https://www.marefa.org/تمثال_الحرية

**دروووست کردنی ئەم پەیکەر بەکاربراوە وەك نحاس ، ئاسن ، کۆنکریت ، بەردی گرانێت " ([110]) سەیری وێنەی (٧٩) پەیکەری ئازادی**




وێنەی(٧٩) پەیکەری ئازادی لایان پەیکەرسازی فەرەنسی فریدیریك اوغست بارتولدی لەسالی ١٨٨٦

**تاوەری ئیفلٚ یەکێکە لەو کارە جوانانەی ئەو سەردەمە کەلەلایان ئەندازیاری بیناسازی ( الكساندر غوستاف ايفل ) بنیات نراوە بە مەتریالّی ئاسن و پۆلا و روناکی لە ولاتی فەرەنسادا ، " برج إيفل (بالفرنسيه: Tour Eiffel) ئەم تاوەرە لە مەتریالّی ئاسن دروست کراوە بە بەرزی ٣٢٤م دەکەوێتە باکوری خۆرئاوای باخچەی (شامب-دی-مارس ) وە خۆرئاوای روباری (السين) ئەم تاوەرە لە لایان ئەندازیاری بیناسازی ( ألكساندر غوستاف إيفل. بنیات نراوە ی لەسالّی (٢٨ يناير ١٨٨٧ ) وە لە سالّی (١٥ مايو ١٨٨٩ ) تەواو بوە " ([111]) سەیری وێنەی (٨٠) برجی ئیفل**



وێنەی ٨٠ (تاوەری ئیفل کە لە لایان ئەندازیار (( ألكساندر غوستاف إيفل ) درووستکراوە

[110] تمثال الحرية - المعرفة https://www.marefa.org/تمثال_الحرية

[111] برج إيفل - المعرفة، https://www.marefa.org/برج_إيفل

لەو سەردەمەدا زۆر زاناو کەسایەت و داهێنەرو فەیلەسوف سەریان هەڵدا لە ولاتە جیاجیاکان یەکێك لەو فەیلەسوفانە ئافرەتێکە بەریتانی بوو بە ناوی (ماری وولستونکرافت) " نوسەرو فەیلەسوفی بەریتانی ( ماری وولستونکرافت) لە ٢٧ -٤ ١٧٥٩ لە لندەن لە دایك بوە ، یەکەم کچی خێزانەکەیان بوە ، نوسەرو فەیلەسوفی سەدەی هەژدەیە " ([١١٢]) ئەم فەیلەسوفە زۆر نوسینو لیکۆلینەوەی کتێبی بلاو کردۆتەوە لە بارەی ( مافی ئافرەت ، شۆرشی فەرەنساو ، بناغەی ئەدەب و سلوك ، پەروەردی مندالان ) ئەم فەیلەسوفە زمانەکانی فەرەنسی هۆلندی و ئەلمانی بە باشی زانیوە کاری پێکردوون لە نوسینەکانی رەنگی داوەتەوە، لە ولاتی ئەلمانیا فەیلەسوفێکی تر سەری هەڵدا بە ناوی ( ایمانویل کانت ) ئەم فیلەسوفە زۆر کاری لەسەر تیۆری معریفی و رەخنەی عقل و رەخنەی یاساکان و رەخنەی عقل بە تەنیا و وە تیۆری هەستکردنی هەستی دەکرد " فەیلەسوفی سەدەی ١٨ ( ایمانویل کانت ) فەیلەسوفی ئەلمانی لە سالی ٢٢-٤-١٧٢٤ لە دایك بوە ، زۆربەی ژیانی لە شاری (کونیغسبرغ) بەسەر بردوە فەلسەف و بلاو کراوەکانی لەسەر ( نقریە المعرفە ، فلاسفە ع

صر التنویر ، کتابە نقد العقل المجرد الذي نشره سنة ١٧٨١ ، کتابة نقد العقل العملي بلاو کردنەوەی لە سالی ١٧٨٨ ، وکتابة نقد الحکم ، فلسفة الجمال والغائیة، بلاو کردنەوەی فەلسەفەی (نظریة الإدراك الحسي النظریة في کتابە الأشهر الذي صدر عام ١٧٨١ نقد العقل المجرد لەسالی ١٢-٢-١٨٠٤ کۆچی دوای کردوە "([١١٣] ) .

بەمەش دەکرێ تایبەتمەندییەکانی سەردەمی پیشەسازیدا لەو خالآنەدا بناسرێتەوە .:

١- لەگەڵ هاتنەکایەی شۆرشی پیشەسازی گۆرانکاری گەورە هاتە ئاراوە لە قۆناغی سەرەتایەوە چوە قۆناغی گەشەسەندو بەرهەم هێن .
٢- دروستکردنی باڵەخانەوە شاری نوێ جوان، بووە بە هۆی درووستکردنی چەندان شاکارو پەیکەرو برجی وەك (پەیکەری ئازادی -تاوەری ئیفل) .
٣- لەسەردەمی پیشەسازیدا کۆمەڵێك مەتریالی تازە و جیاوازو هاتنە ناو دوونیای پەیکەرو بیناسازی و کارگەکان کە لەوە پێش بوونی نەبوە .

---

[١١٢] ماري وولستونکرافت - المعرفة https://www.marefa.org/ماري_وولستونكرافت
[١١٣] إمانوِل كانط - المعرفة https://www.marefa.org /إمانوِل_كانط

## ٤- مەتریاڵ لە سەردەمی هاوچەرخدا.

شارستانییەت مێژووی پێشکەوتنی مرۆڤ دۆکۆمێنت دەکات وەك گەواهیدەرێکی هەمیشەیی لە گرێدانیدا دەمێنێتەوە، هونەر وەك بەشێکی گرنگی نێو کایەی شارستانییەت لەگەڵ گەشەو نەشەو نما هزریەکان مرۆڤ حەقیقەتی ئەو پێشکەوتنە بەرجەستە دەکەن ، بۆهەر قۆناغێك جۆرێك لە جیاوازی بەرهەم هاتووە ، ئەوەیش بەرهەمی بەرەوپێش چوونی هزری مرۆڤ بووە سەبارەت بەو قۆناغە نوێیەی، کە خودی مرۆڤ ویستی لەسەربووە هاوسەنگی قۆناغە نوێیەکەی بێت، نەك پێچەوانەکەی کە لێکچوون و دوبارەکردنەوە بێت ، ئەمەش حەقیقەتی بەرەو پێش چون و رازی نەبوونی مرۆڤە بە سورانەوە لە خولگەیەکدا کە دیارە ئەمەش بە تەنها یەك بواری نە گرتەوە، گومان لەوەدانییە کە هەڵکشان و بەرەو پێش چوون گشتگیرە هەربۆیە هەریەك لەو جیاوازیانەی بەرهەم هاتون کاریگەریان لەسەر ئەوی دی بەجێ هێشتوە و بەجێ دەهێڵێ "کە سەرەتای شەستەکانی سەدەی رابردوو دادەنرێت بە سەرەتای سەرهەلدانی (هونەری هاوچەرخ) لەگەڵ سەرهەلدانی هەموو ئاراستە جیاوازەکانی لە بەکارهێنان و تەوزیف کردنی کەرستەو مەتریاڵەکان، بەوەشبوە هونەرێکی جیهانی و رکابەری هونەرکانی تری دەکرد ئەوەش لەگەڵ پێشکەوتنی شارەکان دەگونجاو کاری کردە لەسەر دیدگا و بیرکردنەوەی هونەرمەند وە شێوەکان گۆرانکاریان بەسەرداهات لە روی بینین و جوولە و بیستنەوە"([١١٤]) هاوچەرخ بوون بۆخۆی هەڵگری واتایەکی ئاشکرایە کە مەبەست لێی سەردەم بوونە، واتە خواستی ئەو سەردەمەی کە کایە شارستانییەتەکان بەگشتی و هونەر بە تایبەت تیا گوزەردەکەن، ئەمەش ئەوە دەگەینێ بە ئەنجام گەیاندن و لە دایك بوون هەر کردەیەك یان دەقێك هاودەمی سەردەمەکەی دەبێت و گۆرانکاری و هەڵکشانەکانە دەبنە زادەی نیو ئەو دەق و کردانە و خۆی پابەند دەکات بە سەردەمەوە ، ئەمەش وادەکات کە بەرهەمەکان مۆرك و سیمای سەردەمیانە وەرگرن و پرنسیپەکانی سەردەم بوون جێگەی باو بگرێتەوە ، .هونەرمەندای لەو سەردەمی هاوچەرخەدا لە رێگای مەتریاڵ و کەرستەی جۆراوجۆری رۆژانەو سروشتیەوە بۆ کارەکانیان هەولی نوێکاریان دەدا لە کارەکانیان ، هونەرمەندانی ئەم بوارە تەنها کاریان لەسەر پێشخستنی ئەم هونەر نەکرد بەلکو کاریان دەکرد بۆ نوێکردنەوەی ئەویش بە بەکارهێنانی مەتریاڵ نوێی و جۆراوجۆر لە کارەکانیان،. سات بەسات لەگەڵ تێپەربوونی کات هونەر زیاتر هاوچەرخ بوونی بەرجەستەکرا گەشەیسەند ، بەتایبەتی هونەری پەیکەر گۆڕانکاری ریشەی بە سەرداهات لە رێگای دەربرین و کارەتازەکانی هونەرمەندان ، بە هۆی کۆکردنەوە بە کارهێنانی مەتریاڵی جیاواز کۆکردنەوەی چەندان مەتریاڵی جیاواز لە یەك کاری هونەریدا" لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو هونەری پەیکەر زۆر گۆرانکاری بەسەرداهات، ئەویش بە بەکارهێنانی شێواز و ئامراز و تەکنیکی جیاواز و پێشکەوتوو، لێرەدا بۆمان روون دەبێتەوە کە هونەرمەند پشت دەبەستێت بە شێوازی بیرکردنەوەی خۆی لە بەرجەستەکردنی بۆ واقیع لەرێگەی

---

[١١٤] محمود امهز ، الفن التشكيلي المعاصر ، ١٨٨٠ -١٩٧٠- التصوير ، دارا ثلاث للتصميم و الطباعة و النشر،بيروت -البنان - ١٩٨١-ص-١٥٢

جۆرها کەرستە و مەتریاڵی جیاوازەوە کە پێی گونجاوە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەوخەیاڵ و بیرۆکانەی کە هەیەتی (١١٥)،تا دەهات هونەرمەند ئازادتر دەبوو لە رێگای بیرکردنەوە، دەربرین ، ئەنجامدانی کارەکانی بە چی جۆرێك دەیکات، لە کوی دەیکات، چی جۆرەمەتریالێکی بە کاردەهێنی بۆ کارەکەی ، هەروەها هونەرمەند ئازادە لە بەکارهێنانی هەر جۆرە مەتریالێك لە ئەنجامدانی کارە هونەریەکی گرنگ ئەوەیە ئەو بە شیاوی بزانێت بۆ کارەکەی و گوزارشت لە بیرکردنەوەکانی بکات، شێوازی کارەکەشی بەجۆرێك دەبێت کە دوور بێت لە شێوازە باوەکانی سەردەمی پێشوتر، بەشێوازی تر دەتوانین بلێین ئەم هونەرە بریتی بوو لە وەرگێرانی بیر و هزری هونەرمەند بۆ سەر ئەرزی واقیع ." لە بنەرەتدا کاری هونەری تەنها مەبەست لێی جوانی نییە ، بەقەدەر ئەوەی کە کار دەکرێت لەسەر دەرخستنی بیرۆکە و گوزارشت کردن لە رەهەندەکانی " (١١٦) سەیری وێنەی ٨٣،٨٢،٨١) هونەرمەند (Wolfgang Laib ) * هونەرمەند لەم کارە هونەریە کۆلێکشنەدا چەند مەتریالێکی جیاوازی لەیەك فۆرمدا بە کارهێناوە ، هونەرمەند کارەکانی بە شێوەی (کاری تێکەڵ کردن دامەزراندن ( Installatior) ، ئەمەش ئاراستەیەکە لە هونەری هاوچەرخ )







وێنەی (٨١) هونەرمەند ولفکانغ لایب ( Wolfgang Laib ) (وێنەی (٨٢) هونەرمەند Wolfgang Laib

---

١١٥ سمیث ، ادوارد لوسي ، احركات الفنية بعد احرب العالمية الثانية ، تر : فخري خليل، دار الشوون الثقافية العامة ، بغداد ، ب،ت ، ص،٢٣٢

١١٦ الشبلي ، اياد محمود ، التشضي وتطبيقاتة في الرسم العراقي المعاصر ، رسالة ماجستير ( غير منشورة) جامعة بابل كلة الفنون اجميلة ، ٢٠٠٥، ص، ١٢٢

* هونەرمەند ولفکانغ لایب ( Wolfgang Laib ) لە ساڵی ١٩٥٠ لە ئەڵمانی لە دایك بووە تەمەنی ٦٩ ساڵە یەکێکە لە هونەرمەند پەیکەرسازەکانی سەدەی هاوچەرخ ، " Wolfgang Laib | Art21 https://art21.org/artist/wolfgang-laib/




وێنەی (٨٣) هونەرمەند Wolfgang Laib

هونەرمەند کارەکانی شێوازی هاوچەرخی نویە (Movement Contemporary Art ) ئەم هونەرمەندە سەر بە قوتابخانەی ( التقليليه) ** لە سەرنجدانمان بۆ کردە هونەریەکانی هونەرمەند ولفکانغ لایب )دا دەردەکەوێ هونەرمەند پابەندبون رەت دەکاتەوە چیدی لەبازنەیەکی داخراودا وتاری مەتریاڵەکان ناکات، بەلکو بە پێچەوانەوە مەتریاڵەکان بەرەنگ و سیماو قەبارەی راستەقینەی خۆیانەوە کۆدەکاتەوە دیکاتە ئامرازی بیرۆکەکانی وەك لێدوانێکی بینەیی سەردەمیانە نمایش دەکات، لەکۆکردنەوەی مەتریاڵە جیاوازەکاندا، رێکخستنی پەیوەندیەکانی نێوانیان ئەو رەهەندەیە کە خودی هونەرمەند رۆڵ دەگێرێ لە بنیاتنانی دا بۆ کامڵ کردنی بیرۆکەکەی، لە رێگەی کەم کردنەوەی چربونەوە، ئەمەش بە هۆکاری زوتر نزیك بونەوە لە بەرجەستەکردنی بیرۆکەی کارەکە، ئەم بەدی هێنانەش لە کاتێکی کورت و خێرادا پشت بەو مەتریالآنە دەبەستێ کە خاوەن شوناس و تایبەتمەندی خۆیانن و ئامادە کردنیان لە لایان هونەرمەندەوە، ئەم ئازادیە لە بەکارهێنانی مەتریاڵ وای کرد شێوازی جیاواز و جوانیەکی زۆر بداتە کارە هونەریەکان، بەکارهێنانی مەتریاڵی نوێی و جۆراوجۆر وایکرد هونەری پەیکەرسازی لە شێوازە کۆنەکەیەوە بچێتە شێوازێکی تازە لە بەکارهێنانی مەتریاڵی جۆراوجۆر و شێوازی نوێ لە شێوە و جووڵە و کاریگەریەکان بەشێوازی جولە و پێکهاتەی میکانیکی لە کارە هونەریەکان دەکات بەمەش، "پەیکەر رەهەندێکی نوێی وەرگرتن لەم سەردەمە وە ئاماژە بە رەهەندی کات و شوێن دەکات و

** ( التقليليه) (بالآنجليزيه: Minimalism ) جولانەوەیەکی هونەری گەشەسەندە لە سالی ١٩٦٠ سەری هەڵداوە لە دەرەوە لە ژێر قوتابخانەی تجریدی ، ئەم قوتابخانەیە پشت دەبەستی لە سەر بنەمای ئەلوان و ئاسان کردن و سرینەوە ی زۆر وردەکاری " Bernard، Jonathan W. (1993). "The Minimalist Aesthetic in the Plastic Arts and in Music". Perspectives of New Music. 31 (1 (Winter)): 87. ما هي الـ Minimalism او الفلسفة التقليلية ؟ - حسوب I/O - io hsoub https://io.hsoub.com/culture/106223-ما-هي-الـ-minimalism-او-الفلسفة-التقليلية

کاریگەریان لەسەر دروستکردنی پەیکەرەکان چونکە لە هەر زەمەن و کاتێك شێواز و جولەی تایبەتی هەیە هونەری پەیکەر." ([117]) ئەم شێوازە نوێیە لە کاری زۆربەی هونەرمەندانی هاوچەرخ رەنگی داوەوە بەتایبەتی هونەرمەندانی ئەمەریکی ، ئەویش لە بەکارهێنانی مادە و کەرستەی نوێ لە دروستکردنی کارە هونەرەکانیان، بەهۆی سوود وەرگرتن لە پاشماوەی پیشەسازیەکان و جۆرو شێوەی کەرستەکانیش گۆرانکاری بەسەرداهات، هونەرمەندانی پەیکەر تەواو شیوە جیاوازو ئامرازی نوێیان بەکاردەهێنا لە کارەکانیان، " لە بنەرەتدا بناغەی کاری هونەریەکان بریتی بوو لە گۆرانی پاشماوە ژینگەیەکان لە شێوە سادەکەی دەگۆردرا بۆ کاری هونەری نوێ بە بەکارهێنانی مەتریاڵ و تەکنیك بە بیرۆکەو بیری هونەرمەند "([118]) ، سەیری وێنەی ٨٤ی هونەرمەندی ئەمەریکی روبرت ادمز(Robert Adams)*




وێنەی (٨٤) هونەرمەند روبرت ادمز ( Robert Adams )

ئەمەریکا لە دوای جەنگ بووە بنکەیەکی گەورەی هونەری و پێشکەوتنی زۆری بەخۆیەوە بینی لە رووی هونەریوە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی بەکارهێنانی ئاسن لە پەیکەرسازیدا، ئەم پێشکەوتنە هونەریە لە ئەمەریکا وایکرد

---

[117] القرة غولي ، عصام نوري مجيد ن فن الضوء المتحرك في تصميم انضمة حركية ضوئية فضائية رسالة ماجستير ( غير منشورة ) جامعة ، بغداد كلية الفنون الجميلة، ١٩٩٩،ص١٩

[118] ال وادي ، علي شناوة وعامر عبد الرضا ، التعبير البيئي في فن ما بعد احداثة ،دار صفاء للنشر ، عمان ، اردن ،٢٠١١،ص، ٣٨٢

* هونەرمەندی ئەمەریکی روبرت ادمز(Robert Adams) ، لە ساڵی ١٩٢٨ لە ئەمەریکا لە دایك بوە لە ساڵی ١٩٩٧ کۆچیدوای کردوە " روبرت آدمز
https://zims-ar.kiwix.campusafrica.gos.orange.com/wikipedia_ar_all_maxi/A/روبرت_آدمز

هونەرمەندانی پەیکەرساز ڕێچکەی تازە هەڵبژێن لە کارەکانیان دوور لە شێوازە کۆنەکان بۆیە هونەرمەند لە کارەکانیدا تەواوی هێزوو بیرکردنەوە ی خۆی دەردەبری ،" پەیکەرسازان واز لە شێوازە کۆن و تەقلیدیەکانی جاران بهێنن هونەرمەند لێرەدا پشتی بە تواناکانی خۆی دەبەست لە دروستکردنی پەیکەر و بەکارهێنانی کەرستەو مەتریاڵی جۆراوجۆ ، " ([119]) . ئەو گۆرنکاریانەی لە هونەری پەیکەر لە ئەوروپادا رویاندا لە سەدەی بیستەم بە گرنگترین هۆکار دادەنرێت بۆ دەرکەوتنی زۆر شێوازی نوێکاری لە کاری پەیکەرسازیدا، هەورەها گۆرانکاری بەسەر ئەومەتریاڵە تەقلیدی و کۆنانەدا هات کە بەکاردەهات لە دروستکردنی هەر پەیکەرێك، بۆیە زانیاری زیاتر سەیری وێنەی (٨٥) هونەرمەند ( Eva Hesse )*




وێنەی (٨٥) هونەرمەند ایفا هایس Eva Hesse

لە سەردەمی هاوچەرخەدا کاری پەیکەر کە دروست دەکران نەك بەس لە مەتریاڵ جیاوازی هەبوو بەڵکو لە روی شێوەو ناوەرۆکیشەوە تەواو جیاواز بوو کارەکان بە رەو ئالۆزیو جەنجاڵیەو لایەنی بیرکردنەوە گەران بەدوای وەلاّم و تێگەیشتن لە نەواخنی کارەکان دەچوو ، بۆیە بینەر بە ئاسانی لە کارە هونەریەکان نەدەگەیشت ، رەخنەگری هونەری (ادوارد سمیس) دەلێت:" پەیکەرسازەکان لە نیوەی سەدەی سەدەی بیستدا پشتیان بەو شێواز و کەرستانە بەستووە کە پێشتر بەکارهاتوە، هەرچەندە ئەو پەیکەرەی دروستیان دەکرد لە رووی ناوەرۆك و شێوەیوە جیاواز بوو، بەلاّم لەگەڵ ئەوەش پەیکەرەکەیان لە مرۆڤی سەردەمی هەلسانەوە و شۆرش دەچێت

[119] محمود امهز ، الفن التشكيلي المعاصر ،المصدر نفسة ، ص ٢٠٣

* Eva Hesse) : هونەرمەندی وێنە کێشی ئەلمانیە لە سالی ١٩٣٦لە هامبۆرغ لە ئەلمانیا لە دایك بوە لە سالی ١٩٧٠ لە ئەمەریکا کۆچی دوای کردوە . لە ئەمەریکا کاری پەیکەرسازی کردوە بە تایبەت مەتریالی فایبەرگلاس و پلاستیکی مەتریالی جۆراو جۆری لە کارەکانی بە کارهێناوە " Eva Hesse 1936–1970 | Tate
/https://www.getty.edu/recordingartists/season-1/hesse

بەڵام شێوازی کارکردنیان روون و ئاشکرایە لە تواندنەوەی مادەکان و هەڵکەندنی دار و بەرد و دروست کردنی قالب،"([120]) ، بۆیە پەیکەر لەو سەردەمەدا لە شێوازی کۆنەکەی تاشینی پەیکەر بە بەردو دارشتنی بەبرۆنز تا رادەیەك دوورکەوتەوە یان کارێکی هونەری لە یەك مەتریاڵ پێکهاتبی بۆیە کاری هونەری لەسەردەمی هاوچەرخ لە چەندان مەتریاڵ و چەندان کەرستەی جۆراو جۆری جیاواز پێك دەهاتن ، " بۆیە پێویستە لە پەیکەر نوێدا بیرۆکەی کۆن لەناوبەرین لە مەرمەر و برۆنز تەنانەت قبوولی دروستکردنی پەیکەر نەکەین لە یەك مەتریاڵدا و یەك سەرچاوەوە، بەڵکو دەتوانی بیست ماددە بەکاربهێنین بۆ دروست کردنی پەیکەرێك وەکو شوشە و دار و ئاسن و پێستە و قوماش و ئاوێنە و گلوپی کارەبایی ..هتد." ([121])

## ب– ئاراستە جیاوازەکانی سەردەمی هاوچەرخ ،

هونەری هاوچەرخ لەسەرەتای دروست بونیەوە بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەو نەشە و نمای کردو هەربۆیە بۆزیاتر دەرکەوتن و بەرەو پێش بردنی کۆمەڵێك ئاڕاستەی هونەری تازە هاتنە کایەوە کە زیاتر ئەو ئاراستەیەیان بەرەو گەشاندنەوە برد لە ناو دوونیای هونەردا، یەکی لە وئاراستانە ،

– هونەری زەویە لێرەدا زیاتر هونەرمەند مەتریاڵی سروشتی بەکاردەهێنی بۆ ئەم ئاراستەیە کارەکانی لە دەرەوەی ستۆدیۆکان نماش دەکات ، هونەری زەوی (Earth art): کەواتە هونەری زەوی یەکێکە لەو هونەرە سەرنج راکێشانەی کە هونەرمەند (سروشت) ی وەك ماتریاڵ بە بیرۆکەی جیاواز کردۆتە بنەمای کارە هونەرییەکەی، واتە سروشت و ئەو ماتریاڵ و مادانەی کە تیایدان، بابەتی سەرەکین وەك بەکارهێنانی بەرد و درەخت و دار و ئاو ... هتد، هەموو ئەمانە بوونەتە کەرستەی سەرەکی کاری هونەری، یەکێکە لە ئاراستەکانی هونەر کە ئامانج لێی نیشاندانی جوانی زەویە لەرێگەی وێنەگرتنەو یاخو وێنەی فۆتۆگراف، ئەمەش بۆ خۆی جۆرێکە لە گۆرانکاری لە هونەری وێنە و رێگایەکی تازەی بەرهەم هێنانە ئەویش لە رێگەی نمایش کردنی وێنە گیراوەکانەوە، " هونەری زەوی لەسەردەمی هاوچەرخدا ، ئەم هونەر زۆر بایەخی پێدراوە چونکە توانیویەتی پەیوەندنی نێوان زەوی و ژینگە، ئێستا ئەم هونەرە وەکو هونەری هاوچەرخ زیاتر لە هۆلەکان نمایش ناکرێت، هەورەها ئەم هونەرە بایەخی داوە بە دۆکۆمنێنتاری زەوی سروشتەکەی داوە لە رێگەی نمایشکردنیەوە ئەمەش کاری کردۆتە زۆر بەشی هونەر وێنەکێشان " ([122]) ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ هونەرمەندانی هاوچەرخ هەمیشە لە هەوڵی دۆزینەوەی بیرۆکەی نوێ و بەکارهێنانی ماتریاڵی نوێدا بوون بە مەبەستی داهێنانێکی نوێ و بە شێوازی جیاواز بە جۆرێ کە پانتایی زەویان بەکارهێناوە بۆ دەربرینی بیرۆکەکانیان و بە بەردا کردنی بەرگێکی هونەری

[120] سميث ، ادوارد لوسي ، احركات الفنية بعد احرب العالمية الثانية ، تر : فخري خليل، دار الشوون الثقافية العامة ، بغداد ، ب،ت ، ص،١٩٢

[121] Cubism and abstract art. The museum of modern art. New york.1974.p.60

[122] محسن عطية : التفسير الدلالي الفن ، عالم الكتب ، لقاهرة ، ٢٠٠٧، الصفحة ،٩٠،٩١- فن الأرض -

لەسەر ئەو پانتاییە گەورانە، بۆیە هەرکارێکی هونەری زەوی بێت بە شێوەیەکی هونەری کرابێت  بۆ خزمەتی ئەو زەویە کە تێدا دەژین پێشاندانی لایەنێکی جوانی یان ناشیرین کردنی زەویە، بۆیە هونەرمەند بۆ دروست کردنی کاری هونەری زەوی  پێویستی بە بەکارهێنانی زیاتر لە مەتریالێکە بۆ دەربڕینی ئەو بیرۆکەو خەیاڵەی کە لە ناخیدا هەیە .

" هونەری زەوی ئەو هونەریە کە کاردەکات بۆ جوان نیشاندانی ژینگە بەشێوەیەکی هونەری، هەر کارێکی ژینگەیی بە کارێکی هونەری دادەنرێت، بۆیە هەر کاتێکی دەلێین ژینگە زیاتر هەست دەکەیت وشەیەکی هونەری و کۆمەلایەتی و دەرونیی و پەروەردەیە  کە پەیوەندی بە جوانی و هزر و رەسم و پەیکەرسازی و کە هەر هەمووی جوانی لەخۆی دەگرێت " ([١٢٣]) بروانە وێنەی ( ٨٦) کاری هونەرمەند(Robert Smithson)[*] وێنەی (٨٧کاری هونەرمەند(Andy Goldsworthy )[**] وێنەی (٨٨-٨٩)کاری هونەرمەند (Martin Hill)[***]



وێنەی (٨٦) کاری هونەرمەند Robert Smithson



وێنەی (٨٧کاری هونەرمەند Andy Goldsworthy

[١٢٣] هديل هادي عبدالامير ، المعاضرة الاولي امفهوم الفن البيئي ، المرعلة (٤) ، الكلية الفنون الجميلة ، القسم التصميم ، تاريخ ، ٧-٢-٢٠١٤-
http://finearts.uobabylon.edu.iq/lecture_view.aspx?depid=5&lcid=38721

[*] Robert Smithson : هونەرمەند ئەمەریکی ، لە دایك بوی کانونی دووەمی _٢_ ١٩٣٨- کاری هونەری پەیکەرتاشی بەکارهێنانی وێنە کێشان – هونەری فۆتۆ گراف  کاری هونەری زەوی کردوە  ساڵیJuly 20, 1973  کۆچی دوای کردوە  "
Robert Smithson | Marian Goodman
/https://www.mariangoodman.com/artists/robert-smithson

[**] Andy Goldsworthy : هونەرمەندی بەریتانی لە دایك بوی ٢٦ July 1956 لە ولاتی بەریتانیا کاری هونەری sculptor, photographer and environmentalist فۆتۆ گراف پەیکەرتاشی کاری هونەری زەوی دەکا لە کارەکانیدا سروشت وەك فاکتەریکی گرنك بە دیار دەکەوی " Andy Goldsworthy - Living Your Wild Creativity
https://www.livingyourwildcreativity.com/art-gallery-1-mitchell-1

[***] Martin Hill : مارتن گرد لە دایك بوی ساڵی ١٩٤٥ لە ولاتی بەریتانیا ئەم شوێنە بۆهۆی رۆشنبیریو هونەر دابرێژێت ، بە ناو زۆر شوێن گەراوە کاری هونەری تێدا کردوە بە تایبەت هونەری زەوی " Martin Hill - Environmental Artist
/https://martin-hill.com/media-2/articles-about-us




وێنەی ٨٨ (کاری هونەرمەند Martin Hill




وێنەی ٨٩ (کاری هونەرمەند Martin Hill

کاری هونەرمەندان کە کاریان لەسەر هونەری زەوی کردووە، کارێکی تێکەڵکردن دامەزراندن ( Installation پێکهاتوە زیاتر لە مەتریالێك وەك دارو بەرد ئاو روناکی بەکارهاتوە ، بۆیە هونەری ژینگەی وەك پەیام نامەیەك وایە کە هونەرمەند دەری دەبڕێت بۆ بینەر لە رێگایەوە بۆی جوانی یان پاك خاوێنی یان پاراستنی ژینگە... هتد ، بۆیە هونەرمەند تەواوی تواناکانی دەخاتە گەڕ بۆ دەرخستنی ئەو پەیامە بە جوانترین شێوە و ئاسانترین رێگا و کورترین کات پەیامەکەی بگاتە لای بینەر ، " هونەری زەوی هونەرێکی خاوەن پەیامە کە ئامانجی گۆرینی دیدگای خەلکە و رازی کردنیانە لەهەمان کاتدا، هەروەها کاردەکات بۆ گۆرینی رفتار و کرداری خەلکی لەرێگەی پەیامە هونەری و لایەنی پەروەردەییەکە چونکە خاوەن هزری و هونەری و شێوەکاریە ، هونەرمەند کاتێك لەنێو سروشتدا ماتریاڵی وەك بەرد و دار و ..هتد، دەبینێ و چەندین شێوەی تیادا بەدیدەکات بەهۆیەوە بیرۆکەی جیاواز دێتە هزری و چەندین وەرچەرخانی جۆراوجۆری بۆدەکات بەهۆی بیرکردنەوەکانی خودیخۆی و دەستکاری سەرچاوە سروشتیەکە دەکات و گۆڕانکاری تیادا دەکات چ بەدەستکاریکردنی ماتریاڵە سروشتیەکەبێ یان تێکەڵکردن و ئاوێتەکردنی بە ماتریاڵی سروشتی تر یان دەستکرد، بەپێی گونجاندنی لەگەڵ یەکدا بۆ بەرجەستە کردنی بیرۆکەی تایبەت بە خۆی ، بێگومان وەك وتمان هونەرمەندی هاوچەرخ هەموو شتێکی بەکارهێناوە بۆ کاری هونەری ، تەنانەت زەویشی بەکارهێناوە بۆ کاری هونەری .

– ئاراستەیەکی هونەری دیکە لەناو هونەری هاوچەرخدا هونەری جەستە (body Art ) شرۆڤە کردنی هونەری جەستە ئەوە دەگەینێ کە جەستەی مرۆڤ دەبێتە ناوەندێکی گەیان لە نێوان هونەرمەند و بینەردا واتە ئەو پانتایەی کە هونەرمەند دەیەوێ کاری لە سەربکات جەستەیە ئەوەش وەك ناوەندێکی ( مەتریاڵکی ) ئامادەکراو لە بەردەم هونەرمەندا بژاردەیەکی دیکەیە بۆ گەیاندن و بەرجەستەکردنی گوتاری فەلسەفی و هونەری، گومان لەوەدانییە سەرەتا ئەم بیرۆکەو دەسپێکە دەگەرێتەوە بۆ چاخە دێرینەکان کە تیایدا هۆزو تیرە جیاوازەکان بە شێکی جەستەیان بە کارهێناوە بۆ مەبەستی نەخشاندن وەك دروستکردنی ( خاڵ و هێمای جیاوازو تایبەت بە هۆزوو تیرە جیاوازەکان بەمەبەستی جیاکاری و ناسینەوەی هۆزو تیرەکان لە یەکتر، یەکەم هۆزیش ،( ئۆرگنیشەکان ) بە کاریان هێناوە ئەم هونەر بۆ چەندان ساڵ پێش ئێستا دەگەرێتەوە بەتایبەت لای میسریەکان و

هۆزە ئەفریقیەکان هیندیە سورەکان ، کە زیاتر بۆ کاروباری پیرۆزیو لایەنی بیرو باوەرو جوانی بەکاریان دەهێنا ، بە نەخشاندنی یان کوتینی جەستە ، یان مۆمیا کردنی جەستە لای میسریە کۆنەکان " ئەم هونەرە دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵ پێش زاین ئەم هونەرەش بریتیە لە کێشانی وێنە و نەخش و نیگار و هێماکان لەسەر جەستە، بەتایبەت لای میسریە دێرینەکان وێنەیان لە سەرجەستەی خۆیاندەکرد ، ئەو مردووانەی دۆزراونەتەوە زۆربەیان وێنە و نیگار و رەسمیان لەسەر جەستە کراوە یاخود لەرێگەی هەلکەندنەکانەوە دەرکەوتوە، یان مۆمیاکردنی جەستە ئەمەش بەلگەیە لەسەر ئەوەی کە هەر لە کۆنەوە ئەم هونەرە بوونی هەبووە و پەیرەو کراوە، هەر لە کۆنەوە ئەفریقیەکان ئەم کارەیان کردوە، ئەم کارەش زۆربەی کات بریندارکردنی جەستە و کێشانی هێما و بەرسم لەسەر جەستە یان بۆ جوانی بوە یان بۆ راکێشانی سەرەنجی کەسانی تر بوە "([124]) لەسەرەتادا مەبەست لێی ئەو هۆکارە بوون کە ئاماژەمان پێکرد بەڵام ئەم هەولانە بەپێی گۆرانەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی ، و ئاین ، و کلتوری مەبەستی بەکارهێنانەکان گۆرانی بەسەرداهات ، ئەمەش وای کرد بۆ بۆنەوە یادەوەریە کۆمەڵایەتی و، ئاین و، سروتە جیاوازەکان پەری پێبدرێت، هونەری جەستە لەسەردەمی هاوچەرخدا هەنگاوی نا بەرەو ئاڕاستەی جیاواز لە ڕوی نمایش کردن و بیرۆکەو گوزارشتەوە کە تیایدا جەستە وەك بەشێکی سەرەکی ئاماژەکردن بووە چەقی کارکردن کە تیایدا تەواوی بەشی جەستە بەکاردەهات بۆ کردەی هونەری لەڕوی نەخشاندن و وێنەکردن لە رێگەی کوتان و ئامێری تایبەتەوە، جەستە خۆی لە رێی جوڵەو رەنگ کردنەوە بە کاردەهات کەواتە هونەری جەستە بووەتە پێکهاتەیەکی دی لە هونەری هاوچەرخدا بە جۆرێ کە هونەرمەند لە بری ماتریاڵی ئامادە یان دروستکردنی شێوەیەك هەوڵی داوە پێکهاتەی هونەر بە ئاڕاستەیەك بگۆڕێ کە جەستەی مرۆڤی کردوَتە ماتریاڵ و پێکهاتەی کارە هونەریەکەی و هەوڵیداوە لە رێگەی رەنگکردنی جەستەی مرۆڤەکە و جوڵەپێکردنی پێکهاتەیەکی نوێ و جیاواز پێشکەش بە بینەر بکات ، هەروەها لەسەر جەستەی مرۆڤی زیندوو زەخرەفە یان وێنەی گوزارشتی جۆراوجۆریان کێشاوە، کە ئەمانە رۆڵی هونەرەکانی وەك ( نیگار کێشان و پەیکەر و موزیك دەبینێ ، وەك چەندەها جۆری نیشانە وەك (تاتۆ) لەسەر جەستەی مرۆڤە دا کێشاوە، لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە هونەرمەندی هاوچەرخ بە بەکارهێنانی جەستەی مرۆڤ دەیەوێ ئەوەمان پێ بگەیەنێ کە دەکرێ هەموو کەرستەیەك تەنانەت جەستەی مرۆڤیش بەکار بهێنرێ لە کاری هونەریدا ، پاش ئەوەی کە پێشتر هونەر قەتیسکرابوو لە بەکارهێنانی چەند ماتریاڵیکی دیاریکراو و چەند شێوازێکی تایبەت و سنوردار، سەیری وێنەی

[124] محسن عطية : التفسير الدلالي الفن ، عالم الكتب ، لقاهرة ، ٢٠٠٧، الصفحة_ ١١٤ الفن الجسد

(٩٠) کاری هونەرمەند (Youri Messen-Jaschin ) وێنەی[*] (٩١) کاری هونەرمەند ( Miss Lymari Millot)






وێنەی (٩٠)کاری هونەرمەندYouri Messen-Jaschin     وێنەی (٩١) کاری هونەرمەند Miss Lymari Millot

لە هونەری جەستەدا کە جەستەی مرۆڤ ماتریاڵی سەرەکییە بۆ کاری هونەری و ئەمەش هۆکارێکە بۆ خستنەروی پێکهاتەیەکی نویێ لە هونەری هاوچەرخدا ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە هونەری هاوچەرخ هەموو بەها هونەرییە کۆنەکانی تێپەراندووە .

– ئاراستەیەکی تری هونەری هاوچەرخ هونەری واتای یە واتە کۆنسێپچوالی واتە دەربرینی بیرۆکەن ئەوشتەی لە خەیاڵی هونەرمەندا هەیە دەریدەبرێت لە رێگەی مەتریاڵ ئەو کەرستەی لە بەردەستی داهەیە " هونەری واتایی (الفن المفاهیمی Conceptual Art ) ،ئەم هونەرە زۆر جار ناودەبرێت بە هونەری مەزهەبی تێرامان ئەم هونەرە زۆربەی کات هزرو بیرۆکەی مادی و جوانکاری لە خۆی دەگرێت، زۆر بە ئاسانی هونەرمەند دەتوانێ کارە هونەریەکانی خۆی ئەنجامدات، زۆر جاریش ناو دەبرێت بە هونەری تێکەڵکردن ئەویش بەپێی کۆمەڵێک رێنمایی نوسراوە، سۆل لویت هونەرمەندی ئەمەریکی ئەم شێوازەی بەکارهێناوە وە یەکەم هونەر بە چاپکراوی هاتە بەرهەم " (١٢٥) هونەرمەند کاتێک هەرکارێکی هونەری ئەنجامدەدات پێشتر پلان و بیرۆکەی بۆدارشتوە بۆ

---

[*] Youri Messen-Jaschin: هونەرمەن لاتیڤی هاولاتی لاتیڤیایە لە بنرەتدا لە دایك بوی ولاتی سویسرایە لە ساڵی ١٩٤١ – یەکێك لە هونەرمەندانی کاری لە سەر جەستەی مرۆڤ کردوە رەنگی جیاواز مەتریالی تری بەکاربردوە :
https://www.saatchiart.com/messenjaschin Youri Messen-Jaschin | Saatchi Art

١٢٥ Joseph Kosuth, "Art After Philosophy" (1969). Reprinted in Peter Osborne, Conceptual Art: Themes and movements, Phaidon, London, 2002. p. 232
https://www.wikizero.com/ar/الفن_المفاهيمي

دەربرینی بیرۆکەکەی، بۆ نمایشکردنی کارەهونەریەکە  لە دەرەوە یان لە ناو هۆڵدابێت ، " لەم هونەردا بیرکردنەوە و تێرامان و روون دەبنەوە بەشێکی گرنگی کارە هونەریەکەیە، کاتێك هونەرمەند نموونەیەکی هونەری ئەنجامدەدات واتای ئەوەیە کە هەموو بریار و پلانەکان پێشتر رێکخراوە و ئەنجام دراوە، جێبەجێکردنی تەنها کارێکی رووکەشیە و بیرکردنەوەش بۆ خۆی ئامێری بەرهەمهێنانی ئەم هونەریە " (١٢٦) سەیری وێنەی (٩٢) کاری هونەرمەندی (JOSEPH BEUYS*)

مەتریاڵی تەل ئاسن

مەتریاڵی چەوری

مەتریاڵی دار



وێنەی (٩٢) کاری هونەرمەند جوزیف بویز JOSEPH BEUYS ،

ئەم جۆرە هونەرە لەگەڵ نمایش کردنی پێ دەگوترێت هونەری تێرامان یان قوڵبوونەوە لە کارە هونەریەکان کە نمایش دەکرێت چونکە کارە هونەریەکان لە هونەری هاوچەرخ هەڵگری چەندان نەهێنی شاراوەو ئاڵۆزیو جەنجالین تێگەیشتن لیان پێویستی بە تێرامان تێفکرینی قول هەیە لەم هونەرەدا زمان هاتە ناو کای هونەری ئەو

١٢٦ .Sol LeWitt "Paragraphs on Conceptual Art", Artforum, June 1967
https://www.wikizero.com/ar/الفن_المفاهيمي

* JOSEPH BEUYS : هونەرمەندی ئەلمانی لە ساڵی 23 – May 1921 – کاری هونەرمەند پەیکەرتاشی ، performance artist - medallist,- installation artist - art theorist - pedagogue. لە ساڵی January 1986 کۆچی دوای کردوە " Joseph Beuys | German sculptor and performance artist

https://www.britannica.com/biography/Joseph-Beuys

هونەرمەندەی کە کارە هونەریەکەی ئەنجامداوە پێویستە لە پاڵ کارەکەی قسەی زیاترو رونکردنەوەی زیاتر بدات یان نمایش کردنی خودی کەسایەتی هونەرمەند خۆی وەك مەتریالێکی لە کارەکەدا " (تۆنی جودفیری)* لە کتێبەی هونەری تێرامانی یان واتایی بە واتای هونەری بیرکردنەوە وتێرامان واتایی دێت هونەر هەمان ئەو بیرۆکەیە کە جۆزیف کوسبیت گەشەی پێداوە و ناوی لێناوە هونەری واتایی یان تێرامانی ، یاخود ناونرا بە هونەری پشتەوە فەلسەفە کە ئەمە لە رەخنەکانی (کلیمنت جرنبرج )* لە پەنجاکانی سەدەی بیستەم زۆر بە ئاشکرایی دەرکەوتووە لەگەڵ ئەوەش هونەری پشت بەبەستن بە زمان دەرکەوت لە شەستەکانی سەدەی بیستەم هەر لە یەك لە جۆزیف و لورنس و کۆمەڵێك هونەرمەند لەبارەی ئەم هونەرەوە کۆمەڵێك پرسیاری زۆریان خستەروو گرنگترین شت کە خستیانەرو ئەوەیە کە هونەرمەند رۆڵێکی گەروەی هەیە لە دروست کردنی شتە مادیەکان " (١٢٧) ئەو بیرۆکەو پلانەی لە خەیاڵی هونەرمەند هەیە پیویستی بە دەربرینە و نمایش کردنی ئەو خەیاڵی و بیرۆکەیە لە رێکای کارێکی هونەریەوە دەردەبرێت بە مەتریاڵی جیاوازو ئەو مەتریاڵەی لە سروشتدا وەلانراون جارێکی تر کۆیان دەکاتەوە وەزیفەیەکی تری پێدەبەخشێت " ئەم هونەرەیە بریتیە لە کۆمەلێك هەست و بیرۆکە و کە بەندە بە خەیاڵی هونەرمەندەوە، کارە هونەریەکانی لە خەیاڵ و ئەندێشەیەوە وەردەگرێت لەرێگەی وێناکردنەوە بەپێی ئەو زانیاریە زۆری لە مێشکیدا خەزنی کردووە، پاشان ئەو زانیاری و خەیاڵ و بیرکردنەوەیە دەکاتە وێنەو تابلۆیەك ئەم هونەرە تەنها وێنەی شیکاری دروست ناکات بەلکو پەیوەندی بۆ تێروانینی هونەریەوە هەیە، بۆ کاری داهێنان و بەرویێشچوون." (١٢٨) لەو ئاراستە هونەریە دا لایەنی بیرۆکە سەرچاوەیکەی گرنگی کارە هونەریەکەی ناوەرکی بیرۆکە ئامانجی سەرەکیە لە کارەکە لێرەدا گرنگی زیاتر بە بیرۆکە دەدریت لەوەی بە لایەنێکی تر بدرێت بۆ دەربرین زمان و ئاخاوتن دەورێکی سەرەکی دەبینن بۆ شیکردنەوەی کارە هونەریەکە " هونەری واتایی لە بنەرەتدا پشت دەبەستێت بە ناوەرۆکی بیرۆکەیەك یان

---

* تۆنی جودفیری :. نوسەری کتابی ( چەمکی هونەرە واتە ، الفن التصوری ، هونەری بیرۆکە نوسە ر لە کتابەکیدا لە سەر چەمکی هونەر پرسیار دەربارەی سروشت وهونەر دەکات ، بیرۆکەو پێناسەی هونەر خۆی لەوەی هونەر لە دوای فەلسەف " لمصري لايت / ١٠ لوحات لفنان يستخدم «الوشم» في أعماله إبداعية ... Godfrey, Tony (1988). Conceptual Art (Art & Ideas). London: Phaidon Press Ltd. ISBN 978-0-7148-3388-0. فن_تصوري

* کلیمنت جرنبرج Clement Greenberg : لەدایك بوی١٦ ینایر ١٩٠٩ هاولاتی ئەمەریکیە ، مامۆستا بوە لە زانکۆی (جامعة سيراكيوز ) کاری لە بواری ( جامع تحف، ومؤرخ الفن، وناقد فني، وصحفي ) لە سالی ٧ مايو ١٩٩٤ کۆچی دوای کردوە " Clement Greenberg | American critic | Britannica https://www.britannica.com/biography/Clement-Greenberg

[١٢٧] Ian Burn, Mel Ramsden: "Notes On Analysis" (1970). Reprinted in Osborne (2003), p. 237. E.g. "The outcome of much of the 'conceptual' work of the past two years has been to carefully clear the air of objects. https://www.wikizero.com/ar/الفن_المفاهيمي

[١٢٨] فن الفكرة Concept Art – http://visionex.sa/ما-هو-لوريم-إيبسوم-؟-٢/

چەمکێك کە کارە هونەریەکەی لەسەر وەستاوە، ڕۆڵی سەرەکی هەیە گوزارشت کردنی لە جوانی کارەکە بیرۆکە بناغەکەی کارەکەیە ئەمەش پێچەوانەی هەموو قوتابخانەکانی هونەری شێوەکاریە، بایەخ نادات بە تەماشاکردنی مرۆڤ و سروشت و ساتەکانی ژیان بەلکو لێرەدا بیرۆکە هەموو شتێکە و بنەمایە، زۆربەی بەش و لایەنەکان پشت بە زمان دەبەستێت بۆ نمایش کردنی بیرۆکەیەکی هونەری ئامانجدار"([129]) ئەم هونەرە بەهۆی بیرۆکەو تێرامانەکانی، هونەرمەندی فەرەنسی مارسیل دۆشامپ بە پێشرەوانی ئەم ئاراستەیە دادەنرێن بە هۆی کارە ناوازەو سرنج ڕاکێشەکانی کە لایەنی بیرۆکەی کارەکە زۆر گرنگە" دەرچوونی ئەو کارە هونەریە لە شێوە کۆنەکەی و نمایش کردنی مرۆڤ و ڕەگەزانی تر و دەق و نووسین بۆ شێوەی واتایی و تێرامانی ئەمەش وایکردووە ببێتە هونەرێکی سەربەخۆ وەکو هونەرمەندی فەرەنسی مارسیل دوشامب یەکەم کەس بوە کاری کردووە بۆ سەربەخۆیی بوونی ئەم هونەرە، لە شێوە هونەری سریالّی. دوشامب کاری بۆ سەربەخۆیی بونی ئەم هونەرە کردووە ئەم کارەشی بە یەکەم کاری هونەری واتایی مفاهیمی دادەنرێت، دوشامب بۆیە ناوی لەم کارەی ناوە نافورە"([130]) ئەویش وەکو گالتەکردنێك بە نوخبەی هونەرمەندا لە ئەوروپا لە نێوان هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دوەمدا ئەویش بە ئامانجی لەناوبردنی چەمکی جوانی بوو لە هونەردا، بڕوانە وێنەی (٩٣) کاری هونەرمەند (Sarah Lucas)*




وێنەی (٩٣) کاری هونەرمەند (Sarah Lucas ) سالی ٢٠٠٦

[129] فن الفكرة Concept Art – http://visionex.sa/ما-هو-لوريم-إيبسوم-؟-٢/

[130] ما هو الفن المفاهيمي؟ - ميدان – الجزيرة- https://www.aljazeera.net/midan/art/finearts/2017/11/19/ما-هو-الفن-المفاهيمي

* Sarah Lucas : هونەرمەندی بەریتانی لە سالی ١٩٦٢ لە ولاتی بەریتانای لە دایك بوە ، هونەرمەند کەلتوور ، کارەکانی لەسەر بابەتی ئازۆکی سێکس و ڕەگەز کاری کردوە زۆر جار توشی ڕەخنە بۆتەوە " Sarah Lucas born 1962 | Tate https://www.tate.org.uk/art/artists/sarah-lucas-2643

بۆیە داداییەکان لە کاتی دروست بوونی  توانیان لایەناکی ناشیرنی و لایەنی وێرانکاری بۆ گشت جیهان پێشان بدەن لە رێگای کارە هونەریەکان لە هەموو شوێنەك کارەکانیان نمایش دەکر " هەربۆیە دادەئیە بە ماوەیەکی کەم سەری هەڵدا لەماوەی جەنگدا کە گوزارشتیان لە هەموو ناشرینی و وێرانەی دەکرد کە جیهان پێی گەیشتبوو، پاشان لە کارەکانی ئەمانەوە هونەری واتایی و مفاهیمی سەری هەلدا لەبەر ئەوەی تاوتوێیی هونەریان دەکرد و دەیان پرسی هونەر چیە " ([١٣١]) .

– هونەری پۆپ ئارت ئاراستەیەکی تری هونەری هاوچەرخە ئەم هونەرە لە رێگای کۆمەلێك وێنەی رەخنەی ئامێز و گالتە جاریەوە کە لەرێگایەوە  گوزارشت گەرایەوە  رەخنە لە داب و نەریتی و کلتوری کۆمەلگا دەگرێت زۆرجار لەگەڵ وێنەکان چەند دەقێکی نوسین بەکار دەبرێت ، لێرەدا هونەرمەند لەرێگەی بەرهەمە هونەرییەکەیەوە رەخنە لە واقیعی باو دەگرێت وێنەکە وێنەیەکی رەخنەییە لەگەڵ بەکارهێنانی چەند دەقێکی کەم بۆ گوزارشتکردن لەو واقیعە،  ئەم چەمکە بە هونەری میلی و جەماوەری ناسراوە زۆرجار ئەم ئاراستە هونەریە وەك نارازی بۆ شتێك یان باشکردنی هونەر بە کاربراوە " جولانەوەیەکی هونەری لە پەنجاکانی سەدەی رابردوو لە ئەمەریکا و ئەوروپا سەری هەڵدا پەیوەست بوو بەو راستیە لایەنی کومەلایەتی، چەمکی  بۆب ئارت، واتە هونەری میللی یاخود جەماوەری بەجۆرێك وشەی (pop) وەرگیراوە لە وشەی (popular)  واتە میللی وشەی ئارت واتە هونەر کەواتە هونەری میللی، یەکەمجار رەخنەگری هونەری ئینگلیزی ( لۆرانس ئەلوی) بەکارهێناوە وەکو لایەنگیریەك بۆ لاوانی نارازی دژ بە هونەر کە داوایان دەکرد هونەر بگەرێتەوە سەر بارە ئاساییەکەی و سروشتەکەی خۆی "([١٣٢]) .ئەم هونەر لە بەریتانیا بە کاربراوە بە کاربردنی وشە لەگەڵ وێنە ئەم هونەر لایەنگری زۆربوو تێچوی کەم دواتر بە گشت جیهان بلاو بۆیەوە ئەم هونەرە بۆ لایەنی هونەریو راگەیاندن و ریکلام بازرگانیش بە کاربراوە ،" هونەری پۆپ ئارت جولانەوەیەکی هونەریە بەلایەنی راستی و رۆشنبیری میلی ، ئەم هونەرە لایەنەکانی وێنەو بەتایەبەتی لایەنی هونەری شێوەکاری ، سینما ، میوزیك ،جلوبەرگ ، ریکلام ، بازرگانی بەکار دێت" ([١٣٣]) سەیری وێنەی (٩٤) کاری هونەرمەند (Roy Lichtenstein) *

---

[١٣١] ما هو الفن المفاهيمي؟ - ميدان – الجزيرة –
https://www.aljazeera.net/midan/art/finearts/2017/11/19/ما-هو-الفن-المفاهيمي

[١٣٢] ما هو فن البوب: الحركة التي اندلعت إلى الأبد | مجلة فهرنهايت
https://fahrenheitmagazine.com/ar/فن/البلاستيك/أن-فن-البوب-هو-الحركة-التي-اندلعت-إلى-الأبد

[١٣٣] تعريف فن بوب ارت pop art – موسوعة –
https://www.mosoah.com/arts-and-entertainment/visual-arts-and-design/معنى-البوب-آرت/

* Roy Lichtenstein : هونەرمەندی ئەمەریکی لە ساڵی October 27, 1923) لە ئەمەریکا لە دایك بوە  لە سالی  – September 29, 1997 کۆچی دوای کردوە – هونەرمەندی پۆپ ئارتە "Roy Lichtenstein 1923–1997 | Tate
https://www.tate.org.uk/art/artists/roy-lichtenstein-1508




وێنەی (٩٤) کاری هونەرمەند (Roy Lichtenstein) لە شاری بەرشلۆنە ئیسپانیا

– ئاراستەیەکی تری هونەری هاوچەرخ و لایەنێکی گرنگی ئەو قوتابخانەیە کە زۆر هونەرمەند کاریان لە سەرکردوە کارەکان زۆر لەو بوارە خۆی دەبینێتەوە ئەویش کاری تێکەڵکردن و دامەزراندنە واتە ( Installation ) لەم ئاراستە هونەریەدا چەند هونەرمەندێك لە هۆلێکی نمایش کردن دا چەندکار نمایش دەکەن بە مەتریاڵ و کەرستەی جیاوازو فۆرمی جیاواز، بینەر دەچێت بۆ بینینی هەندی جار میوزیکیش لەگەڵ دەبێت کە تەواوکاری کارەکەیە " کاری تێکەڵ کردن ( دامەزراندن Installation )، ئەمەش ئاڕاستەیەکە لە هونەری هاوچەرخ کە هونەرمەندێك یان کۆمەلە هونەرمەندێك هەڵدەستن بە ڕێکخستنی شوێنێك یان ژوورێك ئەویش بە دانانی وێنە یان ڕازاندنەوەی یاخود دانانی کەرستەی ئامادەکراو یان هەڵواسینی وێنە، پاشان هاووڵاتی دەتوانێ سەردانی ئەم شوێنەبکات و تێیدا بسووڕێتەوە کەلوپەلەکانی ئەو ژوورە جولەی پێدەکرێت لەڕێگەی ئامێرەکانەوە، لەگەڵ هەڵکردنی میوزیك کە گوزارشت لە بابەتەکە بکات، ئەم ئاراستەیە بە بەشێك لە هونەری هاوچەرچ و هونەری شێوەکاری هەژمار دەکرێن."([١٣٤]) بۆیە لەم ئاراستەیە هونەریەدا هیچ سنورو یاسایەك نیە بۆ دەربرینی بیرۆکەو کارە هونەریەکان نمایش کردنیان بە شیوەی جۆراو جۆر هەندی کات بینەر بەشێکە لە کارە هونەریەکان تێکەڵ کردنی کەلتوری کۆن و نوی هەندێك جار ڕوودەدات لە کارە هونەریەکان" رەخنەگر تارق شەریف دەڵێت: دەتوانین نموونەی زۆر بهێنینەوە بەبێ سنور کە چۆن هونەرمەندە هاوچەرخەکان خزمەتی هونەریان کردووە، وە سوودیان لە کلتووری کۆن وەرگرتووە و تێڕوانینیان خستووەتەروو ئەویش لەڕێگەی تێکەڵکردنی هونەرەکان پێکەوە و گەرانەوە بۆ شێوازی کۆن و گەرانەوە بۆ ژورەکان و بالەخانەکان بۆ

---

[١٣٤] الشريف، طارق، مقال بعنوان "اتجاهات ما بعد الحداثة الفنية وموقفنا منها؟ "، مجلة "الحياة التشكيليّة" /فصلية/ تصدرها وزارة الثقافة- دمشق، العدد ٥٥-٥٦، ١٩٩٤، ص ٨-٩. تنصيبية -

نمایشکردن، لەگەڵ ئەوەش ئەم هونەر کۆن و نوێ تێدەکات و بەشێوازێکی تێکەڵ نمایشی دەکات، " ([١٣٥])

ـەیری وێنەی (٩٥و٩٦) کاری هونەرمەند (Michael Dean) *







Michael Dean 2018 وێنەی ٩٦کاری هونەرمەند     michael dean artist 2018وێنەی (٩٥) کاری هونەرمەند

پێناسەی هونەری ئامادەکرد لە بۆشاییدا ، ئەم هونەرە ئاراستەیەکە لەدوای مۆردێرنەوە سەری هەلداوە کە هەوڵ دەدات بەشداری بە جەماوەر بکات و کۆمەڵگاو هونەر پێکەوە ببەستێتەوە، ئەمەش هونەرێکە لەرێگەوە زیاتر هونەرمەند دەتوانێت تێکەڵی جەماوەر ببێت و لێیان تێ بگات، کاردەکات بۆ رێکخستنی بیرۆکەیەك یان پرۆژەیەك یان کارێکی هونەری و نمایشکردنی لە بۆشاییدا یان لە شوێنیك، ئەم هونەر کار لەسەر ئەوە دەکات بەستنەوە کۆمەڵگا بە هونەر لایەنی پیشەسازی و تەکنلۆجیا هەروەها لایەنێکی تری ئەو ئاراستەیە لایەنی گوزارشت گەرایەی هونەرمەندە بەکارهێنانی کەرستەی جۆراو جۆر لە شوێنەکی دیاری کراودا " ئەم هونەرە لەدوای مۆدێرنە سەری هەڵداوە، ئامانجی بەستنەوەی هونەرە بە کۆمەڵگاو ژیانی پیشەسازی و تەکنۆلۆژی هەورەها گوزارشت لە توانی هونەرمەند دەکات لە رێکخستنی شتەکان لە شوێنێکی دیاری کراو ئەو شوێنە لە ژوورەوە بێ یان دەرەوە. هونەرمەند هەلدەستێت بە لێکلۆلینەوە لەو شوێنەی کارەکەی لێ ئەنجام دەدات تاوەکو سروشتی شوێنە و رووبەرێك بۆ دەربکەوێت پاشان دەست بەکارەکەی دەکات، کەرستەی جۆراوجۆر بەکاردەهێت لەگەڵ کاریگەری زۆر بۆ دروستکردنی دیمەنێکی زۆر کاریگەر و کە کار لە ویژدانی جەماوەر بکات." ([١٣٦]) .

---

[١٣٥] الشريف، طارق، مقال بعنوان "اتجاهات ما بعد الحداثة الفنية وموقفنا منها؟ "، مجلة "الحياة التشكيليّة" /فصلية/ تصدرها وزارة الثقافة- دمشق، العدد ٥٥-٥٦، ١٩٩٤، ص ٨-٩. تنصيبية -

*: michael dean artist. هونەرمەندی بەریتانی لە دایك بوی ١٩٧٧ لە ولای بەریتانیا تەمەنی ٤٢ ساڵە ، دەرچوی زانکۆی لەندەنە لە سالی ٢٠٠١ هونەرمەندی هاوچەرخ کاری nstallation کاردەکات خاوەنی چەندانی خەلاتی ناوەخۆیەو جیهانیە "
MICHAEL DEAN - Artists - Andrew Kreps Gallery
http://www.andrewkreps.com/artists/michael-dean

[١٣٦] فن التجهيز في الفراغ - Installation Art -
http://theartcom.blogspot.com/2011/10/installation-art.html

– ئاڕاستەیەکی تری هونەری هاوچەرخ هونەری شانۆیە کە بە هونەری Performance art ناسراوە ئەم هونەرە زۆر بە خێرای گەشەی کرد چوە ناو بینەرەوە ئەم هونەرە تاکە ئاراستەیە زۆربەی لایەنەکانی هونەری هاوچەرخ تێدا بەژدارە بە لایەنی بیستراو بینراو ، وەك نمایشی شانۆی وایە " هونەری شانۆیی یاخود نمایشکردن (Performance art ) ، ئەم هونەرە جۆرێکە لە نمایشکردن لەشێوەی شانۆ ، بەشێوەیەکی زۆر بڵاو گەشەی کردووە و هەرحەوت بەشەکەی هونەر تێیدا بەشدارە لە بیستراو بینراو. ئەم هونەرەش پشت بە ڕووداوەکانی رۆژانە و پشت دەبەستێت بەهەموو بەشەکانی هونەر، لەگەڵ بونی کاریگەری دەنگی و ڕووناکی و سەما و دیکۆری شانۆیی و وێنەی سەر دیوار ..هتد درێژکراوەی هونەری دادائیەکانە و وەکو کارەکانی ناو فولتیر و زیوریخ پێش ڕوودانی جەنگ، ئەم هونەرە کەوتۆتە ژێر کاریگەر شانۆی بالیەاریك ساتی و شانۆ برخت کە تێیدا هەموو هونەرمەندەکان لە دیمەنکان ئالۆگۆری رویدەدات." ([١٣٧]) .سەیری وێنەکانی (٩٧و٩٨) کاری هونەرمەند (David Wojnarowicz ) [*] وێنەی (٩٩) کاری هونەرمەند (Bryan Zanisnik) [**]







id Wojnarowicz

وێنەی ٩٨ کاری هونەرمەند

وێنەی٩٧ کاری هونەرمەند David Wojnarowicz

---

[١٣٧] عرابي، د. أسعد، مقال بعنوان "اتجاهات ما بعد الحداثة"، مجلة "الحياة التشكيليّة" /فصلية/ تصدرها وزارة الثقافة- دمشق، العدد ٥٥-٥٦، ١٩٩٤، ص٦٤. فن الأداء – المعرفة https://www.marefa.org/فن_الأداء

[*] David Wojnarowicz :. هونەرمەند لە دایك بوی September 14, 1954 – هونەرمەندی ئەمەریکی کاری – painter, photographer – writer, filmmaker, performance artist هونەرمەند لە سالی July 22, 1992 – کۆچی دوای کردوە " David Wojnarowicz - Visual AIDS
https://visualaids.org/artists/david-wojnarowicz

[**] Bryan Zanisnik  : هونەرمەند هاوچەرخ لە سالی ١٩٧٩ لە دایك بوە تەمەنی ٤٠ سالە کاری پێرفۆرمانس و فیدۆ ئارت کاری پەیکەرتاشی دەکات " Bryan Zanisnik | Art21 https://art21.org/artist/bryan-zanisnik/




وێنەی (٩٩) کاری هونەر مەندBryan Zanisnik ، کاری performance سالی ٢٠٠٩

ئەم هونەرە لە شەستەکانی سەدەی رابردوو سەرەتای دەرکەوتنی بوو سەرەتا لە ئەمەریکاوە دواتر لە بەریتانیاو بلاوبۆیەوە سەرەتا پشتیان بە کاری بە کۆمەڵ بەستاوە، نمایش کردنی کاری شانۆی. " ئەم هونەر لە سالی ١٩٦٢ لەلایەن گرووپی فلوکسیسن ناسرا کە لەلایەن ماسیانوسی ئەمەریکیەوە دامەزراوە لە ئەلمانیا بەناونیشانی ، کۆمەلێك ژاوە ژاو ، هەروەها کارەکانی جۆرزیف بویز و دسلۆردوف و کە کارەکان پیشتیان بە کاری بە کۆمەل بەستووە.هونەری شانۆیی و نمایش کردن " ([١٣٨]).

– ئاڕاستەیەکی تری هونەری هاوچەرخ لایەنی هونەری ( فیدۆ ئارت ) ئەم ئاڕاستە هونەریە کە وێنەی جولاو تۆمارکردنی وێنە دەدات بە کارهێنانی کامیرە لایەنێکی سەرەکیە لەم ئاراستە هونەریەدا ، ئەم ئاراستەیە هونەریە لە ناوەراستی چلەکانی سەدەی رابردوو بە هۆی دەرکەوتنی تەلەفسیۆنەوە فیدۆو وێنە گیراوەکان پەخش دەکرا ، گەیشتە ئەو پەری پێشکەوتن  لەدوای جەنگی جیهانی دووەم هەولەکان بۆ ئەوەبوە وێنە و دەنگەکان بگۆڕن بۆ شەپۆلی بێ تەل تاوەکو پەخشی تەلەفزیۆنی دامەزرا، پاشان ئامێر پەیدابون کە رێگای دەدات دەنگ ورەنگ تۆمار بکات بەشێوەی فیدیۆیی پاشان گەیشتە ئەوپەری پێشکەوتنی لە ولاتە ئەمەریکا یەکەم کاری هونەر لەسەر ئەم سیستەمە ئەنجام درا ، " هونەری فیدیۆیی ، (Video art ) ئەمە هونەرە هونەرێکی رۆژئاواییە و وشەکەش رۆژئاواییە بەلام دەتوانین وەریگێرین و بلێین هونەری وێنەی جولاو، کە بەمەست لێی تۆمارکردنی وێنەی جولاوە لەگەلیشدا دەنگ تۆمار دەکرێت لەگەڵ بەکارهێنانی کامێرە و تۆمارکردنی دیمەنەکان بەشێوەی کاری هونەری  لە بواری کاری شێوەکاری لەناو ئاراستەکانی هونەری هاوچەرخ سەری هەڵدا و ناونرا بە هونەری فیدیۆیی یان

[١٣٨] عرابي، د. أسعد، مقال بعنوان "اتجاهات ما بعد الحداثة"، مجلة "الحياة التشكيليّة" /فصلية/ تصدرها وزارة الثقافة- دمشق، العدد ٥٥-٥٦، ١٩٩٤، ص٦٤. فن الأداء - فن الأداء – المعرفة https://www.marefa.org/فن_الأداء

هونەری وێنەی جولاو.لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی و نمایشی تەلەفزیۆنی ئەم هونەرش پێشکەوتنی زۆری بەخۆیەوە بینی "([139]) ئەم ئاراستەیە لە سەردەستی کۆمەلێك هونەرمەند لە سەرەتای هەفتاکانی سەدەی رابردوو پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینی، بوە هۆ سەرهەڵدانی ڤیدۆی کلیپ تێکەڵی کاری بازرگانی کرا بواری کۆمپیتەری لەم ئاراستەیە رۆڵێکی سەرەکی دە بینێت " ئەم هونەرە لە شەست و حەفتاکان گەشەی زۆر بەخۆیەوە بینی لەلایەن کۆمەلێك هونەرمەندەوە لەوانەش ( جان لوك غودارد و پیتر و دان گراهام) وە لە هەشتاکانیش زۆر هونەرمەند دەرکەوتن لەم بوارە گرنگترینیان( بیر فیولا و کاری هیل و میخایل ئودنیاش)، هەر لەم ساڵانە مۆدیلی فیدیۆ کلیپ سەری هەڵدا لەگەل ئەوەی کارێکی هونەری بوو کارێکی بازرگانیش بوو بەجۆرێك پشتی دەبەست بە مونتاژ کرد بۆ ئەوەی دیمەنەکان لەگەل واقعد جیا نەکرێتەوە لەگەڵ ئەوەشدا کۆمپیوتەر رۆلێکی سەرکی گێراوە لەم بوارەدا " ([140]) . بروانە وێنەی (١٠٠) کاری هونەرمەندان (Bill Viola)* وێنەی (١٠١) هونەرمەند (Dan Graham )
**







وێنەی (١٠١) کاری هونەرمەند Dan Graham

وێنەی (١٠٠) کاری هونەرمەندBill Viola

---

[139] Vidéo et après : la collection vidéo du Musée national d’art moderne / sous la dir. de Christine Van Assche, Paris, Editions Carré / Editions du Centre Georges Pompidou, 1992, P.7. فن الفيديو – المعرفة . https://www.marefa.org/فن_الفيديو

[140] Vidéo et après : la collection vidéo du Musée national d’art moderne / sous la dir. de Christine Van Assche, Paris, Editions Carré / Editions du Centre Georges Pompidou, 1992, P.7.
فن الفيديو – المعرفة . https://www.marefa.org/فن_الفيديو

* Bill Viola : هونەرمەندی ئەمەریکی لە ساڵی January 25, 1951) تەمەنی ٦٨ ساڵە کاری هونەری فیدۆ ئارت هونەر ئەلکترۆنی هونەری میدیای دەکات ، هونەرمەندێکی هاوچەرخ پشت دەبەستی بە ئەلکترۆنی دەنگ وێنەو تەکنلۆجیا دەبەستی بابەتەکانی لە دایك بون مردن بابەتەکانیان " Bill Viola born 1951 | Tate
https://www.tate.org.uk/art/artists/bill-viola-2333

** Dan Graham : هونەرمەندی ئەمەریکی لە ٣١ ئازاری ١٩٤٢ لە ئەمەریکا لە دایك بوە ، تەمەنی ٧٧ ساڵە هونەرمەند کاری هونەری پەیکەر تاشی وێنە گرتن فۆتۆ گراف پەیکەرتاشی ، وێنە گرتن فۆتۆگراف ، فیدۆ ئارت رەخنە گرتن ، کاری پێرفۆرمانس "
Dan Graham | Artists | Lisson Gallery
https://www.lissongallery.com/artists/dan-graham–

لە ئەنجامدانی کارە هونەریەکان بەشێوەیەکی سەرەنج راکێش، فیدیۆ یان هونەری فیدیۆیی دەتوانین بڵێین کە تەکنیکی بینراو بیستراو وای کردووە هەموو هونەرەکان لەخۆی کۆبکاتەوە وەکو سینەما بەجۆرێك دتوانین لە فیدۆدا هەمو بەشەکانی هونەر یان حەوت بەشەکەی هونەر کۆبکەینەوە و لە یەك فیدیۆی پێشکەوتوو نمایشی بکەین. بەمەش دەکرێ مەتریاڵ لە سەردەمی هاوچەرخدا لەم خاڵانەدا سیمای تایبەتیان بناسرێتەوە :.

١- لەگەڵ هاتنەکای هونەری هاوچەرخ مەتریاڵی تازەو جۆراو جۆر هاتنە ناو کای هونەر ی پەیکەر .

٢- هونەرمەندان دوور لە شێوازە کونەکان زۆر بەئازادانە بۆ دەوڵەمەند کردنی بیرۆکەو کارەکانیان مەتریاڵی جیاوازو تازەیان بەکاردەهێنا .

٣- کۆکردنەوەی زیاد لە مەتریاڵێك لە یەك کردەی هونەریدا ئەمەش زیاتر ئەو ئاراستەی زیاتر گەشەی سەند بلاو بۆیەوە .

٤- لەهونەری هاوچەرخ کۆمەڵێك ئاراستەی جیاواز هاتنە کایە وە کە بونە هۆی بەرەو پێش بردنی هونەری هاوچەرخ وەك ( هونەری زەوی – هونەری جەستەیە (body Art– هونەری واتایی ( Conceptual Art – هونەری پۆپ ئارت – کاری تێکەڵ کردن دامەزراندن ( Installation – هونەری شانۆیە - Performance art هونەری فیدیۆیی ، (art Video -

# توێژگەی سێیەم

١- مەتریاڵ و هونەری پەیکەرسازی.

٢- مەتریاڵ لە سەردەمی پەیکەری مۆدێرندا.

٣- مەتریاڵ لە سەردەمی پەیکەری هاوچەرخدا.

٤- پەیکەری کۆکراوەی لە هونەری هاچەرخ لەعێراقدا.

٥- پەیکەری کۆکراوە بە گشتی لە هەرێمی کوردستاندا.

## توێژگەی سێیەم:.

### ١– مەتریاڵ و هونەری پەیکەرسازی :.

لە پێناسەکردنی هونەر بە گشتی و هونەری پەیکەر بە تایبەت ، مەتریاڵ ناوەندێکی کاریگەرو ئەرێنی و بەهێز بووە لە بەرجەستەکردنی فۆرم و بارگاوی بوونی بە ڕوداوەکان و نوێنەرایەتییەکی بەرچاوی ناو پرۆسەی هونەر بووە ، هەتا ئەمرۆش ئەو ڕۆڵە بە زیندویی ماوەتەوە بەبێ بوونی مەتریاڵ خستنەوەی فۆرم کە ئەرکی هونەرمەند کارێکی محالە ، وە گریمانەی تێدانیە کە مەتریاڵ ئەو پێویستییە زانراو بینراوە کە خودی هونەرمەند لە هەموو کەس زیاتر لەم حەقیقەتە تێدەگات، گەر سرنجێکی خێرا بدەین، لە دێریندا دیارە کە مەتریاڵە بنەرەتیەکان بەشداربوی پێکهاتەی پەیکەر بریتی بوون لە ( بەرد و دار ) کە بەشێوازی کەم کردنەوەو لابردن (الحذف) مامەڵەی لەگەڵدا کراوە بەپێی بنەما واقعی و ئەکادیمیەکان بەرجەستەی کارە هونەریەکان کراوە کە تیایدا ئاستی تەکنیك و سەلیقەی هونەری لە پلەیەکی باڵآدایە ، " ئەو کەرستانەی کە بەکارهێنراون لە پەیکەردا هەمەجۆرن، کە بە درێژایی مێژوو دەگۆڕێن. کەرستە کلاسیکییەکان ، لەگەڵ بەرگری بەرزیان ، بریتین لە کانزاکان ، بە تایبەتی برۆنز و بەرد و ، لەگەڵ هەڵبژاردەکانی دار و ئێسك و عاج و فایبەرگلاس ، کە کەمتر بەرگە دەگرن بەڵام هەرزانترن . زۆرجار کەرستە گرانبەهاکان بەکار دەهێنرێن وەك زێر و زیو و بەردی بەنرخ و عاجی فیل لە کارە گرانبەها بچووکەکان ، و هەندێك جاریش لە کارەکانی پەیکەر، مەتریاڵی سادە بەکاربراوە کە تەمەنیان کورتە ، لەوانەش مەتریاڵی قوڕ و، مۆم (wax) ، کونکریت و بورك و فایبەرگلاس کە کەرستەیەکی زۆر بلاوە."( [١٤١]) سەیری وێنەی١٠٢) کاری هونەرمەند Hirotoshi Itoh،[*] وێنەی ( ١٠٣ ) کاری هونەرمەند (olga ziemska )

---

[١٤١] Gods in Color: Painted Sculpture of Classical Antiquity" September 2007 to January 2008, The Arthur M. Sackler Museum Archived January 4, 2009, at the Wayback Machine _ Article by Morris Cox _ –Sculpture

[*] Hirotoshi Itoh : هونەرمەندی یابانی ، لەسالی ١٩٦٤ لە یابان لە دایك بوە خوێندنی زانکۆی ( Tokyo National Fine Arts University in 1982 – تەواو کردوە – ئەم کارانەی لە خێزان و کۆمپانیای ماسۆنیەت دەست پێکرد – هونەرمەند یاری بە مەتریالی بەرد دەکات زەردەخەن و لە گەل مەتریالی تر بەکاری دەهێنێت – " Hirotoshi Itoh | Buy Original Art Online | Artsper https://www.artsper.com/en/contemporary-artists/japan/5600/hirotoshi-itoh




وێنەی (١٠٢) کاری هونەرمەند Hirotoshi Itoh




وێنەی (١٠٣ کاری هونەرمەند olga ziemska

قۆناغەکان کە تەواوکاری یەکدین بۆ گۆرانکاری و وەرچەرخان ، وای کردوە کە تەنها ( بەرد ودار ) لە سنتەری گەیاندن و خستنەوەی فۆرمدا نەمێنێتەوە بەلکو کانزاکان بونە جێگرەوەیەکی باش و گونجاو بۆ پرۆسەی هونەرو بە کاربردنیان لە بەرهەمی هونەریەکاندا لە وانەش (برۆنز ، چیمەنتۆ، ستیل و ئاسن ، فایبەرگلاس ، ...هتد ) " کەرستەکانی دارێژتن ( سەبکرن) بەشێوەیەکی ئاسایی بریتین لە کانزاکان یان کەرستەی جیاواز بۆ رێکخستنی کات کە چارەسەر دەکرێن پاش تێکەڵ کردنی دوو پێکهاتە یان زیاتر بەیەکەوە، نموونەش بۆ ئەمە وەك مەتریاڵی ( کۆنکریت و برۆنز و فایبەرگلاس " ([١٤٢]) سەیری وێنەی ( ١٠٤) کاری هونەرمەند (ریتشارد ماکدونالد) * وێنەی ١٠٥) کاری هونەرمەند) oscar tuazon ** وێنەی (١٠٦) کاری هونەرمەند) subodh gupta ( * وێنەی ) ١٠٧) کاری هونەرمەند) Richard Serra ( ** وێنەی (١٠٨) هونەرمەند Richard Hughes ***

---

[١٤٢] Degarmo. E.Paul: Black, J T: Kohser , Ronald A,(2003) , Materials and processes in Manufacturing (9th ed .) Wiley,p277 - https://www.wikizero.com/en/Foundry Foundry – WikiZero

* ریتشارد ماکدونالد : بە (بالآنجليزيه: Richard MacDonald – لەدایك بوی ساڵی ١٩٤٦ لە ئەمەریکا – پەیکەرسازی ئەمەریکی پەیکەرسازێکی هاوچەرخە زیاتر کار بەمەتریاڵی برۆنز دەکات Richard MacDonald Art For Sale - Diva Art Group
https://www.divart.com/artists/131/richard-macdonald-consignment-bronze-sculptures

** oscar tuazon : هونەرمەندی پەیکەرسازی و میعاری – ئەمەریکی لە ساڵی ١٩٧٥ لە ئەمەریکا لە دایك بوە هونەرمەندی هاوچەرخ – کارەکانی زیاتر بە مەتریاڵی چیمەنتۆیە –" بەشێوازی Installation کارەکانی دەکات " Artist Oscar Tuazon's Los Angeles Water School on ... - SCI-Arc
- https://www.sciarc.edu/news/2019/artist-oscar-tuazon

* subodh gupta : هونەرمەندی هندستانی (India ) لەساڵی ١٩٦٤ لە هندستان لە دایك بوە – هونەرمەندی هاوچەرخ کارەکانی لەشێوازی – installation - painting, photography, performance and video – کارەکانی زیاتر بە مەتریاڵی ستیل _ Subodh Gupta - Nature Morte https://ocula.com/artists/subodh-gupta/

** Richard Serra : هونەرمەند ی پەیکەرسازی ئەمەریکی لەساڵی ( ( born November 2, ١٩٣٩ لە دایك بوە = کارەکانی بە مەتریاڵی ئاسن دەکان هونەرمەندی هاوچەرخە " | Richard Serra | Biography, Art, & Facts Britannica https://www.britannica.com/biography/Richard-Serra

مەتریاڵی چیمەنتۆ

مەتریاڵی برۆنز

مەتریاڵی دار

مەتریاڵی ستیل







وێنەی (١٠٤) هونەرمەند ریتشارد ماکدوناڵد _ وێنەی (١٠٥) هونەرمەند oscar tuazon وێنەی (١٠٦) هونەرمەند subodh gupta

مەتریاڵی Fiberglass, tSton resi

مەتریاڵی Steel paint

مەتریاڵی ئاسن





وێنەی (١٠٧) کاری هونەرمەند Richard Serra وێنەی (١٠٨) کاری هونەرمەند (Richard Hughes

بەبەرچاوگرتن بەرەوپێش چوون و گەشەی پیشەسازی و تەکنیکی لەسەر ئاستی زانست و پیشەسازی سێکتەری هونەر بەشدارێکی کارابووە لەم نێوەندەوە ، ئەمەش لەروی بەکاربردنی نێوەندەکانی گەیاندن ) کە مەتریاڵە جیاوازەکانە لە پێ گەیاندنی ئامانجی هونەر کە دەرخستنی گوتارە فەلسەفی و ئیستاتیکیە کان بووە لە بەرهەم هێنانداا هەنگاوی جدی بۆ نراوە پێگەی مەتریاڵ هندی تر چربونەوەی بە خۆوە دیت ، تەوژمە زانستی و فەلسەفییەکان لە جەوهەری بەرهەمە هونەریەکاندا بەپێی قۆناغەکان بۆ مەزن راگرتنی یان داماڵین پێگەی بابەتی کۆمەڵگە لە نمایش جیاجیادا مەتریاڵ بوو ئەم ئامانجەی بەدی هێناوە ، ئەمەش پشت ئەستور بە هەموو گۆرانکاریانە بوو کە خودی مرۆڤ لە بەرپاکردن و هەڵگیرسانیدا بەرپرس یەکەم بووە، هونەرمەندیش وەك ئەو مرۆڤەی کە لەناو کایە جیاوازەکاندا خاوەنی ئەزموون کردنی لێکدانەوەو تێرامان بووە وەڵامی لە باروو گونجاوی بۆ هەر چرکە ساتێك هەبوو هەم لەروی گێرانەوەی واقیع و هەم لەروی بەرپەرچەدانەوەو خستنەروی چارەسەر کە

*** Richard Hughes : لەدایك بوي Birmingham, United Kingdom ) ساڵی١٩٧٤وڵاتی بەریتانیایە کاری پەیکەرسازی بە مەتریاڵی فایبەرگلاس زیاتر ئیش دەکات کارەکانی خەیاڵاویە " richard hughes – highlike - /http://highlike.org/text/richard-hughes-2

ئەمەش دوو بارە مەتریالْ ئەرکی سەرخستنەکەی لە ئەستۆ گرتوە " پەیکەر لقێکە لە هونەرە بینایییەکان کە لە سیٚ دووری کاردەکەن، بریتی یە لە یەکێك لە هونەرەکانی شێوەکاری ، پرۆسەکانی پەیکەر درێژخایەنەکان کە لە بنەڕەتەدا بەکارهێنراون ، پەیکەر ( لادانی کەرستەکان) و سامپلکردن ( زیادکردنی کەرستە وەك قوڕ) لەگەلْ بونی مەتریالّی بەرد و کانزاکان و سیرامیك و دار و کەرستەی تر، بەلاّم لەگەلْ هاتنی سەردەمی نوێگەری ( مۆدێرن) ئازادی تەواو هەبوو بۆ کەرستەکان و چارەسەرکردن، دەکرێت " (١٤٣) سەیری وێنە (١٠٩ ) کاری هونەرمەند (نیکولو سالفی) * وێنەی (١١٠) کاری هونەرمەند( ئۆگست رۆدان ) **



وێنەی (١٠٩) کاری هونەرمەند نیکولو سالفی



(١١٠ ) کاری هونەرمەند Auguste Rodin

مەتریالّە جیاوازەکان لە ڕوی پێکهاتەی ئەندامییەوە کە هەریەکەیان خاوەن خەسلّەت و سیمای تایبەتی خۆیەتی لە سەردەمی هاوچەرخدا کار لەسەر ئامادەکردن و بەکاربرنی کراوە ، زۆر ڕەهەندی جیاواز هەن کە بوتە هۆکاری بڕەودان بەو بەرهەم هێنانی لە وانەش توانای بەرگەگرتن و ئاوێتە کردن لەگەلْ مەتریالّی تردا وەمانەوەیان و دەستکاری کردنیان لەلایەن مرۆڤەوە وقابلیەتی گۆرانکاری تیاندا بۆ پێکهاتەیەکی نویٚ کە مرۆڤ لە توانایدایە بەرهەمی بهێنی بەپێی خواست و مەبەست کارو بە برو ڕێژەیەکی وە بەکارهێنانی بەشێوەیەکی سانا لە کارکردندا ، بەرچاوترینیان مەتریالّی ( فایبەرگلاس) کە تائەمرۆ ئەم مەتریالّە لە توانایدایە ببێتە جیٚ گرەوەی زۆر مەتریالْ وەك پێداویستی رۆژانەکانیشدا بوونی بەرچاوی هەبیٚ ، مەتریالّی فایبەرگلاس لە زۆر بواری جیاواز بەکاربراوە وەك

---

(١٤٣) Gods in Color: Painted Sculpture of Classical Antiquity" September 2007 to January " 2008, The Arthur M. Sackler Museum Archived January 4, 2009, at the Wayback Machine Sculpture

* نیکولو سالفی : هونەرمەندی پەیکەرسازی رۆمانی سەدەی ١٨ کاری لە سەر مەتریالی بەردی مەرمەر دەکرد چەندان پەیکەری ( ١٧٠٠ تا ١٧٧٣ چەندان پەیکەری بۆ نافورەو بالە خانەو کەسایەتیەکان درووست کردوە " الگاردينيا - مجلة ثقافية عامة - اغنى نافورة بالعالم - https://www.algardenia.com/2019-03-31-12-23-34/5732-2013-08-04-20-41-38.html

** ئۆگست رۆدان– هونەرمەندی پەیکەرتاشی فەرنسی لە سالی ١٨٤٠ لە فەرنسا لە دایك بوە لە سالی ١٩١٧ کۆچی دوای دوای کردوە – پەیکەرتاشی سەردەمی مۆدێرنەوە ئینطتباعي بوە – أوگوست رودان - المعرفة https://www.marefa.org/أوگوست_رودان

بازرگانی بیناسازی جوانکاری دیکۆرات و پەیکەرسازی ئوتومۆبیل، لە روی پێکهاتەیەوە لە چەندان مەتریاڵی جیاواز پێکهاتوە " مەتریاڵی فایبەر گلاس یەك لەو مەتریالآنەیە کە لە روی پێکهاتەیەوە کیمیایە ، لە چەندان مەتریاڵی تر تێکەڵ دەکرێت لە درووست بونەکەی وەك رێزن ، کۆبالت ، ئەلیاف زوجاجی ، موسلیب ، هاراوەی بەرد هتد ..." (١٤٤) ، یەکێك لە رەهەندەکانی تر کێشی ئەم مەتریاڵەیە کەوادەکات لە زۆر بواردا سودی لێ وەربگیرێت و سەپاندنی خۆی دوبارە بکاتەوە بە تایبەت کێشی و قەبارەی کردەی هونەری پەیکەری گرفتێکی گەورەی بەردەم هونەرمەند و تێ چوەکەشی گرفتێکی دیکەیە هەربۆیە مەتریاڵی ( فایبەرگلاس ) ئەم گرفتانەی بەردەم کاری هونەری و پیشەی کاڵ کردەوەو ئاسان کاری فەراهەم کرد " بەهۆی ئەوەی کە کەرستە خاوەکانی پۆلیستەر و ئیبۆکسی کێشیان سووك و شەفاف و رەقن و توانای رەنگاورەنگ بوونیان هەیە ، ئەوا بە مەودایەکی فراوان لە پەیکەر دا بەکارهێنراون و بەکار دەهێنرێن لە پێکهێنانیان و بەشێوەیەکی ئاسایی بەکاردەهێنرێن بۆ سەبکردن لەناو قالبە سالبەکان یان بە پێکهێنانی راستەوخۆ لەسەر دینگەی کانزایی بۆ سامپلەکانی پەیکەر " (١٤٥) بۆ ئەم مەبەستەش سەیری وێنەی ( ١١١کاری هونەرمەندان (Jennifer Rubel)* وێنەی (١١٢) کاری هونەرمەند (Alina Szapocznikow)** کە بەمەتریالی فایبەرگلاس کاریان کردوە

---

١٤٤ محمود بشندي قاسم : خامات و ادوات النحت ، كلية التربية الفنية _ جامعة حلوان ، مدرس بقسم التعبير المجسم ، ل ، ٢٠٧ - PDF]خامات وأدوات النحت –.pdf
http://eulc.edu.eg/eulc_v5/Libraries/UploadFiles/DownLoadFile.aspx?RelatedBibID=MDQ1NjU1NTAtZjc0Ny00ZTRlLWFmNjMtMDcxYmU4ZDQwMGQ5X2l0ZW1zXzEyMTQ4OTg0XzEyMTQxNTIwX18=&filename

١٤٥ محمود بشندى قاسم : خامات و ادات النحت ، كليه التريه الفنيه _ جامعه حلوان ، مدرس بقسم التعبير المجسم ، ل ، ٢٠٧
=خامات وأدوات النحت.pdf
http://eulc.edu.eg/eulc_v5/Libraries/UploadFiles/DownLoadFile.aspx?RelatedBibID=MDQ1NjU1NTAtZjc0Ny00ZTRlLWFmNjMtMDcxYmU4ZDQwMGQ5X2l0ZW1zXzEyMTQ4OTg0XzEyMTQxNTIwX18=&filename

* Jennifer Rubel : هونەرمەندی ئافرەتی پەیکەرسازی ئەمەریکی لە ساڵی ١٩٧٠ لە ئەمەریکا لە دایك بوە کاری پەیکەرسازی – فیدۆی ئەنجام داوە خاوەنی چەندان پێشنگای تایبەتی هاوچەرخ لەو شوێنانە ( Los Angeles County Museum of Art, Performa, Dallas Contemporary, The Power Plant Contemporary Art Gallery in Toronto, Saatchi Gallery in London, and the Brooklyn Museum. ) هونەرمەندی هاوچەرخە –"
Jennifer Rubell - Rubell Museum https://rubellmuseum.org/nml-jennifer-rubell

** Alina Szapocznikow : ناسراوە بە (Szaposznikow") هونەرمەندی پۆلندی لە ساڵی May 16, 1926 لە دایك بوە – کاری پەیکەری کردوە بە مەتریالی فایبەر گلاس زیاتر کاری کردوە " Kalisz, Poland
Alina Szapocznikow — Artists | Hauser & Wirth
https://www.hauserwirth.com/artists/16711-alina-szapocznikow







وێنەی (١١١) کاری هونەرمەند Jennifer Rubel  وێنەی (١١٢) کاری هونەرمەند Alina Szapocznikow –

لەدوای هەرگۆرانکارییەك کە لە هەرکایەیەکدا لە کایەکانی شارستانییەت ڕوو دەدەن هونەر وەك کایەیەکی هەستیار بەم گۆرانکاریە بارگاوی دەبێت و ویست و خواستی هزری و فەلسەفی کار لەسەر خودی هونەرمەند دەکەن بۆ دەرچوون لە چەق و دامەزراندێکی نویٚ کە هاوسەنگك بێت لەگەڵ سەدەکەیدا ، کاتێك پەیکەری کۆکراوە دەبێتە ڕێزبەندی گفتوگۆ زانست و هونەریەکەی پرسیارگەلێك ئامادەیە کە کۆکراوە لە پەیکەردا چە واتایەکی لەگەڵ خۆی هەڵگرتوە ؟ لەیەکەم ئاماژەدا ئەوە دەلێن کە ئامانج کۆکرنەوە چەند ڕەگەزێکی جیاوازە لە یەك بونیادی پەیکەردا نەك مەبەست لە کۆکردنەوەی پەیکەرەکان وەك هاورەگەزێکی لەیەك چوو " هونەری کۆکردنەوە پشت دەبەستێت بە بیرۆکەیەکی بنەرەتی کە ئەویش پەسەندکردنی، بەشێوەیەکی بەشی یان گشتی، رەگەز و توخمە دروستکەرەکان و ئەو کەرستانەی کە ئامانج لێیان ئەوە نەبوو ببنە ماددەیەکی هونەری ، لە سۆنگەی چەمکی گەڕان و تاقیکردنەوە و نوێکاری لە کاری هونەری و پەیکەر کۆکردنەوە بەوە وەسف کراوە کە بریتییە لەو هونەرەی کە گوزارشت لە فەلسەفەی بەکاربردن لە ژیانی رۆژانە دەکات لە گۆڕینی ژینگە بە گشت روداوەکان بۆ ئەوەی ئەو خودی خۆی ببێتە کاری هونەری " ([١٤٦]) بروانە وێنەی (١١٣و١١٤) کاری هونەرمەند Yinka Shonibare




وێنەی ١١٣) کاری هونەرمەند Yinka Shonibare

١٤٦ Judith. Sculpture today. Phaidon . new york. Collinsk. 2010.p33




وێنەی ( ١١٤) هونەرمەند،Yinka Shonibare

Yinka Shonibare* لە و کارانەیدا بەشێوەی کردەی کۆکردنەوەی مەتریاڵ کاری کردوە ، هونەرمەندی هاوچەرخ کاتی کە مەتریالێکی بە کاردەهێنا بە شێوەی کۆلێکشن بە پێی ئەزموون و تەجروبەی خۆی ئەو کارەی ئەنجام دەدا ، بیری لە هەموو ئەگەرێکی پێش وەخت دەکردوە ، بیری لە هەموو پرسیارو وەلامێکی رەخنەیی هونەری دەکردوە ، بە شێوەیەکی ئازاد مەتریاڵەکانی بەکار دەهێنا " ئەو گۆڕانکاریانەی کە روویان داوە بەهۆی بەکارهێنانی مەتریاڵی نوێ کە پێویستیان بە ئەزموون و شارەزایی و شێوازی پێکهێنان یان کارامەیی و پیشەگەری هەیە بۆ بەدیهێنانی ئەو مەبەستانەی یان ئامانجانەی کە هونەرمەندی هاوچەرچ دەیەوێت بۆ نوێکاری، واتە بانگەشە کردن بۆ پراکتیزەکردنی ئازادی لە گوزارشت کردن بۆ گشت ئەوانەی بەردەستن، وای کرد کەرستەی وەرگیراو لە کۆمەڵگە بەکاربهێنێت بۆیە بایەخ پێدان لەسەر تەکنیکەکانی پێوەلکاندن و کۆکردنەوە بوو" ([١٤٧]) هونەری کۆکردنەوە لە هونەری هاوچەرخدا بە شێوەیەکی بەرچاو بەردەوامە رۆژ بە رۆژ لە بەرفراوان بوون و پێشکەوتنو بەکارهێنان مەتریاڵی جیاواز لە لایان هونەرمەندانی جیهان وە بەکار دە هێنرێت بۆیە بە کارهێنانی مەتریاڵ لە لای هونەرمەندانی هاوچەرخ بایەخێکی زۆری پێدراوە بە شێوەیەکی هونەری بە کار دەهێنرێت " پەیکەری کۆکراوە کە تاکو ئێستا بەردەوامە و هەروەها زۆربەی ئەنجامدەرانی بریتین لە هونەرمەندانی پەیکەرسازو وێنەکێشەکان بەیەکسانی بە تایبەتی پاش شەڕی جیهانی دووەم ( کاتێك هونەری کولاج پەرەی سەند ، هونەری کۆکردنەوە) کە بریتی یە لە هۆکارێك بۆ دروست کردنی کاری هونەری لەو توخمانەی کە پێشتر هەبوونە"([١٤٨]) بۆیە هونەرمەندی هاوچەرخ هەولیداوە ئێش و ئازاری

---

* Yinka Shonibare : ئەم هونەرمەندە بەریتانیە لە August 9, 1962 لە دایك بوە – لە ئەمەریکا ژیاوە کارەکانی ئەم هونەرمەندە کاری هاوچەرخە – کۆمەلێك مەتریالی جیاواز بەکار دێنی وەم مۆم ئاسن و پلاستیك و لە شی مرۆڤی کەم ئەندام – لە کارەکانیدا – Yinka Shonibare | British artist | Britannica
https://www.britannica.com/biography/Yinka-Shonibare

[١٤٧] محمود امهز ، الفن التشکیلي المعاصر-١٨٨٠-١٩٧٠التصوير ، دار المثلث للتصميم والطباعة و النشر بيروت –البنان ،١٩٨١،ص٢٦٢،٢٦١
[١٤٨] سمت ، ادور لوسي ، الحركات الفنية بعد الحرب العالمية الثانية ، ترجمة فخري خليل ، دار الشوون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩٥، ص ، ١٠٤

گەلەکەی یان کۆمەڵگایەکەی بە شێوەی هاوچەرخ دەربریت ، هەموو رێگاکانی دەربرینی تاقی کردۆتەوە لە روی نمایش و ئەداو ، شوێنی گشتی و هۆڵ و گەلەری و بۆشایو هەموو لە خزمەتی هونەرکەی بەکارهێناوە ، سەیری وێنەکانی ( ١١٥) هونەرمەند (Stephen Shaheen ) کە بەشێوەی کۆمەڵێك مەتریالی جیاوازی بە کار بردوە لەو کارەدا




وێنەی (١١٥) هونەرمەند Stephen Shaheen

لە هونەری هاوچەرخدا تەکنیکی کۆلاج و کۆکردنەوە وەی مەتریاڵ بە کار براوە سەرەتای ئەم هونەر لە رێگای تەکنیکی کۆلاج دەستی پێکرد وێنەیك دروست دەکرا کە کۆمەلێك پارەچە پارچە لە تەك یەك بە یەکەوە بە شێوەی برین فۆرمیکی هونەری لی درووست دەکرا دواتر ئەم کارە پەرەی سەندو مەتریالی جیاواز بە کار برا لە جیاتی برینی وێنەکان، بۆیە مەتریاڵ لە نێو بواری هونەردا بایەخو بە هایەکی تایبەتی هەیە لای هونەرمەند و بینەر ، " هەردوو تەکنیکی ( کولاج و کۆکردنەوە) بەکارهێنران بۆ هەردوو هونەری وێنەگرتن و پەیکەر بەیەکەوە، ئەوە سەیر نەبوو کە شێوازی پێوەلکاندن لایەنی گرنگ پێکبهێنێت، کولاج بوار دەدات بۆ نمایش کردنی توخمەکان بەیەکەوە، لە پێکهاتەیەکی یەکگرتوو و ئاوێتەدا ، گرنگ نییە بۆ بەدیهێنانی ئەم تێکەڵ بوونە توخمەکان دوو رەهەند یان سێ رەهەند بن ، هەرچی شێوازی کۆکردنەوەشە ، ئەوا توخمەکان لە پێکهاتەیەکی سێ رەهەند (دووری) دەردەکەون ، بۆیە ژێرخانێکی هەیە کە سیماکانی پەیکەر دیار هەڵدەگرێت. " ([١٤٩])سەیری وێنەی (١١٦و١١٧) هونەرمەند Oriol Cabrero

[١٤٩] محسین معمد عطیة : افاق جدید اللفن ط ١ افاق جدیدة للفن ، دار المعارف بمصر ، ١٩٩٥، ص ٤٩، ٥٤




وێنەی (١١٦) هونەرمەند Oriol Cabrero –




وێنەی (١١٧ ) هونەرمەند Oriol Cabrero

هونەرمەند Oriol Cabrero ) * هونەرمەند بە شێوازی کۆلێکشن کارەکانی ئەنجام داوە کە سێ مەتریاڵی جیاوازی لە یەك فۆرمدا کۆکردیتەوە ،بۆیە بۆمان دەردەکەوێت مەتریاڵ لە نێو هونەری پەیکەرسازیدا رۆلێکی گرنگی هەیە لە بەدی هێنانی ئەو بیرۆکەو فەلسەفەو ئەدای هونەرمەند بە بی بونی مەتریاڵ هونەرەکە ناهێتە بوون ، لە سەردەمی پێشو تەنها یەك مەتریاڵ بە کار دەهات وەك دارو بەردو برۆنزو زیو ئاسن، بەلأم لەگەڵ هاتنە کای هونەری مۆدێرنەوە هاوچەرخ ، کاری هونەری گۆرانکاری زۆری بەخۆیەوە بینی ئەویش لە بەکارهێنانی مەتریاڵی جۆراو جۆر و فرە جۆری بەشێوە ئازاد لە بەکارهێنانی ،

---

* Oriol Cabrero : هونەرمەندی ئیسپانی لە سالی ١٩٥٩ لە ئیسپانیا لە دایك بوە –کاری هونەری پەیگەرە لە هەنەری هاو چەرخ تێکەل کردنی مەتریالی جۆراو جۆرە – ( وەك ئاسن و دارو بەرد – ( Oriol Cabrero | Saatchi
https://www.saatchiart.com/ocabrero

## ٢- مەتریالّ لە سەردەمی پەیکەری مۆدێرندا :.

مۆدێرنە وەك وەرچەرخانێك بۆ بنیادنانەوەو هێنانەکایەی مۆدەیەکی نوێی بیرکردنەوە لە پەیوەندیەکانی نیو مرۆڤەکان بە تاك وکۆوە بووە سنتەری دەستپێکی گۆرانکاری لەکایەکانی ژیاندا ، بەمەش سەردەمی مۆدێرنە سەرەتای گەشەو نەشەونمایەکی تر بوو لە نێو هەنگاوەکانی مرۆڤ بۆ گۆرانکاری ، چۆنایەتی لە بریاردانی مرۆڤ لەسەر گوزەرکردنی ژیان لەسەر بنەمای لادان لە سنورەکانی وابەستەبوون و رەتکردنەوەی چەق بەستو پەیوەندیەکانی مرۆڤ لەگەلّ خودی خۆیدا ، ئەم هەولّەی مرۆڤ بۆ هەلگەرانەوەی لە یاساورێسا باوەکان بوو، وە ئەوەی دەرخست کە گۆشەنیگای سەیرکردنێکی نویّ بۆ پێداچونەوەی دامەزراندنی پەیوەندیەکی نوێی نێو کایەی شارستانییەت روبەڕوی قۆناغەکانی پێش خۆی دەبێتەوە ، لێرەدا سەرەتای خالّی دەستپێکردنی ئەم بزاوتە لە تێروانینی ( فرجینیا وولف ) * وە دەست نیشان دەکەین کە دەلّی،" مانگی کانونی دووەم سالّی ١٩١٠ گۆرانێکی گەورە رویدا لە سروشتی مرۆڤایەتیدا ، کەتیایدا پەیوەندی مرۆڤایەتیەکان لە نێوان گەورەو بچوك ، ژن ومێرد ، باوکو کور ، کاتێك ئەم پەیوەندیانە دەگۆرێن لە نێوان مرۆڤدا ئەوە وادەکات لە تەماشاکردن بۆ ئاین ، ئاکار ، رامیاری و ئەدەب ئەم گۆرانکاریانە روودەن " ([١٥٠]) ئەمەش ئەوئامانجەی مۆدێرنە گەورەتر دەکات کە بەرجەستە کردنەکەی لە چەند ناوەرۆکێکی جیاجیادا پراکتیزە بێت، لەوانەش سەرنجدان و چربونەوە لەسەر دیاردە جوانناسیەکان وەلادان لەپەیرەوە باوەکان لە رێگای هۆشیاری زانستی جوان ناسیەوە، بەمەش دەکریّ دەرکەوتنی دیاردەی مۆدێرنە " هەلّتۆقاندنی دیاردەی زانست جوانناسی هۆشیارانە کە ئەدەبێکی نا وا قعیانەی بەرهەم بێنێی و خالّی بیّ لە ناوەرۆکی مرۆڤایەتی و سرنج بخاتە سەر کەیسەکانی (شێوازو تەکنیك ) هەروەك ( نیتشە )* دەلێت ( هونەرمەند نابێت لاسایی واقع بکاتەوە، بەواتایی ئەرکی هونەری تێپەراندنی باوەکان "([١٥١]) ئەوەش ئەو دامەوزراندنە جیاوازەیە کە خودی مۆدێرنە لە کایەی هونەرو ئەدەبدا بەرهەمی هێنا لەسەر بنەمای دامەزراندنی پەیوەندی نویّ لەگەلّ خوی دامالینی لە واقیع ی خۆی هەربۆیە ( فلۆپیر دەلێت ،" ئەوەی ئەمەویّ

---

* فرجینیا وولف :.ناوی تەواوی ( أدالاین فیرجینیا وولف ) لە دایك بوی سالی ( ٢٥ ینایر ١٨٨٢ – لە سالی ٢٨ مارس ١٩٤١ کۆچی دوای کردوە نوسەری إنجلیزیە – نوسەری سەردەی نویّ لە سەدەی بیستەم _ لە بلاّو کراوەکانی (الرحلة من أصل (١٩١٥) -الليل والنهار (١٩١٩)غرفة جاكوب (١٩٢٢)السيدة دالواي(١٩٢٥) إلى المنارة (١٩٢٧) أورلاندو (١٩٢٨)الأمواج (١٩٣١) السنوات (١٩٣٧)بين الأعمال (١٩٤١)بيت تسكنه الاشباح ١٩٤٤- نوسەر زۆر کاریگەربوە بە - ويليام شكسبير. جورج إليوت، ليو تولستوي، دانييل ديفو، جيمز جويس، مارسيل بروست، مارسيل بروست، إيميلي برونتي، ڤرجينيا وولف – المعرفة [https://www.marefa.org/ڤرجينيا_وولف](https://www.marefa.org/ڤرجينيا_وولف)

[١٥٠] مالكم برادبري ، جيميس ماكفارلن ، الحداثة دار لمامونالترجمة والنشر ١٩٨٧، بغداد ، وزارة الثقافة ،ص ٣٣

* نیتشە :. Friedrich Wilhelm Nietzsche فەیلە سوف – ڕەخنە گرو –ئاوازدانەر – شاعیر – زمانەوان – کەلتور – ئەلمانی – لە سالی ١٥ – ١٠ – October 1844 لە دایك بوە – لە سالی – ٢٥ August 1900 – کۆچی دوای کرد "(Friedrich Nietzsche (Stanford Encyclopedia of Philosophy [/https://plato.stanford.edu/entries/nietzsche](https://plato.stanford.edu/entries/nietzsche/)

[١٥١] مالكم برادبري ، جيميس ماكفارلن ، هەمان سەرچاوە ، لا ، ٢٥

بیکەم ئەوەیە کە پەرتوکێکی جوان بنوسم لەسەر هیچ شتێ کە جگەلە پەیوەندی لەگەڵ خۆیدا لەگەڵ جیهانی دەرەوە پەیوەندی نەبێت" ([152]) ، ئەم خود گەرایەی کە مۆدێرنە دەستەبەری کرد ئەوی سەلماند کە گۆانکاریە کان لە نێوەندی هونەرو ئەدەبدا لە بەرجەستەکردنی شێواز، سیستمی پەیوەندی،بەکاربردنی راستەوخۆی و مامەڵەکردنی لەگەڵ دەقدا بە شێوەی ڕاستەوخۆ دور لە ئاوڕدانەوەی بۆ پرنسیپی باوەکان، ئەمەش وایکرد کەلە هونەری پەیکەردا ئەم راپەرینەی هزریە بە شێوەیەکی بەرچاو پراکتیزە بکرێت، بەرهەم هێنانی تێکست و دەقێك کە سەر لە بەری جیاواز بوو لەگەڵ قۆناغەکانی پێشتردا ، ئەمەش لەیەکەم هەنگاویدا متمانەکردنەسەر جۆری مەتریاڵەکان لەڕوی پێکهاتەوە فۆرمیانەوە و بەکاربردنیان لە کردەی هونەریدا ئەمەش لە رێگای درووستکردنی پەیوەندی دامەزراوەی نوێ لە نێوان مەتریاڵەکان بە ئامانجی بەرجەستە کردنی کردیەك کە هەڵگری گوتارێکی عەقلانی بێت . " هونەرمەند پاپلۆ بیکاسۆ لە هونەری کاری گیتاردا ، لە ساڵی ١٩١٢ بە کۆکردنەوەی کۆمەڵێك پارچەی کانزایی و سیم و وایەر پێکهێنابوو، کە وەك مەتریاڵ لە یەکتر لولدرابوو تا خۆی لە وێنەیەکی جیاواز و بگۆر دەربخات ، بەلکو کاری لەم جۆرە گالتە و کەپی تێکەڵاو بە باڵابوون و پیرۆزی لە خۆ دەگرێت ، " ([153]) ئەم پێکهاتانە و رێرەوی پەیکەری نوێیان گۆری بیکاسۆ بە زیرەکی و هۆشیاری توانی شێوازێکی بۆ خۆی لە خۆگرتن و دارشتن دابرێژێت بە دەرچوونی لە کۆت و زنجیرەکانی و شێوەکان بۆ سەرتر لە شێوازە کۆنەکان ببات تا ببێت بە زمانێکی پاراوی خاوەن دەربرین ، وە تەنها ناوەند گێر گەلێکی نین

، سەیری وێنەی (١١٨ هونەرمەند پاپلۆ بیکاسۆ ) * کۆمەڵێك مەتریاڵی جیاوازی بە کارهێناوە وەك ، یەکەم ئەزموونی هونەرمەند بوو لە لایەنی پێکهاتەی دامەزراندن کۆلاج کاری تێدا کرد، یەکەم بناغەی کۆکردنەوەی مەتریاڵ لە هونەری مۆدێرنە دادەنرێت

---

[152] مالکم برادبري ، جیمیس ماکفارلن ، هەمان سەرچاوە ، لا ، ٢٥

[153] الفن التجمیعي – Padlet https://padlet.com › dana7007 https://padlet.com/dana7007/dybmxp1nrvai

* پاپلۆ بیکاسۆ: ناوی تەوای بابلۆ رویز بیکاسۆ ، Pablo Ruiz Picasso ، هونەرمەندی ئیسپانیە لە ساڵی –٢٥–١٠–١٨٨١ لە ئیسپانیا لەدایك بوە – لە ساڵی –٨–٤–١٩٧٣– لە فەرنسا کۆچی دوای کردوە – وێنە کێش و پەیکەرسازی ئیسپانی بوە – یەکەم هونەرمەندی سەدەی بیستە م بوە کە دامەزرێنەری قوتابخانەی – تکعیبیە بوە – (".The Guitar, MoMA". Moma.org مؤرشف من الأصل فی ١٦ ینایر ٢٠١٥. اطلع علیە بتاریخ ٠٣ فبرایر ٢٠١٢.–" Pablo Picasso – المعرفة https://www.marefa.org/بيكاسو




وێنەی (١١٨) هونەرمەند بیکاسو

رێگەو رێبازێکی تازە و جوڵەیەکی تازە هاتە ناو هونەری بە گشتی بە تایبەت هونەری پەیکەر ، ئەزموونێکی تازە پەیدابوو بە شێوەکی جیاواز کارەکان دەرکەوتن " بۆ گواستنەوەی لە رێگەی رێبازێکی رێکخستنی تایبەتی شاز کە دەرفەتی جوولە بۆ گشت لایەك و ئەزموونێك فەراهەم دەکات و ژمارەیەکی ئێگجار زۆر لە شێوەو پێکهاتە بەرهەکانی ئێگجار دەولەمەندترکرد، بەلکو جیاواز دەرکەوت لە چارچێوەی گشت مێژووی هونەردا و تەنها لە هونەری نوێدا"([١٥٤]) ئەزمونێکی تازە لە هونەری پەیکەری سێ رەهەندی هاتە کایەوە بە تایبەتی لە لایان هونەرمەندی بیکاسۆ ئەم هونەرمەندە توانی جیاوازی بخاتە ناو کاری هونەری پەیکەر بە هۆی کۆکردنەوەی چەند مەتریاڵی جیاواز لە یەك کاری هونەریدا کە لە وەپێش ئەم جۆرە کارانە بە دەگمەن بوونی هەبوە، بۆیە هونەرمەند لەو جۆرە کارانە دا بە سەرەتای دەست پێکردنی هونەری کۆکراوە دادەنرێت لە هونەری سەدەی بیستەم وەك قوتابخانەیەك باسی دەکری کۆکراوەکانی ئەم هونەرمەند بە رێچکە شکێنی هونەری پێش خۆی دادەنرێت بە تایبەتی لە بەکارهێنانی مەتریاڵی جۆراو جۆرو جیاواز لە کارەکانید ئەم هونەرمەندە (بیکاسۆ) بە شێوازی تایبەتی خۆی کارەکانی ئەنجام داوە شوێن دەستی لەم شێوازە کارکردنە بە جێ هێشتوە ، سەیری وێنەکانی ١١٩) کارەکانی هونەرمەند پاپلۆ بیکاسۆ

---

[١٥٤] بسيوني ، فاروق ، قراءة اللوحة في اللفن الحديث ، ط١ ، دار الشروق ١٩٩٥، ص ٩٣




وێنەی (١١٩) هونەرمەند بیکاسۆ

ئەم جۆرە کارکردنەی هونەرمەند ئەو بیرۆکەی هەیەتی دەبێ زۆر بە زیرەکی دای برێژێت و کاری لە سەربکات گونجانی ئەو مەتریالانەی کە پێکەوە بە کاریان دەهێنێ ، لەم جۆرەکارانە زمانی گفتوگۆ و قسەکردن زۆر لە سەر کارەکە دێتە ئاراوە بینەر بەدوای پرسیارو وەلاّم دەگەرێت لە شێواز بە کارهێنانی ئەو چەند مەتریالّە پێکەوە " ئەم شێوازەی دروستکردن دەرفەتی بە پیکاسۆ دا کە کار لەسەر شێوە فۆرمی نوێ بکات کارەکانی زیاتر لەسەر لایەنی بارو دۆخی مرۆڤ بوو " ([١٥٥]) سەرەتای دەرکەتنی چەمکی کۆکردنەوە شێوازێکی نوێ بوو بۆیە لە هونەری نوێدا بوە هۆی کرانەوەی ئەو رێگایە بەرووی هونەرمەندو بینەر چەمکی کۆکردنەوە ئەو هونەرەیە کە لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم دەرکەوت ، وە لەسەرەتای دەرکەوتنیدا بوە هۆی بەرەوپێش چونێکی نوێ لە رێبازی هونەری نوێدا، بەهەموو گۆرانکاریو پێشکەوتنەکانی کە بەخۆیەوە بینی ،دامەزراندنی کردە هونەریەکان لە سەربنەمای تازەگەری (الحداثة ) پشت بەستنە بە ئاماژەیەکی جوان ناسی نوێ بۆ دەق و تێکستەکان کە تیایدا سەنتەری کارکردنی خودی هونەرمەندە و ئەوەی دەیەوێت لە رێگەی دامەزراندێکی ناوازەی خاوەنداریتی کردنێکی عەقلانی لەلایەن هونەرمەند یان ئەدیبەوە دەکرێت ، ئەم ئاراستە کردنەی هونەر لەژێر کاریگەریەکانی تازەگەریدا هەنگاوێك بۆ تازەکردنەوەو دراسەکردنی دەرونی مرۆڤایەتی لەناوەوە بە متمانە کردن بە ئامرازە هونەریە تازەکان کە مەبەست لێی مەتریالّ جیاواز ، پێش بەکاربردنی وەك ناوەندێکی گەیاندن لە کردەی هونەریدا هیچ گرنگییەکی و بەهایەکی هونەری نەبوو " بۆیە کاتێك هونەرمەندێك لە ناو هۆلێکی داخراو یان گەلەرێك یان لە شوێنێکی گشتی ، کارێکی هونەری لەم شێوە نمایش دەکات، لە کار هونەریەکە دا کۆمەلێك مەتریالّی جیاواز بە کاردەهێنێ،

---

١٥٥ Microscopic analysis by Royal Botanic Gardens, Kew, London, 2002, report in Tate Conservation File T01136.
https://www.tate.org.uk/research/publications/tate-papers/11/technical-study-of-picasso-construction-still-life-1914

دەبێتە هۆی درووست بوونی چەندان پرسیارو لەم بارەیەوە ئەم جۆرە کارانە دەبێتە هۆی جولاندنی مێشك و بیرکردنەوەیەکی قول لە کارە هونەریەکان ورووژاندنی کۆمەلێك دەستەواژەی تازەو ئاشنابونی بینەر بە و جۆرەکارانە دەبێتە جێگای سرنج و تێرامانی قول بەرامبەر کارە هونەریەکان دەبێتە هۆی گەرانی زیاتری بینەر بەدوای ئەم جۆرە کارانە" ([156]) یەکێك لە و کارانەی هونەرمەندی فەرەنسی (مارسیل دۆشامپ) کە نمایش کردوە لە پێشنگایەکی هونەریدا بینەرەکانی ناو پێشنگایەکەی توشی شۆککردووە بە بەکارهێنانی کۆمەلێك مەتریالّی سەرنج راکێش و کۆکردنەوەی چەندان مەتریالّی جیاواز لە یەك کاری هونەریدا .

" لەم کارە هونەریە کە نیوەی پڕبوو لە چەند پارچە لە بەرد، پاشان داوا لە هەندی بینەر کرد کە قەفەزەکە هەلگرن واقیان ورما چونکە دیتیان زۆر قورس وگرانە لە کاتێکدا لەو باوەرەدا نەبوون کە پارچە شەکرەکان هیندە گران بێت ، لە راستیدا چەند پارچەیەکی بچوکی لە روخام بوو کە مارسل دۆشامپ بە قەبارەی جیاواز نمایشی کردبوو " ([157]) بۆیە هونەرمەندا بۆ بونیاتنانی کارە هونەریەکانیان توانیویانە سود لە مەتریالّی سروشت وەربگرن یان ئەو مەتریالانەی کە وەك پاشماوە فرێ دەدرێت، هونەرمەند جارێکی تر بە کاری بە هێنێتەوە وەزیفەیەکی تری پێ بەبخشێت سەیری وێنەی (١٢٠) کاری هونەرمەند مارسیل دۆشامپ ، " مارسیل دۆشامپ بە کۆکردنەوەی پاشماوەکانی ژینگە و بە تێك شکاندی بنەماکانی هونەری نوێ شتی ئامادە و باوەرنەکراو وەك کۆمەلێك کای هونەری پێشکەوتوو بەکارهێنا " ([158])




وێنەی (١٢٠) مارسیل دۆشامپ

[156] www.okaz.com.sa>article سطوة الفن التجميعي في الفن التشكيلي
https://www.iasj.net/iasj?func=article&aId=108952

[157] الكية فردينانن فلسفة السريالية ، ترجمة وجية العمر ، منشورات وزارة الثقافة و الارشاد القومي ، دمشق ، ١٩٧٨، ص ١١١-١١٢

[158] الفن التجميعي – Padlet https://padlet.com › dana7007
https://padlet.com/dana7007/dybmxp1nrvai

هونەرمەندێكی سەردەمی تازەگەری كە كاری لەو بوارە كردووە چەندان كاری جۆراو جۆری هەیە وەك كۆكردنەوەی مەتریاڵی جیاواز بەكارهێنانی لە یەك فۆرمی هونەریدا ئەویش هونەرمەندی ئەمەریكی رۆبرت رۆشنبیرگ، كە بە بیروكەو كارە ناوازو نامۆكانی بەبەكارهێنی مەتریاڵە جیاوازەكان لە كارەكانی بۆتۆ جێگای سەرنج و تێڕامانی بینەر و هونەرمەندا بۆیە بڕوانە كارەكانی هونەرمەند لە وێنەی ( ١٢١و١٢٢) كاری هونەرمەند رۆبیرت رۆشنبیرگ " هونەری كۆكراوە فەلسەفەی بەكاریردنی لە ژیانی رۆژانەو گۆرینی ژینگە ئەو مەتریاڵانەی لە ژینگە بونیان هەیە بەكاربردنیان بۆ كارێكی هونەری " ([١٥٩])



وێنەی (١٢١) هونەرمەند رۆبرت رۆشنبیرگ



وێنەی ١٢٢ هونەرمەند رۆشنبیرگ

هونەرمەند ( رۆبرت رۆشنبیرگ )[*] سودی لە مەتریاڵی ئامادە وەرگرتوە، هونەرمەندێكی تری مۆدێرنەكە كارەكانی بەشێوەی كۆلێكشن و چەندان مەتریاڵی جیاوازی بەكارهێناوە لە كارەكانیدا ئەویش هونەرمەند Barbara+hepworth[**] كۆمەلێك مەتریاڵی جیاوازی لە یەك فۆرمدا كۆكردۆتەوە سەیری وێنەی ١٢٣و١٢٤

---

[١٥٩] الفن التجميعي – Padlet https://padlet.com › dana7007
https://padlet.com/dana7007/dybmxp1nrvai

[*] رۆبرت رۆشنبیرگ : "Robert" Rauschenberg : هونەرمەندی ئەمەریكی لە سالی ٢٢-١٢-١٩٢٥ لە دایك بوە هونەرمەندی ئەمەریكی نیگار كێش و پەیكەرتاش و – وێنە گرتنی – photography فۆتۆ گراف – كاری performance پێرفۆرمانس – كاری printmaking – كاری papermaking – كارەكانی هونەرمەند كۆكردنەوە – مەتریال بوو دوور لە شێوازە كۆنەكان تێكەل كردنی كاری نیگار كێشی و پەیكەر-. Robert Rauschenberg | MoMA
https://www.moma.org/artists/4823

[**] Barbara+Hepworth : هونەرمەندی ئینگلیزی لە سالی ١٩٠٣ لە دایك بوە لە سالی ١٩٧٥ كۆچی دوای كردوە هونەرمەند پەیكەرساز بوە كارەكانی لە سەر شێوازی مۆدێرنە بوە بەكاربردنی مەتریاڵی جۆراو جۆر لە كارەكانی دا Who is Barbara Hepworth? | Tate

مەتریاڵی پەمۆداو

تێکەڵاو کردنی کانزا

مەتریاڵی دار



وێنەی (١٢٣) هونەرمەند Barbara+hepworth –

مەتریاڵی – Bronze برۆنز

مەتریاڵی – string داو



وێنەی (١٢٤) هونەرمەند Barbara+Hepworth

بۆیە لە کۆکردنەوەی مەتریاڵ لە هونەری مۆدێرنەدا ، وەك سەرەتایەك و کرانەوەی ئەم شێوازە کارکردنە دادەنرێت لە  ناو هونەر بە گشتی ، هونەری پەیکەر بەتایبەتی .

دەتوانین سیمای تایبەتمەندییەکانی کردەی کۆکردنەوە لە پەیکەری مۆدێرنەدا لەم چەند خاڵەدا پۆلێن بکەین ،

١– کردە هونەرەکان پەیکەر توانیویانە جەستەی پەیکەرە باوەکان جێ بهێڵێت و لە فۆرمێکی نوێدا نمایشی خۆیان بکەن ،

٢– کردە هونەرەکان پەیکەر ئامرازی جیاواز لە خۆیدا کۆکردۆتەوە بەمەش بەهای جوانناسی و گوزارشت کردنەکەی جیاوازە .

٣– کردەی کۆکردنەوەی مەتریال بۆبەرجەستەکردنی جەستەیەکی نوێ و بنیادنانی پەیکەر پشتی بەستوە بە پەیوەندی نێوان ئامرازو ڕەگەزەکانی بەشدار بوو لە کردە هونەریەکەدا .

٤– گوتار لە پەیکەری کۆکراوەدا گوتاری مەتریاڵ .

٥– بەشداریکردنی زیاد لەمەتریالێك واتای دەرچون لادان لە سنورو چوارچێوە باوەکان بەرجەستەدەکات

٦–کردەی کۆکردنەوە بەم سیماو واتا جیاوازو دەرخسێت گۆشەنیگای جیاوازە بۆ دەربرین و گوزارشت لە جوانی و واتا .

---

https://www.tate.org.uk/art/artists/dame-barbara-hepworth-1274/who-is-barbara-hepworth "

## ٣- مەتریاڵ لە سەردەمی پەیکەری هاوچەرخدا.

مەتریاڵ لە وابەستە بونێکی بەردەوامدا لەگەڵ سەردەمی هاوچەرخدا هاوسەنگ بونێکی تەواوی نیشان داوە، بەمەش بونیادی وەرچەرخان و گۆرانکاریەکانی نێو کایەی شارستانییەت و لە ناویدا کایەی هونەر ئەوە پشت راست دەکەنەوە کە مەتریاڵ وەك گوتارێکی خۆسەپێن لە نێوەندی ئەم سەردەمی شارستانییەتەدا و کردە هونەریەکاندا بەهای دەربرین لە چوارچێوەی( جواننناسی) باودا بەرتەسك کردۆتەوە ئەمەش لە رێگەی بە ئامانج گرتنی رەگەزە سەرەکیەکانی کردەی هونەری کە خۆی لە تێکشکاندنی ( فۆرم و ناوەرۆك ) و یاسای دامەزراندن و پەیوەندیەکانی نێو یەکە بەژداربوەکانی کردەی هونەری ) لە رێگەی مەتریاڵە ئامادەکان کە جێگەی ئەو مشت و مڕە ئیستاتیکیەیان گرتۆتەوە کە هەریەك لە فۆرم و ناوەرۆك ) وەك دوالیزمەیەکی تەریب ئامادەییان هەبووە تیایدا ئەمەش رەنگە چەند هێزی ئەو گۆرانکاریە بێت کە قۆناغێك بەرهەمی هێناوە، ئەوەندەش باوەڕو ئارەزوی (خودە) کە ئەیەوێ دیوێکی تری هزرو بیرکردنەوەو تێڕوانین نیشان بدات ، دەرهەق بەسەر دەمەکەیی و لە میانەی تازەگەریدا بابەتە زهنیەکانی کەڵەکەبووی خۆی لە چالاکی عەقلانیدا پراکتیزە بکات، کە وەرگێرانی خودی ئەو چالاکییە لە کردەی هونەری بینەیدا بەرجەستەدەکات لە رێگەی مەتریاڵە جیاوازەکانەوە " کەواتە چەمکی مەتریاڵ لە پەیکەری هاوچەرخ چی دەگەینی، رەنگە یەکەم وەلاّم شتێکی ئاسای بێت بەوەی کە بریتیە لەو مەتریاڵ بەرایانەی کە لە کاری هونەری بە کاردەهێنرێن، بەلاّم هەر ئەوەندە کە بمانەوێت مەتریاڵ بخینە روو دەبینین کە ئەمە بابەتێکی ئاسان نیە، سەرەڕای ئەوەی ئەم وشەیە دیوێکی فەلسەفی و فیزیائی هەیە ، ئەوا ئەو شتەی ئێمە بە مەتریاڵ کاری پەیکەر ناوی دەبین ، لە سەردەمی هاوچەرخدا ، جیاوازە هەرلە سەرەتای سەدەی بیستەم هەریەکە لە دەنگ و رووناکی و جولە و کەلوپەلی رۆژانە وە تەنانەت جەستەی مرۆڤی زیندوو بەکار دەهێنرا وەك مەتریال بۆکاری هونەری هاوچەرخ " ([١٦٠]) سەیری وێنەکانی (١٢٥) کاری هونەرمەندان ( Jean

---

[١٦٠] Atassi Foundation - المجلة - Long Read
https://www.atassifoundation.com/ar/lmjl/lsdr-3-lnht/fy-hdh-l-dd/long-read

( Tinguely [*] لەم کارەیدا هونەرمەند دیارە کارێکی کۆلێکشن کۆکراوەی چەندان مەتریاڵی جیاوازە بەکارهێناوە

وێنەی (١٢٦) هونەرمەند (Bruce Nauman ) [**] لەم کارەیدا هونەرمەند کۆمەڵێك مەتریاڵی جیاوازی بەکارهێناوە ،




( وێنەی (١٢٦) هونەرمەند Bruce Nauman —




وێنەی (١٢٥) کاری هونەرمەند (Jean Tinguely )

ئەوەی جیاوازە لە کارە هونەریەکانی ئەم ئاراستەیەدا (هاوچەرخ) ئەوەیە هونەرمەند بە ئاگاییەوە خۆی لەدوبارە کردنەوەی کاری هونەری دەگرێ و راستەوخۆ لە بەرامبەر وەرچەرخانێکی خێرادا خۆی ڕادێنێ و لە ڕێگەی ئەزمونکردنی شێوازەکانی بەکاربردنی مەتریاڵ و دۆزینەوەی پەیوەندی ڕواڵەکی لەنێوان ڕەگەزە بەشداربووەکانی ناو کردە هونەریەکە ، ئەمەش پالپشت کردنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەربەستی یەی (خود) کە لەم رووبەڕوبونەوەیەدا ئامادەبونێکی هزری و فەلسەفی دەکات ژێرخانی دامەزراندنەکەی ،"مێژونووس وهونەرمەند (پۆل لویس رینوی) دەڵێت: پەیکەری هاوچەرخ بە تایبەتی پەیوەست بە هونەرەکانی ترەوە، کە بە هۆیەوە دەتوانێت ڕەگەزگەلێکی تێکەڵ و فرەجۆر بەرهەم بهێنرێت ، وەك سینەما پەیکەر ، و دەنگ وێنەی فۆتۆگرافی وەك پەیکەرتاشی بەستنەوە بە رەقس و ئەدا، پەیکەرتاشی بە مەتریاڵی جیاواز "([١٦١]) دەکرێ ئاماژەکانی

---

[*] Jean Tinguely : هونەرمەندێکی پەیکەرتاشی سویسریە لە — ٢٢— ٥— ١٩٢٥ لە دایك بوە — لە ٣٠ — ٨ — ١٩٩١ — مردوە — ئەم پەیکەرتاشە کاری لە سەر پاشماوەی ئامێرو مەکینەوە سەیارە ی ئۆتۆمۆبیل کردوە بە شێوەی دینامیکی کاری تێدا کردوە کارەکانی بە شێوەی کۆلێکشن بوە — کارەکانی جاوی لە دادا یەکان کردوە — کارەکانی لە سەدەی بیستەم بوە — ( Ian Chilvers and John Glaves-Smith (eds), A Dictionary of Modern and Contemporary Art, Jean Tinguely 1925–1991 | Tate – Oxford University Press, p.709 https://www.tate.org.uk/art/artists/jean-tinguely-2046

[**] Bruce Nauman —هونەرمەندی پەیکەرسازی ئەمەریکی لە ٦—١٢—١٩٤١ لە ئەمەریکا لەدایك بوە هونەرمەند کاری پەیکەرتاشی و _ فۆتۆگرافی و کاری فیدۆی وێنەکێشان پێرفۆرمانس — کردوە — حەزی بەکاری ئەندازیاریش کردوە — لە ئێستا دا لە Galisteo, New Mexico. دەژێت — Andrew Solomon (March 05, 1995), Complex Cowboy: Bruce Nauman The New York Times. – Bruce Nauman born 1941 | Tate https://www.tate.org.uk/art/artists/bruce-nauman-1691

[١٦١] Paul louis Rinuy , la sculpture contemporaine,Presses Universitaires Vincennes, 2018. [ https://journals.openedition.org/critiquedart/25769 -p.7

کۆکردنەوەی مەتریاڵ لە کردەیەکی هونەریدا بە تایبەت مەتریاڵە (ئامادەکان ) بخینە روو کە لەم دوو کارە هونەریە کە هونەرمەند ( رۆبرت گوبێر – Robert Gober) [*] کە تیایدا کرداری کۆلێکشن ی مەتریاڵی بە دامەزراندێکی عەقلآنی پەیوەندی نێوان رەگەزەکان رێکخراوە ئەمەش سەلماندنی گۆشە نیگای هونەرمەندە لەگەڵ مەتریاڵدا بۆ دەستەبەرکردنی دەقێکی بینەیی سەردەمیانە بڕوانە وێنەی ١٢٧ و ١٢٨، کاری هونەرمەندە ، Robert Gober




وێنەی (١٢٧) کاری هونەرمەند Robert Gober




وێنەی (١٢٨) هونەرمەند Robert Gober

هونەرمەند (Robert Gober) لە وکارەیدا کە هونەر هاوچەرخ بە هۆی بە کاربردنی زۆرترین مەتریاڵ لە هەموو بوارەکانی هونەر بەتایبەتی پەیکەر زیاتر بەدیار کەوتو بلاو بۆیەوە، بەتایبەتی کۆکردنەوەی مەتریالی جیاواز لە لای هونەرمەندان ئەو مەتریاڵەی سروشتیە لە سروشت بونی هەیە یان مەتریالی پیشەسازی دەستکرد، بۆیە لە هونەری هاوچەرخ هونەرمەند زیاتر زمانی ئاخاوتن زیاتر هاتە ناو کای هونەرەوە بە تایبەتی لەو کارە ئالۆزیو تێکەلاویانە پر لە مەتریالی جیاواز پرسیارگەلێکی زۆری بە دوای خۆی دادەهێنا"توێژینەوەکانی چەمکی هونەری کۆکراوەلە پەیکەری هاوچەرخ لە خۆدەگرێت کە بریتیە لە دانانی مەتریاڵی جیاواز بە یەکەوە بە شێوەی کۆکراوە لە وێنەکێشان یاخود لە پەیکەر راستەوخۆ بە شێوەی رون وئاشکرا بەرهەم دەهێنرێت ، پێکهاتەی ئەم جۆرە کارانە بە شێوەی گشتی بریتیە لە مەتریاڵی بەرایی سروشتی یان دەستکرد یان شتە هونەریەکان یان پارچە

[*] (Robert Gober) هونەرمەند ئەمەریکی رۆبرت گەوبەر – لە دایك بووی ١٢-٩-١٩٥٤- پەیکەرتاشە ئەو کارانەی دەیکات زۆرجار پەیوەندیدارە بۆ نیشتمان و کارەکانی زیاتر چەند مەترالێك بە کاردێنی کارەکانی زیاتر لایەنی – دەست شۆر دەرگا قاچ–
Robert Gober: The Heart Is Not a Metaphor | MoMA
https://www.moma.org/calendar/exhibitions/1452

گەلێك كە وەك مەتریاڵی بەرایی هونەر بەكار دەهێنرێ، ئەمەش لە پێناو گەیشتن بە كۆمەلێك كاری كۆلەگەكانی ڕێبازی سریاڵی بۆ هونەری كۆكردنەوەی لە پەیكەر هاوچەرخ تیایدا بەدی دەكرێ ، ([162]) هونەری هاوچەرخ رۆژ بە رۆژ زیاتر دەچوە ناو نەواخنی هەموو كایە سەرەكیەكانی هونەرەوە، هەموو كارێكی هونەری زۆرلایەن تێكەڵ بەیەكتر دەكران نمونە كاری دەستی لەگەڵ پەیكەر یان وێنە كێشان وپەیكەر سیرامیك و دەنگ و نمایشی هونەری ئەمانە لە كارێكی هونەری جیاواز دا لە یەك فۆرمدا كۆدەكرانەوە بە چەند مەتریاڵی جیاواز كارەكە ئەنجام دەدرا ، بۆیە زاراوەی هاوچەرخ لەنیوەی یەكەمی سەدەی ١٩ بەدەركەوت لەسەرەتادا بەشێوەیەكی سادە بۆ ماوەی مێژوی بەكاردەبرا بەلاّم ئەم زاراوەیە بۆبەشی هونەریش بەكارهات بۆ ئەو ماوە زەمەنیەی كە تێدایە، بۆیە الفیلسوف الإیطالي (جیورجیو أغامبین) " ئەوە دەتوانی كات بگۆری و بیخاتە پەیوەندی لەگەڵ كاتەكانی تردا بەدابەشكردنی و خوێندنەوە لەناو بزاڤی هونەریدا بەكاردێت وەك پۆلینكردنی هونەری ئەوەیە كە دەتوانین ناوی بنێین نوێگەری"([163]) بە ئەنجامدانی ئەزموونگەلێك لەسەر مەتریاڵی بەرایی پاشماوە و بەرهەمهێنراوەكان، سەرەرای بەكارهێنانی كاری رستن و چنین وەك بەشێك لە كاری پەیكەری هەروەها پێشاندانی توانستگەلێكی سەرەكی پەروەردەی هونەری بۆ هونەری پەیكەر دەولەمەند دەكات ئەمەش لە رێگای بەرفراوانكردنی بازنەی هەلبژاردنی هونەریەكانی بەردەست و رێگەپێدراو لە بەكارهێنانی ژمارەیەكی زۆر مەتریاڵی بەرای جیاوازی كۆكراوە، ئەم شێوازەی كۆكردنەوەی مەتریاڵ جیاواز كۆلێكشن لە هونەری هاوچەرخ بە تایبەتی لە بواری پەیكەردا، كاری هونەری پەیكەر بردە قۆناغێكی جیاواز ترەوە و، لە روی پێكهاتەوە تەكنیكی و فرە جۆراوجۆری مەتریاڵی جیاوازەوە، ئەمەش وای لە هونەرمەندی پەیكەركرد سودی زۆر لە هەموو جۆرە مەتریالێك بە بینی دووبارە بەكاریان بە هێنێتەوە لە كارێك هونەری كە چەندان مەتریاڵی جیاواز لە خۆ بگرێت .

" ئەم شێوازی دەركەوتنی پەیكەری نوی زیاتر جۆراو جۆرتر دەكات ، ئەمەش لە جۆراو جۆری تەكنیكی هونەریەكان تا رادەی دەركەوتنی كە تێدا شێوەی پەیكەری فرە توخم و فرە پێكهاتەی دەبێت كە ژمارەیەكی زۆر لە مومارەسەی هونەری و تەكنیكی جیاواز لە خۆدەگرێت وە دەرفەت دەخاتە بەردەم داهێنانی هونەری كە دەكرێت وەك قوناغێكی نوێ لە دوونیای پەیكەر كۆكراوە هەژماربكرێت كە ئەمەش بە پەیكەر ژینگەی دەناسرێت بۆ ئەمەش سودوەرگرتن لە مەتریاڵی بەرایی ئامادە بۆ دروستكردنی كارێكی هونەری سێ ڕەهەندی هەر وەك لە

---

[162] مجلة علوم وفنون – دراسات وبحوث – جامعة حلوان – المجلد الرابع عشر – العدد الأول – ینایر ٢٠٠٢ لفنان أ.د/ علي الصهبي ضیف بمجلة فنیة بنیویرك وعلى غلافها النحات:أ.د/علي الصهبي (ضیف شرف) صالون البورتریه الدولي بالإسماعیلیة االصقحة الرئیسیة توظیف فن التجمیع في النحت المعاصر لإثراء الرؤیة التربویة
profalyelsohby.blogspot.com › 2012/02 › blog-post_3829
http://profalyelsohby.blogspot.com/2012/02/blog-post_3829.html

[163] Giorgio Agamben, Qu’est ce que le contemporain ?, traduction de Maxime Rovere , -Paris, Payot et Rivages, 2008. p.39 https://www.amazon.com/Quest-ce-que-contemporain-Giorgio-Agamben/dp/2743618574

راستی و لە سروشتی بوونیان هەیە ، " (١٦٤) سەیری وێنەی( ١٢٩) كاری هونەرمەند ( MARINA VARGAS )*
وێنەی (١٣٠) كاری هونەرمەند (SAMUEL SALCEDO )**




وێنەی (١٣٠) هونەرمەند SAMUEL SALCEDO




وێنەی (١٢٩) هونەرمەند MARINA VARGAS

بۆیە لەگەڵ بیرۆكەو دانانی پلان بۆ كارێكی هاوچەرخی كۆكراوەی كۆلێكشن هونەرمەند بەردوام لە گەراندابووە بۆ بەدەست هێنانی مەتریاڵی ئامادەی سروشتی یان پیشەسازی، یان ئەو مەتریالانە كە بە كەلكی كارە هونەریەكەی دەهات بۆ ئەوەی لە كارەكەی زۆرترین مەتریاڵی كۆكراوەو سرنج راكێش بە كار بەهێنێت هونەرمەند سوودی لێ وەردەگرێت بۆ دەولەمەندكردنی دەربرینی پەیكەری كۆكراوە، لەگەڵ پێشكەوتنەكانی زانست و پیشەسازی هاتنەكای ئامێری تازەو پێشكەوتو بۆیە هونەرمەندان بیریان لە بە كاربردنی مەتریاڵی تازەو نامۆ دەكردەوە كە لە

---

١٦٤ مجلة علوم وفنون – دراسات وبحوث – جامعة حلوان – المجلد الرابع عشر – العدد الأول – يناير ٢٠٠٢ لفنان أ.د/ علي الصهبي ضيف بمجلة فنية بنيويرك وعلى غلافها النحات:أ.د/علي الصهبي (ضيف شرف) صالون البورتريه الدولي بالإسماعيلية االصفحة الرئيسية توظيف فن التجميع في النحت المعاصر لإثراء الرؤية التربوية profalyelsohby.blogspot.com › 2012/02 › blog-post_3829
http://profalyelsohby.blogspot.com/2012/02/blog-post_3829.html

* MARINA VARGAS واتە جێگای نیشتنەوە كەشتی یان چاكردنەوەی كەشتی ڤاگاس – هونەرمەند ئیسپانیە لە سالی ١٩٨٠ لە دایك بوە خەلكی مەدریدە هونەرمەند كارەكانی زیاتر بە فوم فایبەرگلاس بۆیە كردن تێكەل كردنی ئەم مەتریالانە پێكەوە – Marina Vargas revisita los clásicos en el CAC
https://www.malagahoy.es/ocio/Marina-Vargas-revisita-clasicos-CAC_0_982402382.html

** SAMUEL SALCEDO: هونەرمەند لە ئیسپانیا لە شاری بەرشلۆنە لە سالی ١٩٧٥ لە دایك بوە – خوێندنی زانكۆ لە زانكۆی بەرشلۆنە تەواو دەكان هونەرمەندێكی پەیكەرتاشە كار لە سەر پیرفۆرمانس و ئەنستلیشن تیكەل كردنی چەند مەتریالك كارەكانی ئەنجام دەدات – ( Samuel Salcedo | Buy Original Art Online | Artsper ▷
https://www.artsper.com/en/contemporary-artists/spain/4238/samuel-salcedo

پێش چاوی بینەر تازە بێت دووبارە نەبێت، بۆ زیاتر دەولەمەندکردنی کارەکەو دەرخستنی، بە تایبەت مەتریاڵی پیشەسازیە دەست کردەکان وەك فیبەرگلاس و ئاسن و ئەلەمنۆم پلاستیك... هتد " پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و پیشەسازی کۆمەلگەی رۆژئاوا کاریگەری مەزنی هەبوو لە ڕودانی ئەو گۆرانکاریانەی لە ڕێرەوی پەیکەر لە ئەمەریکا رویان داوە هەروەها لە رۆژئاوا بە تایبەتی دوای جەنگی جیهانی دووەم، لە بەکارهێنانی مەتریاڵی پیشەسازی نامۆ لە پاشماوە ی ئاسن و ئەلەمنیۆم پلاستیك بۆ ئەوەی بەرهەمی پەیکەری هونەرمەندان بەبێتە بە وێنەیەك لە کۆکردنەوەی پاشماوە کە بەرهەمێکە لە مەتریاڵی کۆکراوەی جیاواز"([١٦٥]) کاتێك هونەرمەندێکی هاوچەرخ کارێکی هونەری ئەنجام دەدات کۆمەلێك پرسیاری نامۆ تەکنیکی نامۆ بە کاربراوە لە کارەکە حەزدەکات لە شوێنك نمایشی بکات زۆرترین بینەر سەیری بکات هەلسانگاندن بۆکارە هونەریەکە بکریت لە لایان کەسانی شارەزاو رەخنە گرانەوە" گۆرانکاری یاخود نمایشکردنی کارە هونەریەکان، لە بەکارهێنانی مەتریاڵی جیاواز لە پەیکەری هاوچەرخدا زۆرێك لە هونەرمەندان بەرهەمەکانیان بلأودەکەنەوە لە پێناو دەرخستنی داهێنانەکانیان وە یاخود بۆ پەیوەندی و دەربرین لە بیرۆکەکانیان بە بەکارهێنانی مەتریاڵی پۆلاَ پلاستیك و شوشەو ئەلەمنیۆم هتد ([١٦٦]) بەمەش دەکرێ کاری هاوچەرخ بەتایبەت کردە هونەریە پەیکەرەکان لەم خالأنەدا سیمای تایبەتیان بناسرێتەوە.

١- بونی ئاماژەی ئاخاوتن لە کردەی هونەریەکاندا (پەیکەر ) لە رێگەی مەتریاڵەوە .

٢- بوونی جیاوازی بینراو هەستیار لە نێوان خودی کارەکاندا لە رێگەی مەتریاڵ و شێوازو تەکنیکدا

٣- بەهای بینەیی بەمەترالی لەکارکەوتوو .:

٤- هێنانە ناوەوەی ئامێری تەکنیکیەکان لە دامەزراندنی کردەی هونەریدا (دەنگ) و روناکی )...

٥- نەهێشتنی وابەستەبوون لەیەك چوو لە نێوان دانەرو بینەردا لە شرۆڤەکردنی کردەی هونەریدا

٦- دەقەکان دەقێکی کراون ئەوەش وادەکات زۆترین شرۆڤە و شیکاری لە خۆ بگرێ .

[١٦٥] المحاضرة الثامنة والعشرون / ملامح التعبير البيئي في النحت ...-
http://www.uobabylon.edu.iq/uobColeges/lecture.aspx?fid=13&depid=5&lcid=39463
[١٦٦] فن النحت | الفن   https://fatima20111020.wordpress.com › sculpture-art
فن النحت | الفن - بابلو بيكاسو - https://fatima20111020.wordpress.com/sculpture-art/

### ٤- پەیكەری كۆكراوەیی هونەری هاچەرخ لەعێراقدا.

وەك توێژەرێك ئەگەر بێتو قسە لەسەر هونەری هاوچەرخی عێراق بكەین، دەبێ بگەرێینەوە شارستانییەتی دۆڵی رافیدین بەو پێیەی عێراق خاوەن شارستانییەتێكی مەزن و دەولەمەندە خاوەن رابردوێكە پراوپرە لە رۆشنبیرو هونەرو یاساوریسای ژیان و خاوەنی بیناسازێكی تایبەتە بە خۆی، بۆیە لەو شارستانییەتە كۆمەلێك لە پاشماوەی هونەری پەیكەرو سیرامیك پەرستگاو زقورەو شوێنەواری مێژووی بۆ خەلكی عێراق بەجێماوە بۆتە مێژوویكی گرنگ جێگای بایەخ و شانازی پێوە بكەین، لایەنی كۆمەلایەتی و رۆشنبیرو ژینگەو لایەنی سایكۆلۆجی و جوگرافیای عیراق لایەنی شارستانییەتی دێرینی عێراقی تەواو كاریگەری راستەوخۆ یان ناراستەوخۆی لەسەر دەرون وشێوازی كاركردنی هونەرمەندانی عیراقی هەیە، بۆیە كارەكانی هونەرمەندانی عێراقی كارەكانیان بەشێوەیەكی گشتی لەحالەتی سایكۆلۆجی و ژینگەی و فكری و سادەی دایە وەك نمونە ( پەیكەری دیواربەندی ئازادی هونەرمەند (جواد سلیم) [*] ، هونەرمەند رەمزو سانا كردنەوەی شێوەی بەكارهێناوە شێوەی نوێ و هاوچەرخ "هونەری میلی لە لوتكەی لایەنی كۆمەلایەتی و سادە بەسترابۆوە بە ژیانی رۆژانەو خوو نەریت، ئەوی هەیە فراونی كرد لە بزوتنەوەیەكی هونەری شێوەكاری لە عێراق ، هەمەجۆر لە دوای هونەری ئەوریی ئەو رۆلە لە سەرەتاو بنچینەو دەست پێكردن " ([١٦٧]) بۆیە مێژووی هونەری پەیكەرو وێنەكێشان لە عێراق دەگەرێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم بە فكرێكی ئیسلامی دەستی پێكردوە بەوپێیەی عێراق داگیراكراوە لەلایان ئیسلام و دواتر عوسمانیەكان و دواتر ئینگلیزەكان بۆیە هەریەك لەمانە ویستویانە بیركردنەوە رۆشنبیری خۆیان زاڵبكەن بەسەر لایەنی هونەرو رۆشنبیری، دوای چونە دەرەوەی كۆمەلێك هونەرمەندی عێراقی بۆ ولاتانی ئەوروپی وەك ( جواد سلیم و خالید رحال فایق حسن ) چونیان بۆ ولاتانی فەرەنساو بەریتانیا خویندنی هونەر پەیكەرو رسم لەو ولاتانە گەرانەوەیان بۆ عێراق دامەزراندنی پەیمانگای هونەرجوانەكانی بەغداد بوە هۆی دەست پێكێكی باش بۆ هونەری هاوچەرخ بەپی ئەو ئەزموونو باگراوندە رۆشنبیرو هونەریە هەیان بوە توانیان گۆرانكاری باش بكەن ج

---

[*] جواد سلیم : هونەرمەند پەیكەرسازی عێراقی بەناو بانگە ناوی تەواوی ( جواد محمد سلیم عبدالقادر الخالید لەدایك بوی سالی ( ١٩٢١) شاری بەغداد بەیەكەم پەیكەرسازی عێراقیدادەنرێت لە سەردەمی نوی ، دەرسی پەیكەری لە پاریس خوێندوە لەسالی ١٩٣٨و١٩٣٩. زمانی ئینگلیزی . فرنسی توركی ئیطالي عربی دەزانی ، سەرۆكی بەشی پەیكەر بوە لە پەیمانگای هونەرجوانەكانی بغداد تاكو مردنی لە سالی ٢٣-١- ١٩٦١ ، خۆشەویستی بۆ موسیقاو شعرو گۆرانی عیراقی هەبوە ، خاوەنی پەیكەری جیداری ئازادی لە ناوچەی تحریر كە بۆتە سمبولیك لە هەموو شرق اوسط " جواد سليم – المعرفة
https://www.marefa.org/جواد_سليم

[١٦٧] القرة غولي، صالح عبد الكريم، مسيرة الفن في العراق، مجلة الاكاديمي، العدد ٨٧، مجلد ٥، السنة الخامسة، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، بغداد، ص ١١٣. النحت العراقي التجريدي المعاصر - مركز النور.
http://www.alnoor.se/article.asp?id=97229

بە گوتنەوەی وانەی پەیکەرو درووستکردنی کۆمەڵێك شاكاری هونەری هاوچەرخ لە گۆرەپانەكانی عێراق " لەماوەی سالانی ١٩٤٠ بەتایبەت بۆ هونەری عێراقی هاوچەرخ ئەو ماوەیە بوە هۆی گۆران و دەست پێكردنی گۆرینی ساویلكەی و ئەكادیمی چەمك و بەرەو نوێكاری دەست پێكردنی بەناوی هاوچەرخی تەكنلۆجیای"(١٦٨) بۆیە هونەری پەیكەری لە عێراق بەكارهێنانی مەتریاڵی كۆكراوە دەبی بگەرینەوە بۆ شارستانییەتی دێرینی عێراق دا بەكاربردنی كۆكردنەوەی چەند مەتریاڵی جیاواز لەیەك فۆرمدا هەر لەكەڵوپەلی جوانكاری و خۆ رازاندنەوە جلوبەرگ و كەلوپەلی سەربازی لایەنی بیناسازی كۆمەڵێك پەیكەری خواوەندەكان لە مەتریاڵی بەردی مەرمەر بەردی شوشەی بۆ ناو چاوەكانی بەردی الازورد بۆیە ئەم هونەری كۆكردنەوەی مەتریاڵ كۆمەڵێك هونەرمەندی عێراقی لە سەردەمی هاوچەرخ دا كارەكانیان بەشێوەی چەند مەتریاڵی جیاواز ئامادە بەكارهێناوە یەك لەو هونەرمەندانە ( صالح القره غولی ) * هونەرمەند كارەكانی لایەنی سیاسی و خودی مرۆڤ لایەنی فۆلكلۆرو میلی هونەرمەند شێوە ناوەرۆك لە كارەكانی لە چوارچێوەی مرۆڤ نەواخنی سانا كردنەوەی شێوەكان بەكاربردنی رەمز

" هونەرمەند كارەكانی بە مەتریاڵی ( موی بزن و ئاسن و گونیە و داوی خوری و دار ) مەتریاڵی ژینگەی دەورەبەری خۆی بەكارهێناوە لە كارەكانیدا، هونەرمەند كارەكانی لایەنی فكرو سانا كردنەوەی فۆرمەكانە لایەنی مرۆڤە وە كار دەكات " (١٦٩) بڕوانە وێنەی (١٣١و١٣٢) كارەكانی هونەرمەند ( صالح القره غولی ) بروانە وێنەی (١٣٣)

---

١٦٨ ال سعيد، شاكر حسن، البيانات الفنية في العراق، دار الحرية للطباعة، مطبعه الجمهورية، بغداد، ١٩٧٣، ص ٧.
النحت العراقي التجريدي المعاصر - مركز النور .

http://www.alnoor.se/article.asp?id=97229

* صالح القرة غولي : لەسالی ١٩٣٣ لە بەغداد لە دایك بوە ، دبلۆمی لە پەیمانگای هونەرە جوانەكانی بەغداد هەیە ، ماجستێری لە پاریس هەیە مامۆستای كۆلێجی فنمون جمیلەی بەغداد بوە خاوەنی پەیكەری ( ابي بكر الرازي ، مسلة حمورابي ئەم هونەرمەند بەوە بەناو بانگ بوە لە بەكارهێنانی مەتریالی جۆجراو جۆر لە یەك فۆرمی هونەریدا " الفنان صالح القره غولي - IraqiArt.com
http://www.iraqiart.com/inp/view.asp?ID=409-

١٦٩ صالح القره غولي مسيرة مبدعة ورحيل خالد - الصدى نت
http://elsada.net/54724/




وێنەی (١٣١) صالح القره غولی




وێنەی (١٣٢) صالح القره غولی




وێنەی (١٣٣) هونەری پەیکەری معاصر عێراق ( ناوەکەی نەزانراوە )

## ٥- پەیکەری کۆکراوەیی بە گشتی لە هەرێمی کوردستاندا.

پێش ئەوە بێینە سەرباسی کردەی کۆکردنەوەی مەتریاڵ لە نێو کایەی هونەری پەیکەر لە هەرێمی کوردستاندا، توێژەر بەباشی زانی ئاماژەیەك بکرێت بەو کەرستەو پێداویستیە فۆلکلۆریانەی کە لە هەرێمی کوردستاندا بەکارهاتووە لە ژیانی رۆژانەداوە کە هەریەکەیان خەسلەتی نزیکیان هەیە لەگەڵ بابەتی توێژینەوەکە کە کردەی کۆکردنەوەی مەتریاڵە جیاوازەکان،کەرستە بەکارهاتووەکان وەك پێداویستییەکی ڕوژانە کە بەکارهاتووە بۆ ئەنجامدانی چەندین کاری جیاواز هەریەکەیان بەشێوەو قەبارەو مەتریاڵی جیاواز بەرهەم هێنراوە کە مەبەست لێی ئاسان کردن و سوککردنی باری گوزەران بووە وە یان هەریەك لەوکەرستانە ئەرکێکی لەخۆگرتوە دەکرێ ئاماژەبە چەند جۆرێك بدەین بەتایبەت ئەوانەی کە زیاد لە مەتریاڵك لە خۆ دەگرێ و خاوەن فۆرمێکی بینەیی جیاوازە، بروانە وێنەی (١٣٤و١٣٥و١٣٦و١٣٧




وێنەی (١٣٤) ئامێری جەنجەر




وێنەی (١٣٥) ئامێری دەستار




وێنەی (١٣٦) پەیکەری داهۆل




وێنەی ١٣٧ ئامێری باگردێن

ئەم کردەیە بەشێوەیەکی خۆرسکی پەرەی سەندوە بلاو بۆتەوە بۆ نێو کایە کانی ژیانی رۆژانەی خەلك ، لە سەرەتادا بەشێوەیەکی سەرەتای بوە دواتر بە پێ ئەزموون و لێهاتووی گۆرانکاری زیاتر بەسەر ئەم کەلوپەلو ئامێرانەدا هاتوە، بەتایبەتی ئەو ئامێرانی ژیانی رۆژانە بۆ پێداویستی ژیانی تایبەتی خۆیان کۆمەلێك مەتریاڵی

جیاوازیان بەکارهێناوە نمونە لەو کەلوپەلانە ( مەشکەی کوردەواریە ) بۆ مەبەستی درووست کردنی ( پەنیرو قەیماغی ) کوردی لەم ئامێرە دا کۆمەلێك مەتریالی جیاواز بەکارهاتوە وەك مەتریالی( پێستەی ئاژەلّ و حەبل و دار ، ئاسن ) جگە لەو شیرە خامەی کە تێی دەکرێت بۆ زانیاری زیاتر بروانە وێنەی (١٣٨)




وێنەی (١٣٨) مەشکەی کوردەواری

لایەنێکی تری کۆکردنەوەی مەتریالّ لایەنی بیناسازی لە کوردستان هەر لە کۆنەوەی بۆ درووست کردنی خانوەکانیان سودیان لە کۆمەلێك مەتریالی جیاوازی بینیوە بۆ بنیاتنان و درووست کردنی خانوەکانیان لە کوردستان لە سەرەتادا لە گوندەکانی کوردستان بۆ درووست کردنی خانوێك سودیان لە مەتریالی قور و دار و بەرد وەرگرتوە بۆ درووست کردنی ، دواتر لە شارەکان بۆ درووستکردنی دەرگا و پەنجەرەش بۆ خانوەکانیان سودیان لە مەتریالی دارو ئاسن کەرپوچ بەرد بینی وە لەگەلّ تێپەربوونی کات زیاتر گۆرانکاری بەسەرداهات مەتریالی جیاوازی زیاتر دەهاتنە ناو بالەخانەو خانوەکان وەك ( کۆکنکریت ، شیش و مەرمەر ، ئەلەمنیۆم ، فلین ، روناکی ، شوشە هتد ) لە سەردەمی نوی هاتنە ناو دوونیای بیناسازی لە کوردستان بۆزنیاری زیاتر سەیری وێنەی (١٣٩و١٤٠)



وێنەی ١٣٩ خانوێکی لە شاری هەولیر




وێنەی ١٤٠ دەرگایەکی کوردستا کۆکراوەی دار وئاسن

یەکی لە کردە کۆکراوەکان ئەویش دارێك بووە بەناوی ( دارە بزمارە ) کە ئەم دارە کۆکراوەی مەتریاڵی دارو بزمارە لەلایان خودی مرۆڤ ئەو فۆرمەی دروست کردوە کە بۆ مەبەستی ئێش و ئازاری جەستەی خواستنی هیوایەك ئەم کارەی کردوە " سنوری چواردەوری شاری هەولێر گوندی بزمارە ، سەر رێگای بەستۆرە قەزایە مەسیف بۆ مەبەستی سەر ئێشە یان ددان ئێشان خەلك بزمارێکی لەم دارە دەکوتا بۆ نەمانی ئێش و ئازاری وی " (١٧٠) بۆیە ئەم دارە کۆکراوەی دار و بزمارو پلاْستیك . بۆ زانیاری زیاتر بروانە وێنەی ١٤١




وێنەی (١٤١دارە بزمارە کۆکراوەی دارو بزمارە

بۆیە هەمیشە مرۆڤ لە سەرەتای دروست بوونیەوە خاوەن عەقڵێك و بیرکردنەوەیەکی جیاواز بوە هەمیشە توانیویەتی داهێنان بکات بیربکاتەوە بۆ گونجاندی خودی خۆی لەگەڵ ئەو ژینگەی دەورو بەری کەتێدا دەژیت، ئەو گۆرانکاریە و ئەو داهێنانە لە ناو کۆمەلگاکان لە هەموو سەردەمەکان دا کە هاتۆتە کایەوە هەمیشە لەسەر دەستی کۆمەلێك کەسانی تایبەت بوون لە بوارە جیاوازەکانی ژیان وەك( زانستی گەردوون فەلسەفە و ئەدەب پزیشکی کۆمەلناسی زانستی بیرکاری تەکنلۆجیا بۆیە هونەریش بە هەموو بەشەکانیەوە توانیویەتی بەشێکی گرنگ بێت لەو گۆرانکاریانەی کە درووست دەبوون لە ناو کۆمەلگاو سەردەمەکاندا لەسەردەستی کەسانێك کە خۆیان تەرخان کردوە بۆ بواری هونەر داهێنانی زۆری کردوە بۆتە بەرو پێش چونی کۆمەلگاکان بە تایبەتی بواری پەیکەرسازی ئەگەر سەیری شارستانییەتەکان بکەین وەك شارستانییەتی ( میسر و گریك و عێراق رۆمانی ) بکەین هونەری پەیکەرسازی بۆتە بەشێکی گرنك لە دەرکەوتن و گەشانەوەی ئەو شارستانییەتانە بۆیە هونەری پەیکەرسازی گەشەو نمای زۆری بەخۆیەوە بینیوە زۆر رێبازو قوتابخانەی بەخۆیەوە بینیوە وەك بەشەکانی تری هونەر لە هەموو سەردەمەکان کەسانێك هاتوون بە پێی ئەزموون کاری نوی کردوە هەر لە( کلاسیك و مۆدێرنەوە، هاوچەرخ ) بۆیە لە هەرێمی کوردستان مێژووی کارکردنی هونەری پەیکەرسازی ئەوەی لە بەردەستە بە پێی

---

١٧٠ K24 YouTube دیکۆمێنتاری.. دارە بزمارە .
https://www.youtube.com/watch?v=RrKupxujQuE

سەرچاوە زانستیەکان دەگەرێتەوە بۆ نیوەی سەدەی بیستەم لە هەرێمی کوردستان کۆمەلێك کەسی خۆیان بۆئەم بوارە تەرخان کردبوو لەم بوارە کاریان دەکرد لەسەرەتادا بە مەتریالی سەرەتایەکان بوە وەك مەتریالی ( قور بۆرك کۆنکریتی ) کارەکان لە سەرتادا بە کاری کلاسیك دەستی پێکردوە لە کاری پۆرتریت و فیگۆر مرۆڤ دەستی پێکردوە، چونی کۆمەلێك قوتابی بۆ زانکۆ پەیمانگاکانی بەغدا و موصل دەرەوەی کوردستان بونی کۆمەلێك مامۆستای وەك ( جواد سلیم ، خالید رحال ، فایەق حسن ، محمد غنی ، احمد البحرانی ، صالح القرە غولی ) بونی ئەو هونەرمەندانە کە زۆربەیان لە دەرەوەی عێراق خوێندنیان تەواو کردوە یان لە دەروە ژیاون خاوەنی بیرۆکەو داهێنانن لە هونەری پەیکەرسازی عێراق بۆیە لەوێوە دەرگایەکی تازە بەروی هونەری پەیکەرسازی کرایەوە لە هەرێمی کورستان چونە دەروەی کۆمەلێك هونەرمەند بۆ ولاتانی ئەورپا تێکەلَ بوونی بە هونەری دونیای دەروە دواتر گەرانەوەی کۆمەلێك لەو کەسانەی کە خوێندیان تەواو کرد لە بەغداو دەروەی ولآت، کرانەوەی کوردستان بە درەوەی ولاتانی دراوسیێ هاتنی تەکنلۆجیا تازە وەك کۆمپیتەر و ئەنترنێت هاتنە ناوەوەی کۆمەلێك مەتریالی تازە بۆ ناو بواری هونەری پەیکەرسازی لە هەرێمی کوردستان وەك ( برۆنز فایبەرگلاس ئەلەمنیۆم پلاتین فلین و ئاسن ) بۆیە رۆژ بە رۆژ لە هەرێمی کورستان بواری پەیکەرسازی زیاتر بەروە پێش دەچوو کردنەوەی یەکەم پەیمانگا هونەرجوانەکان لە شاری سلیمانی دواتر لە هەولێر ئێستا کە لە زۆربەی شارەکان پەیمانگا هونەرجوانەکان کراوەتەوە، بونی کۆلێجی هونەر لە شاری سلیمانی دواتر لە هەولێر بونی کۆمەلێك مامۆستاو هونەرمەندی دەرچونی کۆمەلێك قوتابی لە پەیمانگاو کۆلێج دا ، کارکردنی کۆمەلێك هونەرمەند و مامۆستا بە هونەری هاوچەرخ ئاراستەکانی هونەری هاوچەرخ، بۆیە لایەنێکی کردەی کۆکردنەوەی مەتریالَ و ئاشنابونو کارکردنی هونەرمەند بەو ئاراستە هونەریە مێژوویێکی دووری نیە هونەرمەندان لێرەو لەوی بۆ بیرۆکەی کارەکانیان پەنایان بردۆتە بە گەران و بەدواداچون بۆ بەکارهێنانی چەندان مەترالی جیاواز شایستە بۆ خزمەتی بیرۆکەو کارەکانی ، بۆیە هونەری پەیکەرسازی لە کوردستان لەوەپێش زۆر هونەرمەند کاری پەیکەریان ئەنجام داوە بەلآم بەکاربردنی کۆکردنەوەی چەند مەتریالی ئامادە و جیاواز لە یەك فۆرمی هونەریدا لەپەیکەری هاوچەرخ دا، بەتایبەتی لە دوای سالآنی ٢٠٠٠بەولاوە تاکو ئێستا کۆمەلێك هونەرمەند لە بوارە جیاوازەکان ( وێنە کێشان، پەیکەرسازی، سیرامیك ) خۆیان تەرخان کردوە هەریەکەو لە شێوازێکی هونەر هاوچەرخ کاریان کردوە وەك ( هونەری پێرفۆرمانس ، ئەنستلیشن ، فیدۆ ئارت ، کۆنسیپچوالی،هونەری جەستە) کارکردنی ئەم هونەرمەندان زۆربەیان بە مەتریالی ئامادە بوون ، زۆرجاریش جەستەی مرۆڤ وەك مەتریالێکی ئامادە لەکارەکان بەکاردەهات، بۆیە گروپێك بەناوی گروپی کۆنسیپچوالی دامەزرا لە کوردستان بە تایبەتی لە شاری سلێمانی لە هەمان کاتدا گۆڤارێکیش بە ناوی کۆڤاری کۆنسیپچوالی ئەم گروپە توانیان زۆر پێشنگاو کاری کۆنسیپت ی هاوچەرخ ئەنجام بدەن کە زۆربەی کارەکانیان زیاد لە مەتریالێك و بە مەتریالی جیاواز ئەنجام داوە لە شێوازەکانی هاوچەرخ ، یەکێك لەو هونەرمەندانەی شاری هەولێر( ئازاد کریم محمد ) کە کارەکانی زیاتر بە مەتریالی جیاواز جەند مەتریالێك لە یەك فۆرمی هونەریدا بەشێوازی ( ئەنستلیشن ) لەم کارەهونەریەدا هونەرمەند

مەتریاڵی ئامادەی وەك ( دار قوماش حەبلی تەلی سیم بەكارهێناوە وەك باڵندەی خەون وایە كە بە ئاسمان وە هەڵواسراوە بوزیاتر ئاشنابوون بروانە وێنەی (١٤٢)




وێنەی ١٤٢ هونەرمەند ئازاد كریم محمد

یەكێك لە كارە كۆكراوەكانی تری شاری هەولێر كە لە یەكێك لە شەقامەكانی هەولێر نمایش كرابوو وەك گروپێك كاریان تێدا دەكرد وەك ( د.فەرهاد پیربال . سۆران .موخلیس. شالآو . ریباز.هیمن.ریبین) ئەم كارە وەك كارێكی كۆكراوەی مەتریاڵی جیاواز كار كراوە وەك ئەوەی پێمان بلێن كە ئەو فەوزایەو زبلاو خاشاكەی كە لە شاری هەولێر هەیە ئەو كەلوپەلانەی كە فرێ دراون دوبارە دەتوانین وەزیفەیەكی تری پێبخشینەوە بۆیە ئەم كارە پێكهاتوە لە مەتریاڵی جیاواز رۆژانە، وەك ئاسن .پلاستیك . شوشە . فافۆن . دار . نایلۆن . تەل . لاستیك هتدی .... بۆزیاتر ئاشنابوون بروانە وێنەی ١٤٣



وێنەی ١٤٣كۆكراوەی مەتریالی جیاواز درووست كراوە لەلایان د. فەرهاد پیربال و قوتابیەكانی

یەکێك لە و هونەرمەندانی هاوچەرخ کە کارەکانی بە مەترياڵی جیاواز ئەنجام دەدات کە خەلکی شاری کەرکوك کە ئەویش هونەرمەند (گۆران نازم حسین) فۆرمێکی هاوچەرخ بەشێوازی سازی کردوە قالب کردن و دایرشتوە بە مەتریاڵی فایبەرگلاس لە شێوەی فۆرممی تێك ئالاو فۆرمی کتابێکی کراوە ، مەتریاڵی ئاسن لە فۆرمی گۆی زەوی لکاندوە بە و فۆرمەکەوە بۆ زانیاری زیاتر بروانە وێنەی ١٤٤




وێنەی (١٤٤ ) هونەرمەند گۆران نازم حسین

یەکێك لە هونەرمەندانی تری هاوچەرخ کە کار لەسەر کۆکردنەوەی مەتریاڵی جیاواز دەکات لە نێو کارەکانیدا ئەویش هونەرمەند ( علی رە زا) یە خەلکی گەرمیانە کە کارەکانی بەشێوازی (ئەنستلیشن ) بەمەتریاڵی جیاواز کە کارەکانی وەك یادەوریك دەگێرتەوە کە بەسەر میلەتی کورد هاتون لەم کارەیدا فۆرمی بەرمیلیك ئاسن روون لەسەرەوە لەشێوەی جلوبەرك وەك ئەوەی رژابێت هاتۆتە خوارەوە بە مەتریاڵی قوماش روونی رەشی بە جلوبەرگەکان داکردوە، مەتریاڵی فومیش کەوتۆتە ژێرەوە . بۆ زیاتر ئاشنابوون بروانە وێنەی (١٤٥)




وێنەی ١٤٥ کاری هونەرمەند علی رە زا لەسالی ٢٠١٩ بەناونیشانی رۆنی رەش

یەکێك لە هونەرمەندەکانی تری هاوچەرخ کە کار لەسەر مەتریاڵی جیاواز دەکات هونەرمەند( کامەران محمود ) کە خەڵکی شاری سلێمانیە لەم کارە هونەریەدا هونەرمەند بەشێوەیەکە لەیەك فۆرمی هونەریدا چەند مەتریاڵی جیاوازی بەکارهێناوە،وەك (ماتریاڵی بەکارهاتوو : بۆری مس ، بۆری ئەلەمنیۆم ساچمەی ئیستیل، بازنەی مس ، پلاستیك ) هونەرمەند وەك هونەرمەندێکی هاوچەرخ بیری لەوە کردۆتەوە چۆن و بە چەند مەتریاڵی جیاوازو شایستە بیرۆکەی خۆی بەرجەستە بکات بێ گوێدانە لایەنی دیکە وەکو یاساکانی هونەری باو کە پێشتر پەیرەو دەکرا لە هونەرەکانی کلاسیك و ریالیزم.......هتد ..ۆ زیاتر ئاشنابوون بروانە وێنەی ١٤٦




وێنەی (١٤٦) هونەرمەند کامەران محمود

یەکێك لە هونەرمەندەکانی تری هاوچەرخ کە کار لەسەر کۆکردنەوەی مەتریاڵی جیاواز دەکات لە نێو کارەکانیدا هونەرمەند ( ئەرشد خلف عمر دهۆکی ) ئەم هونەرمەندە خەڵکی دهۆك لە کار هونەریەکانیدا زیاتر لە مەتریاڵێك بەکار دەهێنی لەسەر رێبازی هاوچەرخ کاردەکات ، لەم کارەی هونەرمەند دا مەتریاڵی وەردە ئاسن ، پۆلستەر، تەسبیح، شاخی ئاژەڵ بەکاربراوە ، بۆ زانیاری زیاتر بروانە وێنەی(١٤٧)




وێنەی (١٤٧) هونەرمەند ئەرشد خلف عمر دهۆکی ) بەناونیشانی السلطة ١٠٠سم سالی ٢٠١١_

## ئامازەی چێوەی تیۆری توێژینەوە

١. کۆکردنەوەی خودی مرۆڤ لەگەڵ ئەو سروشتەی چواردەوری بەیەکەم دەستپێکی کردەی کۆکردنەوە ئەژمار دەکرێ .

٢. کردەی کۆکردنەوە لە بوارەکانی ( بیرکاری و زانست و فەلسفەو کۆمەلایەتی بازرگانی ) وەك لایەنێکی گرنگی دەست پێکی کردەی کۆکردنەوە رەهەندە جیاوازەکان .

٣. مرۆڤ و ئاژەڵ و روەك و سروشت ، وەك ژێدەرێکی سەرەکین کە هەریەکەیان بەجیا کۆکراوەی چەندین مەتریاڵی جۆراوجۆرو جیاوازن .

٤. تەکنلۆجیای ( مۆبایل ، کۆمپیتەر ، ئۆتۆمۆبیل ، فرۆکە ، کەشتی ، کارەبای ، وەك بونیادێکی کۆکراوە هەریەکەیان بەجیا خاوەنی کۆکراوەی چەندین مەتریاڵی جیاوازن .

٥. بواری بیناسازی هەر لەسەرەتاوە تاوەکو ئەو سەردەمی تێدا دەژین کە سەدەی هاوچەرخە لە هەرقۆناخێك بواری بیناسازی خاوەنی کۆکراوەی چەندین مەتریاڵی جۆراوجۆرو جیاواز بوە .

٦. مرۆڤی دێرین لەسەرەتای درووست بونی مرۆڤایەتیەوە، سودی لە و مەتریاڵ و کەلوپەلەکانی دەورو پشتی خۆی بینیوە، ئەو مەتریاڵە سادانەی کەلە سروشت بونیان هەیە وەك دارو بەرد و ئێسك کۆکراوەیان پێکەوە بۆ راوکردن یان خۆپارستن بوە .

٧. لە شارستانییەتە کانی ئەغریق و میسر و عێراق و رۆمانی شارستانییەتەجیاوازەکان وەك ( ئێرانی عوسمانی ، ئیسلام ، ئەفریقی و چین ، یابان دا ، کاریگەری جوگرافیاو کەلوپەلەکانی کەشتی و کەلوپەلی مەلیك و جلوبەرگ و ئامێری سەربازی جەنگ بواری بیناسازی و پەیکەرەکانی ئەو سەردەمە هەموویان کۆکراوەی زیاد لە مەتریاڵکن و مەتریاڵی جۆراو جۆر پێکهاتوون .

٨.مەتریاڵ وەك بونیادێکی توخم ئامێز لە پێکهاتەو نەواخنی سروشت بونێکی سروشت ئامێزی هەیە

٩.شارستانیەتی دێرینی میصر زۆرترین مەتریاڵی جیاواز بەکارهێناوە وەك مەتریاڵی بەرد . زێر . زیو . نحاس . عاج . بەردی الازۆرد . بەردی العقیق . دار و قوماش .

١٠. شۆرشی پیشەسازی بە گرنگترین وەرچەرخان ئەژماردەکرێ لە مێژووی هەوڵ و پێشکەوتنەکانی مرۆڤایەتی بوبنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی بەرهەم دارو بنیات نەرو گۆرینی کەلوپەلە و کارگەکان لە شێوەیەکی سادەو کاری دەستی بۆ ئامێری هەلمی کارەبای .

١١. هونەرمەندی هاوچەرخ بۆ بەرجەستە کردنی ئەو بیرۆکەیکە هەیەتی هەموو جۆرە ماتریالێکی جیاوازی وەك کارێکی کۆلێکشن بەکارهێناوە بێ گرنگی دان بە لایەنی ئیستاتیکی .

١٢.هونەرمەندانی هاوچەرخ مەتریاڵی ئامادەی بەکارهێناوە لە کارەهونەریەکان وەك ( بەرد و برنج و نحاس و ئەلەمنیوم دار و ئاسن و لاستیك فایبەرگلاس ) کۆکردنەوەیان لەیەك کاری هونەری .

١٣.هونەرمەندان لە ئاراستە جیاوازەکانی سەردەمی هاوچەرخ چەندین مەتریاڵی جیاوازیان بەکارهێناوە کۆکردنەوەیان لە یەك فۆرمی هونەریدا .

١٤. بە بێ بوونی ماتریاڵ هیچ کارێکی هونەری شێوەکاری بەرجەستە نابێت ، بۆیە مەتریاڵ ناوەندێکی کاریگەر بۆ گەیاندنی ئەو بیرۆکە و ئایدیای هونەرمەند کەهەیەتی بۆ بینەر .

١٥.هونەری مۆدێرنەدا لە کارەکانی هونەرمەندان (پاپلۆ بیکاسۆ، مارسیل دۆشامپ ، رۆبرت رۆشنبیرگ ، Barbara+Hepworth ) کردەی کۆکردنەوەی مەتریاڵە جیاوازەکان لە هونەری پەیکەر ی نوێ دا دەستی پێکرد .

١٦. لە هونەری هاوچەرخدا هەندی جار نەمانی کێش و قەبارەی مەتریاڵ ، هێنانە ناوەوەی تەکنیکی تازە لە کردە هونەریەکاندا وەك ( روناکی و دەنگ )

١٧. کاریگەری کۆکردنەوەی ماتریاڵە جیاوازەکان لای هەندێ لە هونەرمەندانی هاوچەرخ بە جۆرێکە ، کە شێوە دەگۆرێ بۆ فۆرمێکی وەها کە دووربێت لە شێوازە دێرین و باوەکانی کە هەبوە .

١٨.هونەری پەیکەری هاوچەرخ لە عێراق پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆی بینی بەهۆی بونی کۆمەلێك هونەرمەندی بەتوانا وەك (فایەق حەسن ، جواد سلیم ، خالید رحال ، محمد خنی حیکمەت . هتد

١٩.ئەم شێوازە کارکردنە لە کۆکردنەوەی مەتریاڵی جیاوازە لە یەك فۆرمی هونەریدا ، لە لای هونەرمەندانی کوردستان لە دوای ساڵانی ٢٠٠٠ دەستی پێکرد بە مەتریاڵی سروشتی و ئامادە کارەکانیان ئەنجام دەدا .

# بەشی سێهەم

## ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی توێژینەوەکە:

١.کۆمەڵگای توێژینەوەکە.

٢ .نموونەی توێژینەوەکە.

٣ .ئامڕازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری.

٤ .میتۆدی توێژینەوەکە.

٥ .ئامڕازی شیکارکردن.

١ .كۆمەڵگای توێژینەوەکە .

لەبەر زۆری ژمارەی کۆمەڵگای توێژینەوەکە کە پێکهاتووە لە (کۆنسێپتی کۆکردنەوەی ماتریاڵ لە نێو هونەری پەیکەرسازی هاوچەرخ لە هەرێمی کوردستاندا) پاش گەڕان و لێکۆڵینەوە، توێژەر لەکۆی (٧٥) نموونەی پەیکەری کۆکردنەوەی ماتریاڵ لە نێو هونەری پەیکەری هاوچەرخی (١٧)کاری وەك نموونە دیاریکردووە بە مەبەستی شیکردنەوەیان، تایبەت بە هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵانی ( ٢٠٠١تاکو ٢٠١٩).

٢.نموونەی توێژینەوەکە .

هەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوەکە بە شێوازی (مەبەست) واتە (قصدی) بەو مانایەی کە لەگەڵ ئامانجی توێژینەوەکەدا دەگونجێ کە شێوازی ( کۆکردنەوەی ماتریاڵ لە نێو هونەری پەیکەری هاوچەرخی ) تیادا بەدیدەکرێ کە ژمارەیان (١٧) نموونەیە .

٣.ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری .

سەرچاوەی نموونەکانی توێژینەوەکە، توێژەر گەڕاوە بۆ بەدەستهێنانی نموونەی گونجاو بۆ توێژینەوەکە، ئەمەش لە رێی گەڕان لە گەلەری و سەردان و چاوپێکەوتنی هونەرمەندان و وێنەگرتنی راستەوخۆی کارەهونەرییەکان.وهەروەهابەدەستکەوتنی.زۆرێك.لە.وێنەی.کارە.هونەرییەکان.لەرێگەی(ئینتەرنێت) وتۆڕیکۆمەلأیەتی(facebook)ی ونەرمەندانەوە.

٤.میتۆدی توێژینەوەکە .

میتۆدی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە ( میتۆدی وەصفی شیکاری ) لەبەر ئەوەی ئەم میتۆدە خاوەنی کۆمەڵێ خەسڵەتەو لە بەرژەوەندی توێژینەوەکەدایە و گونجاوە لەگەڵ بابەتی توێژینەوەکە و ئەنجامەکانی .

٥.ئامرازی شیکار کردن.

بەپشتبەست بە ( میتۆدی وەصفی شیکاری ) کە بەم ریزبەندییەی خوارەوە دەکرێ :

١.چاوپیاخشاندن ( چی دەبینرێت لەو دەقە دا وەك فۆرم ) .

٢. ماتریاڵ و تەکنیکی خستنە روو .

٣– کۆنسیپت لە رووی پەیوەندیەکانەوە .

٤– مەزهەبی کارکردن (رێبازی کارکردن ، ستایل ) .

٥– گوزارشت کردن ( ژێدەرو واتا ) .

# بەشی سێهەم

# شیکردنەوەی نموونەکان




شێوەی (١)

هونەرمەند: عدالت رەزا گەرمیانی 

ناونیشان: بێ ناونیشان 

پێوانە:درێژی٢٠سم،پانی١٠سم 

ساڵی بەدیهێنان: ٢٠٠١

ماتریاڵی بەکارهاتوو: بەرد، قورقوشم، تەسبیح ی شوشە

خاوەنداریتی: هونەرمەند 

شوێن: گەرمیان 

کارە هونەرییە بەدیهاتووەکە شێوەیەکی نەناسراوە کەهەڵگری خەسڵەتێکی تایبەتە بەخۆی کەئەمەش هونەرمەند بەمەبەست ئەنجامیداوە، بەڵام لە پێکهاتە گشتیەکەیدا شێوەی مرۆڤ بەدیدەکرێ بەشێوازێکی ناڕون شێوەکە لە ڕاوەستانێکی شاقوڵیدایە، بنکەیەك کە خودی کارەکە خۆیەتی بەپێچەوانەی بەشی سەرەوە کە بەرتەسك بونەوەیەکی زۆری تێدایە لەگەڵ بوونی هەندێ شەپۆڵ و بەرزو و نزمی کە سیمای چرچ و لۆچی قوماش بەرجەستە دەکەن.

لەبەشی ژێرەوەی کارە هونەرەیەکە بۆشاییەکی ناوەکی هەیە کە پەیوەستە بەکارەکەوە ئەم بەشەی خوارەوە مەتریاڵی قورقوشم کە هونەرمەند لەم بەشەدا بەکاری بردوە، لەهەمان کاتدا لەناوەراستی بەشی لای راستی بونی بۆشاییەك بەدیدەکرێ کە شێوەی (تەسبیح)ێکی تێدا هێنراوەتە دەرەوە کە بەمەتریاڵی شوشە ئەنجام دراوە .

لەم کارە هونەریەدا مەتریاڵی بەرد بەشێکی سەرەکی کارەهونەریەکە پێك دەهێنێت وە بەدوایدا مەتریاڵی ( شوشە و قورقوشم ) کە هەریەکێك لەم مەتریاڵانە بەپێی خەسڵەتیان لەناو دەقی بینەییدا واتاو ئەرکیان بەپێی ویست ومەبەستی هونەرمەند دەگۆرێ.

کۆکردنەوەی ئەم سێ مەتریاڵە جیاوازە لەکارە هونەریەدا کارێکی مەبەستگەرایە کە خودی هونەرمەند بۆ بەرجەستەکردنی کۆنسێپتەکە لەرێگای کۆکردنەوەیان لە ناو یەك دەقدا جگە لە نیشاندانی توانستی هونەری هونەرمەند ئەوەندەش بەرجەستەکردنی بیرۆکەیەکە کە تیایدا مەتریاڵ لە رێگای شوێنی لەناودەقەکەدا ئاماژە گوزارشت گەرایەکانی و هێزە ئێستاتیکییەکەی نمایش دەکات کە دەکرێ لەم کۆکردنەوەیەدا هونەرمەند جگە لە نیشاندانی پەیوەندی ئۆرگانی نێوان مەتریاڵەکان جارێکی دیکە ئەوە نیشانبدات کە چیدی پەیکەر لەوسنورەدا نامێنێتەوە کە تەنها نوێنەری لەشی مرۆڤ بێت لەروی جوانییەوە بەڵکو ئەمرۆ هونەر پێکهاتەیەکی دیکەیە لەناو گۆتاری هونەردا، کە بۆخۆی گوتاری ئەم پەیکەرە کۆکراوەی جیاوازیەکانە لە فۆرمێکی نادیارو نەناسراودا.

لەرێگەی شێوازی کارکردنەوە کە شێوازی (تجریدە) کە هاوسەنگە لەگەڵ بیرۆکەکەدا بەوهۆکارەی کە هونەرمەند پرنسیپەکانی جێبەجێکاری هونەری باو بەجێ دەهێڵی و لەسەر بنەمای عەقلگەرایی رەگەزەکانی فۆرم خستنەوە رێك دەخات .

خەسڵەتە دیارەکانی ئەم دەقە هونەریە خەسڵەتی کرانەوەیە (الافتتاح) لەڕوی شرۆڤەکردنەوە واتە دەقێکە زیاتر لە ڕاڤەکردنێك هەڵدەگرێ ئەوەش لە رێگای خەسڵەتی رەگەزە جیاوازەکان و پەیوەندیە جیاوازەکانی نێوانیاندایە کە کارەهونەریەکەی لەسەر دامەزراوە .

ئەوەی ئەم کارەهونەرییە جیادەکاتەوە لەهەر کارێکی هونەری دیکەی تر ئەوەیە کە ئەم کارەهونەریە خاوەنی شوناسێکی تایبەتی خۆیەتی لەڕوی پێکهاتەو سیماو شوناسەوە کە هونەرمەند لە بەدی هێنانیدا توانیویەتی بەئەنجامی بگەیەنێت ئەمەش خەسڵەتی هونەری هاوچەرخ دەردەخات .




شێوەی (٢)

هونەرمەند: کامەران مەحمود

ناونیشان: فۆرمێکی دینامیکی

پێوانە: ٥٢×٤٠×٢٣ سم

ساڵی بەدیهێنان: ٢٠٠٣

ماتریاڵی.بەکارهاتوو:داری گوێز + ئەلەمنیۆم + پلاتین

خاوەندارێتی: هونەرمەند

شوێن: سلێمانی

بونیادی ئەم کارەهونەریە بریتیە لە کۆمەڵێك پارچە کانزا ( ئەلەمنیۆم) کە بەشێوەیەکی تەریب بەیەکتر ڕێکخراوە لەسەر هێڵێکی چەماوەی جێگیر کراو لەسەر پارچەیەك کانزای روتەختی لاکێشە وە لەهەمان کاتدا پارچە کانزاکەش جێگیرکراوە لەسەر رووبەرێکی روتەخت کە مەتریاڵی ( دار) کە بەشی پشتەوەی شێوەیەکی نارێکی هەیە .

پارچە کانزایەکان بەپێوانەیەکی ناچون یەك لەرووی درێژیەوە ڕیزبەند کراون بەشێوەیەك لە خاڵی کۆتایدا کەبەشی سەرەوەی کارەهونەریەکەیە بەرتەسك دەبێتەوە کە ئەمەش شێوەی چەمانەوەکەی زیاتر بەرجەستە کردوە .

کۆی کردەکە لە مەتریاڵی پلاتین بەشێوەیەکی ئەندازەی ڕێکخراو لە پەیوەندیەکی ئەندازەیی دایە، کە خاوەن بۆشاییەکی ناوەکی چۆن یەکن لەسەر هێڵێکی چەماوەی بەرەو سەرەوە کە کۆتایی کردەکە بە جۆرێك ڕێکخراوە پارچەکان بەپێی ڕێزبەندکردنیان قەبارەیان بچوك دەبێتەوە وەك جۆرێك لە هارمۆنیەت نیشان دەدات ، لەروی کۆنسیپت و پەیوەندی نێوان مەتریاڵەکاندا ، هونەرمەند لەم کارە هونەریەدا زیاتر خستنەڕوی تەکنیك لە کۆکردنەوەی مەتریاڵدا بەشێوەیەکی ڕێکخراو خستۆتەڕوو بەهۆکاری ئەوەی لەرێی ، مەتریاڵەوە توانیویەتی بیرۆکەکەی دەربخات، لەبەر ئەوە چەندجۆرێك لە ماتریاڵی جیاوازی لە شێوەیەك کۆکردۆتەوە بە مەبەستی گەیاندن و بەرجەستە کردنی بیرۆکەکەی، هەر بۆیە دەبینین لە هەمان کاتدا ماتریاڵ کاریگەری تەواوی هەیە

لەسەر شێوەی کارە هونەریەکە بە گشتی، بۆیە ئەگەر تەمەشای لایەنی پێکهاتەیی پەیوەندی مەتریاڵەکان بکەین دەبینین لەناوەندی پارچە کانزاکاندا پارچە کانزایەکی چەماوە بۆتە راگری پارچە کانزاکانی دیکە، بەشێوەی یەکسانی و هاوسەنگی بەرەو سەرەوە لەرێزبەندێکی ئەندازەیی دا .

له هەمانکاتدا مەتریاڵی دار بەشێوەیەکی ستونی ناهاوسنگ جێگرکراوە مەتریاڵی ئەلەمنیۆم بۆتە نێوەندگیر لە نێوان دوو مەتریاڵی وەك دارو پلاتین، بۆیە هونەرمەند وەك هونەرمەندی هاوچەرخ بیری لەوە کردۆتەوە چۆن و بە چ ماتریالێك بیرۆکەی خۆی بەرجەستە بکات بێ گوێدانە لایەنی دیکە وەکو یاساکانی هونەری باو ، رێچەکەی کارکردنی هونەرمەند بەوپێەی کارەکە لە سەردەمی هاوچەرخ ئەنجام دراوە بەلأم شێوازی کارکردنی (تجریدی تعبیریە ) .

لایەنی گوزارشتی کارەکە بەو پێیەی کارێکی داینامیکییە ئەمەش لەو جوڵە بەردەوامەدا بەدی دەکرێ کە کردەکەی لەسەر ئەنجام دراوەو خەسڵەتێکی دیاری کارەکەیە، بەپێی دەرکەوتنی کارەکە لەم دۆخە هارمۆنیەدا دەردەکەوێ کە هونەرمەند لێهاتوانە توانیویەتی هاوسەنگی نێوان یەکەکانی (رەگەزەکان ) بەشێوەیەکی ئەندازەی بخاتە ڕوو کەهەستی جوڵە لە فۆرمەگشتییەکەدا ئاماژەیەکی بەردەوامە، ئەمەش سەلماندنی تواناو هزری هونەرمەندە لە چۆنیەتی چارەسەری هونەری لە کارەهونەریدا بەجۆرێك یەکانگیربێت لەگەڵ خاڵی وەرچەرخان لە فۆرمدا دوورکەوتنەوە لەهەموو جۆرە پاپەندبونێکی بەیاساوریسای باو، لەم کردەیەدا رێکخستنی ی ئەندازەیی هەژموونێکی زاڵە لەسەر کۆی کارەکەدا ئەمەش گەواهی دەرە لەسەر بوونی ئەزموونێکی ورد لە رێکخستنی یەکەی ناو فۆرمە گشتی یەکە .




شێوه‌ی (٣)

هونه‌رمه‌ند:مه‌ریوان عبدالرحمان عبدالله

ناونیشان:بوونه‌وه

پێوانه: ١٥٠سم، ١مه‌تر، ٢مه‌تر

ساڵی.به‌دیهێنان : ٢٠٠٤

ماتریاڵی به‌كارهاتوو: مه‌رمه‌ر،برۆنز ئاوێنه، لمی سپی، خۆڵی ره‌شی

خاوه‌ندارێتی:له‌گه‌له‌ری (سان ستێفه‌نۆ بێلبۆ) له‌ نزیك شاری ئه‌لبا له‌ ئیتالیا San Stefano Belbo

شوێن: كه‌ركوك

پێكهاته‌ی ئه‌م كاره‌هونه‌ریه‌ شێوه‌یه‌كی لێكدراوی قه‌باره‌ جیاواز و شێوه‌ جیاوازه‌، له‌په‌یوه‌ندیه‌كی ئۆرگانی جیاوازدا پێكهێنراوه‌، كه‌ره‌گه‌زه‌ لێكنه‌چوه‌كانی جێگیركراوه‌ له‌سه‌ر دووهێڵی ستونی و شاقوڵی كه‌ بنكه‌ی كاره‌هونه‌ریه‌كه‌ جیاوازه‌ له‌ بنكه‌یه‌كی ئاسایی په‌یكه‌ر، یان هه‌ركارێكی هونه‌ری په‌یكه‌ر كه‌ بریتییه‌ له‌ پانتایی یه‌ك كه‌ به‌رفراوانتره‌ له‌ سنوری كاره‌ هونه‌ریه‌كه‌ كه‌ به‌گشتی كه‌ مه‌ترياڵی ( لمی سپی یه‌) ڕه‌گه‌زی یه‌كه‌می كاره‌ هونه‌ریه‌كه‌ كه‌ ده‌كه‌وێته‌ به‌شی پێشه‌وه‌ی كه‌ شێوه‌ی كه‌لله‌سه‌ری ئاژه‌ڵێكه‌ كه‌ شێوه‌ی (مانگا)یه‌ وه‌به‌به‌ردی مه‌رمه‌ڕ ئه‌نجام دراوه‌، ڕه‌گه‌زی دووه‌م بریتی له‌ دووشاخی لول پێچ لای راست و چه‌پی كۆتای سه‌ری ئاژه‌ڵه‌كه‌ جێگیركراوه‌ كه‌ له‌ كانزای برۆنز درووست كراوه‌ .

له‌به‌شی دواوه‌ی سه‌ری ئاژه‌ڵه‌كه‌ هونه‌رمه‌ند خۆڵی ره‌شی به‌كاربردوه‌ له‌ كۆتابه‌شی كاره‌هونه‌ریه‌كه‌دا به‌ قه‌باره‌یه‌كی جیاواز و شێوه‌ ئه‌ندازه‌یی ئاوێنه‌یه‌ك جێگیركراوه‌ له‌سه‌ر ڕووی ئاوێنه‌كه‌ نوسین به‌كار هاتوه‌ له‌لایه‌ن خودی هونه‌رمه‌نده‌وه‌ كه‌ ئه‌مه‌ش ئاماژه‌ی نوسینه‌كه‌یه‌ ده‌ڵێت ( هه‌مووگیانێك ده‌بێت بمرێت ) .

به‌كارهێنانی زیاد له‌ مه‌ترياڵێك وه‌ له‌گه‌ڵ بونی جیاوازیه‌كی زۆر له‌ نێوان خه‌سڵه‌تی مه‌ترياڵه‌كاندا له‌ڕوی پێكهاته‌و ڕه‌نگ و قه‌باره‌وه‌ ، ئه‌مانه‌ نه‌ك نه‌بوونه‌ته‌ ڕێگر له‌به‌رده‌م ئامانجه‌ گشتی یه‌كه‌دا كه‌ ( پرۆسه‌ی كۆكردنه‌وه‌ی مه‌ترياڵه‌ ) به‌ڵكو هاوكێشه‌ی كاره‌ هونه‌ریه‌كه‌ له‌ڕوی شێوازی به‌یه‌كه‌وه‌ به‌ستن و په‌یوه‌ندی نێوان ڕه‌گه‌زه‌كانی

دیکە گشتاندنێکی ئیستاتیکی خەملاندوە، جگە لە گوزارشت کردن لە مردن ، ئەوەندەش زیاتر دەرخستنی توانستی هونەری خودی هونەرمەندە لە بەدیهێنانی فۆرمێك جیاوز لەروی رەگەزو گوزارشتەوە.

ئەمەش بۆخۆی تێپەڕاندنی یاساکانی کاری هونەریە بەشێوەیەکی باو، وە دەربازکردنی خود لە چوارچێوەی وابەستە بونو هەوڵی هێنانە ناوەوەی مەتریاڵی جیاوازە و بەکاربردنیەتی لە پانتایی هونەردا بە ئامانجی بەخشینی پێگەیەکی جیاواز لەڕوی گوزارشت و بیرۆکەوە.

ئەمەش هاوسەنگ بوونی ئەم کارەهونەریە لەگەڵ رەوتی هاوچەرخ بوون و رێچکەی هونەری نوێ لە پێکهێنانی کاری هونەریدا بە ئامانجی جیاواز لە رابردوو هەوڵدان بۆ کردنەوەی دەق لە ڕوی شرۆڤە کردنەوە، ئەم کارەهونەرییە لەڕوی ئەنجام دانەوە خاوەنی ئەم خەسلەتەیە کە هەڵگری شوناسێکی کراوەی بۆ ڕاڤەکردن .




شێوەی (٤)

هونەرمەند: علی رەزا گەرمیانی

ناونیشان: تەكنلۆجیا

پێوانە: ١١٠سم × ٧٥سم

ساڵی بەدیهێنان : ٢٠٠٤

ماتریاڵی بەكارهاتوو:

ئاسن،فافۆن،فایبەرگلاس،

پلاستیك

خاوەندارێتی: هونەرمەن

شوێن : گەرمیان

بنیادی ئەم كارە هونەریە خستنەڕوی فۆرمێكی هاوچەرخە كە وابەستەیە بە بونیادێكی تەكنەلۆژی بینراو ناسراو كە ناوزەند دەكرێ بە (سەتەلایت ) .

لەم كارەیدا هونەرمەند لەرێگای دووبارەكردنەوە كە ژمارەیان (٥) سەتەلایتە بە شێوازی ئاسای خۆی لەسەر هێلێكی ئاسۆیی جێگیری كردوون بەیەك ئاراستە، مەتریاڵەكان جگە لە مەتریاڵە ئامادەكراوەكان وەك خۆیٚ مەتریاڵی فایبەرگلاس و پلاستیك بەكاربراوە كە لە كۆتاییەكەش سێی هێڵی بەیەك گەیشت و فۆرمی سەری مۆرڤ جێگیر كراوە، كەلەلایەن خودی هونەرمەند بەمەبەست جێبەجێكراوە .

لێرەدا مامەڵەی هونەرمەند لەگەڵ مەتریاڵێكی ئامادەكراودا بەم شێوازە لەڕوی بەیەكەوە بەستنەوەیە ( التركیب )ە رۆڵی ئەم ئامێرە نیشاندەدات لەو ئامادەبونە بەردەوامەیدا كە مرۆڤی بەخۆوە وابەستەكردوە هەرچەندە ئەم گوزارشتكردنە دەكرێ بە ئامانجی جیاواز لەوەی كە هەیە شرۆڤەی بۆ بكرێ كە ئەمەش خەسڵەتی كرانەوەی دەقە هاوچەرخەكانە بەتایبەت لەم جۆرە ئاراستە هونەریانەدا .

بەكارهێنانی مەتریاڵی ئامادە و لە كار كەوتوو لە رۆڵی ئاسایی خۆی و جارێكی تر گێرانەوەی بۆ ناو بازنەی هونەر كە پێگەكەی لە پێگەیەكی تەكنەلۆجیەوە دەگۆرێ بۆپێگەیەكی هونەری، بەدیهێنانی وەها ئامانجێك كۆكە لەگەڵ دیدی هاوچەرخ بونی كردە هونەریەكان بەتایبەت كردە هونەرییە سێ دوریەكان وە ئەم بەدیهێنانێكی گونجاوو ئامانجدارە كە لێرەدا خودی هونەرمەند مامەلەیەكی هونەری گونجاوی ئەنجامداوە بۆ بەدەست هێنانی كارێكی هونەری لە دەرەوەی سنوری وابەستە بوون بە یاساورێسا باوەكان.

سەلماندنی ئەو راستیەیە کە کاری هونەری چیدی ناوەندێکی گواستنەوەی گێڕانەوەی گوتاری ئەفسانەییەکان یان چاکسازیە چینایەتیەکان یان دەرخستنی بەهای میتۆدێك، بەلکو تێپەراندنی هەموو ئەوانەیە بە ئاراستەی مامەڵە کردنی لەگەڵ مەتریاڵدا بۆ بەرهەم هێنانی فۆرم، فۆرمێکی دەرهاویشتەی یاخی بوونی هزری هونەرمەند، بۆ ئەمەش لە کۆنسێپتی کۆکردنەوەی مەتریاڵدا ئەم یاخی بوونە لە خستنەوەی فۆرمە نامەئلوفەکاندا دەخاتەڕوو، هەربۆیە ئەم کارەهونەریە ڕاستەوخۆ دەمانباتە سەر ئەو گوزارشتەی هونەرمەند کەلە چوارچێوەی کۆکردنەوەی مەتریاڵدا و بە خستنەوەی ئەم فۆرمە نامەئلوفانە ئەوە دەسەلمێنی کە تێپەڕاندنی یاساکان و بەجێ هێشتنی چەق ئەرکی هونەرمەندە .

شێوەی (٥)

هونەرمەند: علی رەزا گەرمیانی

ناونیشان: بیرەوەری لم

پێوانە: ١٨٠× ٨٠سم

ساڵی بەدیهێنان: ٢٠٠٤

ماتریاڵی بەکارهاتوو:لاستیك، حبل و لم (خۆڵ )

خاوەنداریێتی: هونەرمەن

شوێن: گەرمیان




بونیادی کارەهونەریەکە لەسەر ڕوپەکی تەخت ئەنجامدراوە لەسەر قەبارەیەکی لاکێشە وە تەواوی کارەکە بەگشتی شێوازێکی هەڵتۆقیوی هەیە کە بەشی زۆری هاتنەدەرەوەکە دەکەوێتە بەشی ناوەراست .

لەم کارەدا کۆکرنەوەی مەتریاڵی( حبل، لاستیك، خۆڵ ) بونیان هەیە کە هەریەکەیان لە ڕوی بەکاربردنەوە توانیوەیەتی لە ئامانجەکەی نزیك ببێتەوە ئەوەی بەشێوەیەکی سەرەکی ڕۆڵ دەبینێت بوونی ژمارەیەکی زۆری( پێڵاوە) کە پانتایەکی زۆری پێ داگیرکردووە بە شێوازی هەرەمەکی و لە هەندێك شوێندا فۆرمی پێڵاوەکان لە ونبوون دایە، بەکارهێنانی گوریس لەسەر ڕوی پانتایەکە بەمەبەستی واتای بەستنەوە بە کاربراوە، لەگەڵ بوونی مەتریاڵی لم بۆ داپۆشینی هەندێك شوێنی پانتایەکە ئەمانە جگە لە واتای بەکاربردن لە ڕوی کۆنسێپتی کۆکردنەوەی مەتریاڵ لەگەڵ خۆیدا گەلێك واتای گوزارشتی تراجیدی هەڵدەگرێ کە بۆنمونە ڕەنگە ئاماژەیەك بێت بۆ هەندی بیرەوەری دژوار یان بیرەوەریەکانی جینۆساید، لەگەڵ ئەمانەش کۆکردنەوەی ئاوها مەتریاڵێك لەگەڵ یەکدیدا، لێکدانەوەی زیاتر لە خۆدەگرێ لە میانەی شیکردنەوەدا ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی کارکردن و پەیرەوی کردنی ئاراستەی هونەری نوێیە لە ئەنجام گەیاندن و دامەزراندنی کردەی هونەری بە جۆرێك خاوەن سیماو خەسڵەتی کراوەبێت، ئەمەش بەومانەیەی کە ئەم جۆرە (دەقا)نە ڕێگای شیکارکردن یان لێکدانەوەو شرۆڤەکردن بەڕوی بینەردا دەکاتەوە ئەمەش ئەو ڕاستیە دەردەخات کە ئامادەبوونی خودی هونەرمەند لە

دامەزراندنی کردە هونەریەکەدا ئامادەبونێکی بابەتیانەیە لە ناودەقەکەدا، ئەمەش وادەکات بەکاربردنی مەتریاڵ و کۆکردنەوەیان لە پێناوی بەدیهێنانی ئەو ئامانجە دایە کە هونەرمەند لە رێگەی کۆنسێپتی کۆکردنەوەی مەتریاڵەوە تەواوی بەربەستە هونەریەکان بشکێنی و لە ئاسۆیەکی جیاوازدا گوزارشتەکانی بکاتە واقعێك یەك بگرێتەوە لەگەڵ سەردەم بوندا، کۆنسێپتی کۆکردنەوەی مەتریاڵ لەم کردە هونەریەدا هونەرمەندا ئاماژە بۆ بونی ئاراستەی هونەری هاوچەرخ و گشتاندنی لە نێو هونەری کوردی و لە پەیکەری کوردستان بە تایبەت لەرێگای بەدیهێنان و خستنەوە ئەم فۆرمە دا و هەوڵەکانی هونەرمەند لە تێپەراندنی سنورەکان دەخاتە ڕوو لە بەرجەستە کردنی وەها دەقێك .




شێوەی (٦)

هونەرمەند: زاموا دارۆغا

ناونیشان: بم خوێنەوە

پێوانە: ٦٠× ٢٥×٣٥سم

ساڵی بەدیهێنان: ٢٠٠٦

ماتریاڵی بەکارهاتوو:کتێب،بزمار،تیپی رەش

خاوەندارێتی : فرۆشراوە بە ( فایەق رەسول ) دانیشتوی نەمسا یە

شوێن. کەرکوك

کردەیەکی هونەرییە کە ڕەگەزەکانی بەکاربردن لەم کردەیەدا دوو ڕەگەزی سەرەکین ئەوانەش بریتین لە ( بزمار،کتێب) کە هەردووکیان مەتریاڵی ئامادەکراون لە بنچینەدا واتە هونەرمەند تەنها لە بەکارهێنانیدا رۆڵی هەیە، لە دامەزراندنی وەها کردەیەك دا هونەرمەند سودی لە مەتریاڵی ئامادە کراو وەرگرتوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی تایبەت کەتێیدا لە ڕێی ناونیشانەوە بەزمانی کتێب کە خوێنەر دەدوێنیٚ، ئەویش لە رێگای کۆکردنەوەی دوو مەتریاڵی جیاواز کە هەریەکەیان لە ڕووی گوزارشتەوە هەڵگری پەیامێکی جیاوازن بە کۆکردنەوەیان لەگەڵ یەکدیدا ئامانجێك دەپێکی کە خودی هونەرمەند بەشێوەیەکی مەبەست گەڕا ئاماژەکان نیشان دەدات ، لەم بەرهەمەدا هونەرمەند لە ڕێی یەکتربرینی بزمارەکان لەگەڵ جەستەی کتێبە کەدا جۆرێك لە جێگیربوونی کارە هونەریەکە جێبەجێبووە، کە کردە هونەریەکە بەگشتی پێویستی بە سەکۆی جێگیر بوون نییە لە هەمانکاتدا دوو بەشی هاوسەنگی یەکیان ڕاگرتوە لەگەڵ جەستەی کتێبەکەدا کە بۆتە بۆشای سەرەوە خوارەوەی کتێبەکە، لە رێگەی بزمارەکانەوە بۆشای ئاسایی دەورە دراوی کتێبەکە گۆراوە بۆ بۆشایەکی دیکە .

بەکاربردنی بزمار لەم بەرهەمەی هونەرمەندا بەم شێوازە کە جەستەی پەرتوکەکەی سمیوە بۆتە هۆی گۆرینی ئەو بۆشایی یە ئاساییەی کە گەمارۆی جەستەی پەرتوکەکەیداوە لە دۆخی ئاساییدا کە لە بنچینەدا ئەو بەشەی ژێرەوەی کە دەکەوێیتە سەر رویەکی تەخت یەکسان دەبن و هیچ بۆشایی یەك بوونی نامێنی ، هەربۆیە بوونی بزمارەکانی بەدیهێنانی کۆنسێپتەکەی دەولەمەندتر کردوە لەڕوی بەرجەستەکردنەوە لەهەمان کاتدا توانیویەتی رەهەندی ئیستاتیکی ببەخشێتە رەگەزی بۆشایی لەرووی بەکاربردنەوە .

دابەشکردنی دوو ڕەگەزی جیاواز لەبەرهەم هێنانی کارێکی هونەری لەم جۆرەدا کەمەبەستمان لە ( بزمار و پەرتوکەکە)یە ئەوهەلەی رەخساندوە کە هەریەك لەم دوو رەگەزە بەشدارە پارێزگاری لەبوونی شێوە بنەڕەتیەکەی خۆیبکات و لە هەمان کاتدا و لەم کۆنسێپتی کۆکردنەوەیەدا لەگەڵ یەکدیدا بەجۆرێکی جیاواز خۆیان نمایش بکەن، ئەمەش لەرێگەی بیرۆکەی هونەرمەندەوە سەرچاوەی گرتوە لە چۆنیەتی دامەزراندنی پەیوەندی نێوان بزمار و پەرتوکەکەوە لەگەڵ یەکتریدا کە بزمارەکان لەرێی سمینەوە درووستیانکردوە، ئەوەش وادەکات جوڵەو بۆشایی وەك دوو ڕەگەزی هاوبەشی کاریگەر بێتەدی لەگەڵ قەبارەیەکی ناچون یەکدا .




شێوەی (٧)

هونەرمەند: بالدین احمد

ناونیشان: تابلۆ پەیکەرو فیدیۆ

پێوانە: ٤٥سم

ساڵی بەدیهێنان: ٢٠١٠

ماتریاڵی بەکارهاتوو: کتێب ، دار و کانزا

خاوەندارێتی: هونەرمەند

شوێن : دەرەوەی ولآت

کردەیەکی هونەری لێکدراوە و کۆکراوەیە لە شێوەیەکی لاکێشەدا جێگیرکراوە کە بەشی سەرەوەی پێکهاتەی شێوەی پەرتوکێکە لە خۆدەگرێ و بەشەکەی خوارەوە پانتایەکی دیاری کراوی ئەندازەیی یە لە مەتریاڵدا وە لەسەر ڕوی پانتایەکی دارەکە، دووشێوە بەدی دەکرێن لەسەر یەکتر روی پێشەوەی شێوەیەکە ڕوێکی ساف کراوی هەیە وە هەڵکۆلین هەیە لە دوو ئاماژەی جیاواز دا یەکێکیان نیشانەی ( ) ئەوەی تریان ( ) پارچە لاکێشەیەکی بچوك لە ژێر ئەم پانتایەدا بە شێوازێکی نارێك بەدی دەکرێ کە جیاوازە لەوەی دیکە .

لەگەڵ بونی ئەم دوو جەمسەرە جیاوازەدا شێوەی دەست و پەنجەیەك لەبەشی سەرەوەی لای چەپی کارەکەی شێوەی دەستی مرۆڤ بوونی هەیە کە پەرەی پەرتوکەکە هەڵدەداتەوە .

لەم کردەیەدا هونەرمەند لە ڕێگەی کۆکردنەوەی چەند مەتریاڵێکی ئامادە ئاماژەکان وەدەردەخات کە هەریەکەیان لە ناوەخنی خۆیدا واتایەکی تایبەتی بەخۆی هەیە بەلآم لە کۆکردنەوەی گشتی دا ئاماژەکان دەگۆرێت کە تیایدا هونەرمەند بەمەبەست ئەنجامیداوە، ڕەنگە بۆ خودی خۆی کردە هونەریەکە لەم نمایەشەیدا ئەوە بخاتەڕوو کە هیچ سنورێکی دیاری کراونییە بۆ جیاکردنەوەی هونەر بەگشتی لە یەك هاوکێشەدا دەکرێ کۆبکرێتەوە، کە ئەمەش ڕەنگە دیوێکی گوزارشتەکەبێت ، لێرەدا ڕێکخستنی مەتریاڵە جیاوازەکان وە دەرخستنیان بە شێوەی پەیکەرێکی هەڵتۆقیو ئەوە دەسەلمێنی کە خودی هونەرمەند بە گۆشەنیگایەکی نوێوە کار لەسەر پەیوەندیەکانی مەتریاڵ دەکات کە کردویەتیە ڕەگەزی پێکهاتە گشتییەکە لەرێی بەکاربردنەوە بە

شێوەیەکی جیاواز لە پەیکەر بەرجەستەی دەکات، کە ئەمەش هاوسەنگە لەگەڵ کونسێپتی کۆکردنەوەی مەتریاڵداو بەتایبەت لەم کردەیەدا، کۆکردنەوەیەکی رێکخراوەی ئامانجداروە کە وادەخوازێت کە لێکدانەوەی جیاوازو فرە ڕەهەند لە خۆبگرێت.

لە میانەی گوزارشت کردن لە دانانی پەرتوك لە بەشی سەرەوەی کردە هونەریەکە و ئاماژەپێکردنی بەوەی کە ئەمرۆ لە نێوان خوێندنەوەی کتێب و سوشیاڵ میدیادا ململانێ یەکی سەردەمیانە هەیە هەژموونی زاڵ لە سۆشیاڵ میدیادا وای کردوە خوێنەری پەرتوك کەم بێتەوە کە دەکرێ ئەمە ڕەهەندێکی ئەم بیرۆکەیەبێت .

بەدەرلەم گوزارشتەکردنە و لێکدانەوەیە بۆ ئەم بەرهەمە هونەریە دەکرێت ڕەنگە ئەوەش مەحاڵ نەبێت کە کۆکردنەوەی چەند مەتریاڵێکی جیاواز بۆ بەرهەم هێنانی پەیکەرێکی هەڵتۆقیوە بەم شێوازو میتۆدە هزریە ئەوە بێت کە پرۆسەی هونەر و بەرهەمی هونەری ئەرکی رزگارکردنی چاوی بینەربێت لە ئالودەبونێکی بەردەوامی شێوە باوەکان و وەگەرخستنی بیرو بۆ چونیش لە وەها دەقێکدا بی سنوربکات

شێوەی (٨)

هونەرمەند: ارشد خلف عمر

ناونیشان: هشیاربون

پێوانە: ٤٥×٣٠سم

ساڵی بەدیهێنان: ٢٠١١

ماتریاڵی بەکارهاتوو: نحاس، شوشە ، قۆچی ئاژەڵ ، بۆرەك ، تەڵ

خاوەندارێتی: هونەرمەند

شوێن: دهۆك




کردەیەکی هونەری تەواوە لەڕوی رەهەندەکانی دورییەوە کە تیایدا هونەرمەند بۆ دامەزراندنی کارەکەی لە پەیوەندی جیاوازدا کۆمەڵێك مەتریاڵی کۆکردۆتەوە بە شێوازی هونەری خاوەن بۆشایەکی گونجاو .

رەگەزێکی بەرچاوی قەبارە جیاواز بریتییە لە شاخی ئاژەڵەکە جێگیرکراوە لەسەر بنکەیەکی لاکێشە لە گۆشەی بەشی سەرەوەی شێوە سەرەکیەکەدا کە شاخەی ئاژەڵەکەیە شێوەیەکی جیاواز و ئامادە جێگیرکراوە لە بەشی سەرەوەکە شێوەی ( زەنگوڵە )یە بەجۆرێکە دەکری جوڵەی پێ بکرێ ، لەسەر بەشی ڕوی شاخەی ئاژەڵەکە لەسەر ڕوی شاخی ئاژەڵەکە مەتریاڵی سیم لەرێگەی سمینەوە ( کونەوە) لە دووجێگەدا بەمەبەست پێچراوە بە روکاری شاخی ئاژەڵەکەدا

جیاواز لە مانە لەسەر بنکەی کارەکە شێوەی هێلکە هەیە کە جێگیر کراوە لەسەر پانتایەك.

لەم بەرهەمەدا مەتریاڵە جیاوازەکان کۆکراونەتەوە لەسەر بنەمای جیاواز ئەوانەش پەیوەندی بابەتی و واتاییە هەربۆیە لە نێوان زەنگوڵە و شاخی ئاژەڵدا پەیوەندیەکی بابەتی هەیە کە پەیوەستە بە ئاژەڵەوە لەکاتی رێکردندا کە بەگەردەنیدا هەڵدەواسرێ کە ئەمەش بۆخۆی واتای ڕازاندنەوەی خشۆکە مەترسیدارەکانە لەسەر رێگەی ئاژەڵەکان و لەهەمان کاتدا زەنگی ئاگادار کردنەوەشە بۆ هاتنەوەی ئاژەڵ، ئەوەی کە شێوەی هێلکەیە هەرچەندە لەڕوی ئۆرگانیەوە دورە لە ئاژەڵ بەتایبەتی ( مەر و بزن) بەڵام بەکاربردنی جیاواز لە شێوەو واتاکەدا

بۆ بەدیهێنانی کۆنسێپتەکە لەجێی خۆیدایە کە هونەرمەند بەتەنها هەولیَ نەداوە کە کۆکردنەوەکە تەنها لەو مەتریالأنەدا قەتیس بکات کە هاو شێوەو هاو رەگەزی یەکترن، بەمەش ئامانجی بەرجەستەکردنی گوزارشت قۆرخ نابێت لە تەنها بۆچونێکدا بەڵکو کرانەوەیەکی بەردەوام هەیە لە لێکدانەوەکەیدا، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنی کە بنەماکانی کارکردنی کۆکردنەوەی مەتریالَ لەم کارەدا بەرجەستە بووە کە دیارترینیان بەرهەم هێنانی کارێکی هونەریە لەسەر بنەمای تێپەراندنی یاساورێسا باوەکان و بەدیهێنانی شێوە نەناسراوو نەزانراوەکانە وە کردنیان بە حەقیقەت .

بەکارهێنان وەها جۆرێك لە مەتریالّی جیاواز کۆکردنەوەیان لە کردەیەکی هونەریدا بایەخی هونەرمەند دەردەخات بە دامەزراندنی کردەیەکی هونەری جیاوازو دور لە هەر پرنسیپێکی باو ، کرداری کۆکردنەوەی کار لەم پێکهاتەیەدا کردارێکی ئامانجدارە کە تیایدا بۆ هەر مەتریالێك واتایەك هەیە بەلأم لە یەکەیەکی گشتیدا بەهەموویان دەتوانن ئاماژە گشتییەکە تەواو بکەن، ئەمەش سەرنج و لێکدانەوەی هونەرمەند دەخاتەڕوو کە جیاواز لەو واتایەی کە مەتریالێك هەڵیگرتوە دەکریَ لە کۆکردنەوەیەکی گشتییدا ئاماژەکەی بگۆردریَ بۆ ئامانجی دیکە .

هەر ئەمەش وادەکات کە دەقە هاوچەرخەکان هەڵگری شوناسێکی ئاوهابن لەبەدیهاتنیاندا زیاتر لە لێکدانەوەو شرۆڤەیەك هەڵگرن، بەمەش بەرجەستە بوونی کۆنسێپتی کۆکردنەوە مەتریالّ بەرجەستەتر دەبێت .

شێوەی (٩)

هونەرمەند: شوان بهرام

ناونیشان: سەرنجێك بۆ ژیان

پێوانە:٨٠سم بەرزی× ٥٠سم پانی

ساڵی بەدیهێنان: ٢٠١١

ماتریاڵی بەکارهاتوو: سیرامیك، دار (داری ئامادە و داری سروشتی گوریس( حەبل ) برغو، مۆزایك

خاوەندارێتی: هونەرمەند

شوێن: هەولێر




کردەیەکی هونەری دووپارچەیە، بە شێوەیەکی ناچون یەك لەڕوی قەبارەو شێوەدا، بەشێوەیەکی چونەناویەك دەردەکەوێ ئەنجامدراوە، شێوەی یەکەم کە دەکەوێتە بەشی سەرەوەی لەچەند پارچەیەکی لێکدراو پێکهاتوە کە پێکهاتەکەشیان مەتریاڵی جیاواز لە رێگەی نزیك بونەوە لەگەڵ یەکدیدا بەیەك گەینراون و لە رێگەی بەستنەوەوە جێگیربووە لە ناو سێ قۆلی بەیەکەوە گەینراو کە دەبنە ڕاگری بەشی سەرەوە ، ئەم پێکهاتەیەی خوارەوە لەسەر ڕاگرێك لە ناوەراستی دا جێگیرکراوە، لەگەڵ بوونی بۆشایەکی چوون یەك کە گەمارۆی پارچەکەی سەرەوەی داوە .

هونەرمەند لەو کردیەدا بەئاڕاستەیەکی جیاواز هەوڵیداوە چەند مەتریالێك کۆبکاتەوە لە دەربرینێکی هونەری هاوچەرخدا بەرجەستەی کۆنسێپتی کۆکردنەوەی بەدی بهێنێت .

توانستی رێکخستن لەسەر ئەم بنەمایە کە بەیەکەوە بەستن و تێهەڵکێش و جۆرێك لە چنینی ڕەگەزەکانەوە لەگەڵ ئەوانی تردا نیشانەیەکی دیارو بەرچاوی ئەم کردەییە، کە ئەمەش جێبەجێکردنێکی راستەوخۆیە لەگەڵ مەتریاڵی ئامادەدا کەوایکردوە رێگای کارکردن و مامەڵەکردنی هونەری ئازادانە فەراهەم بێ بۆ بنیادنانێکی نوێ ، ئەمەش لەوێوە سەرچاوەی گرتوە کە هونەرمەند لە رێگەی مەتریاڵ و ئاراستەی کارکردنەوە کە تێپەراندن بەرەو دامەزراندنی کارێکی هونەری جیاواز کەتیایدا مامەڵەی هونەرمەند دۆزینەوەی پەیوەندی نوێی نێو رەگەزەکانەوە

ڕێکخستنی لەیەکەیەکی گشتیدا بۆ خولقاندنی جەستەیەکی بینەی دور لە شوناسی زانراو ناسراو، ئەمەش ئامانجی دیاری کردەی هونەریە هاوچەرخەکانە کە دەیانەوێ لە ڕێگەی خوێندنەوەی نوێوە دامەزراندنی فۆرمەکان هەڵدەوشێتن و کۆنسێپتی کۆکردنەوە بکەنە جێگرەوەیەکی مەحکەم کە سەرەنجام بەخشینی ڕۆڵێکی نوێیە بەمەتریاڵە ئامادەکان بە گۆشەنیکایەکی نوێ وە.

بەمەش ئامانجی کۆنسێپتەکە لە بەدیهاتنی ئەم بەرهەمەدا بەرجەستەبووە کە بەرهەمە هونەریەکە تەواو جیاواز لەهەر بەرهەمێکی دیکە کەتیایدا مەبەست و ویستی هونەرمەند بەتەواوی جێگەی خۆی هەیە کە ئەمەش بنەمایەکی گرنگی کۆنسێپتی کارەکەیە هەر لە هاوچەرخ بونیەوە تا بنەماکانی ڕێکخستنی ڕەگەزەکان لەگەڵ یەکتریدا کە بەهەموویان شوناسێکی نامۆو تایبەت دەبەخشنە کارە هونەریەکە کە ئەمەش لەم بەرهەمەدا بەڕونی دیارە .

شێوەی (١٠)

هونەرمەند: ڕێبوار خالد

ناونیشان: ماسی و ئافرەت

پێوانە: ( ٧٠ × ١٢ ) سم

ساڵی بەدیهێنان: ٢٠١٢

ماتریاڵی بەکارهاتوو:دار،وردە دار، هێلم، مورو، کانزا

خاوەنداریتی: هونەرمەند

شوێن . سلیمانی




کردەیەکی هونەرییە کە پێکهاتە بنەڕەتیەکەی دارێکی سروشتییە کە خاوەن شێوەیەکی تایبەت و سروشتی خۆرسکە، وە لە دووجەمسەری قەبارەو شێوە جیاواز پێکهاتوە، جەمسەری یەکەمیان بەشی پێشەوەیە کە شێوەیەکی بازنەیی نارێکی هەیە، وە جەمسەری دووەمیان کە بەشی دواوەیە کە لە جوڵەیەکی نەرمدایە .

پێکهاتەی ئەم کردە هونەریە کە مامەڵەی پەیکەری کۆکراوەی لەگەڵداکراوە بەپشت بەستن بە بەکاربردنی مەتریاڵی جیاواز و ڕێکخستنیان لەڕوی پەیوەندی نێوان ڕەگەزە بەکاربراوەکان و جێگرکردنیان بەشێوەیەکی گونجاو لە شوێنی گونجاوی خۆیدا، ئەمەش وایکردوە شێوە بنەڕەتیەکە نەناسراو نەزانراوەوە لەڕوی شێوەوە نزیك بکرێتەوە لە شێوەیەکی زانراو کە دوو پێکهاتەی تێدا دەردەکەوێ یەکەمیان دەم وچاوی مرۆڤ (ئافرەت ، ماسی ) .

جوڵەو شێوەی مەتریاڵ وادەکات کاریگەری لەسەر هونەرمەند بەجێ بهێڵێت بۆ بنیاتنان کە لەم کردەیەدا بەڕونی هەستی پێ دەکرێ ، ئەمەش لەبەشی پێشەوەی کردەکەدا دیارە کە شێوازی سەری مرۆڤی وەرگرتوە وە لەرێگای بەکاربردنی ئەو پارچە کانزایانەوە هونەرمەند لێك چواندنی بەدی هێناوە کە روخساری مرۆڤە ئەوەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە هونەرمەند تیشکی خستۆتە سەر ئەو بەشەو کاریگەر بونەکەی خودی خۆی بەرجەستەکردوە .

لەم دامەزراندنەدا کۆنسێپتی کۆکردنەوە ڕەهەندی بەراوردکاری ولێك چواندنی نێوان دوو بونەوەری جیاواز ڕێك دەخات کە ڕەهەندێکی گوزارشت گەرایە بۆ واتای جوانی و بەرجەستەکردنی خەسڵەتە نزیکەکانی ئەم دوو بونەوەرە لەڕێگەیەکی جیاواز و دور لە لاسایی و پەیوەست بوون بەیاساو پرنسیپە باوەکان .

هەرچەندە هونەرمەند بەشێوەیەکی بەرچاو توانیویەتی بەکاربردنی مەتریالّ لەرووی کۆکردنەوە یانەوە بەشێوەیەکی تاڕادەیەك تەندرووست بەکاربهێنێت بەلاّم لەکۆی کارەکەدا جێگەی سەرنجەکە هێشتا هونەرمەند لە ژێر کاریگەری ( فۆرمی ناسراودا ) ماوەو نەی ویستوە ئەو دۆخە تیّ پەڕبکات کە ئەمەش ڕەنگە لەروی گوزارشت کردنەوە بۆخۆدی هونەرمەند مەبەستداربێت ئەمەش وایکردوە لەم بەرهەمە هونەریەدا هونەرمەند لەڕێگای مەتریاڵەوە ( بەهای لێك چواندن) نمایش بکات .




شێوەی (١١)

هونەرمەند: علی مەحمود سەعید

ناونیشان:پەلەوەر(پەیکەری

ئاسنی )

پێوانە: ( ٢٥ × ٣٠ ) سم

ساڵی. بەدیهێنان: ٢٠١٣

ماتریاڵی بەکارهاتوو:ئاسن وبەرد

خاوەندارێتی: هونەرمەند

شوێن. هەولێر

پێکهاتەیەکی لێکدراوی نامۆ کە لە دوو شێوەی جیاواز پێکهاتوە کە ئەویش (بەرد، ئاسن) پێکهاتەی یەکەمیان لەڕوی شێوەوە باڵندەیەکی شێوە نەناسراوە کە تەنها وەك پەیکەری ئێسك دەردەکەوێ ، ئەمەش بۆتە هۆی درووستبوونی بۆشایی لە بەشەکانیدا لە ئەنجامی بەیەك گەیشتنی تاڵە شیشەکانی جەستە، بەتایبەت بەشی ناوەراستی جەستەکە کە پانتایەکی گەورەی داگیرکروە .

شێوەی دووەم پارچە بەردێکی تائەندازەیەك شێوە بازنەییە کەجێگیرکراوە لە ناوەراستی جەستەکەدا، لەم پێکهاتەیەدا هونەرمەند لە رێگای دوو جۆر مەتریاڵی جیاواز و کۆنسێپتی کۆکردنەوەی ئەنجامداوە کە نمایشی بونەوەرێکی نامۆییە بەواتایەك دووره لە شێوە راستییەکەیەوە ئەم جۆرە داماڵینە لە واقعی خۆی مەبەستگەرایە ئەمەش ئەوەدەگەینێ خودی هونەرمەند ئازادانە مامەڵە لەگەڵ مەتریاڵدا دەکات بۆ ئەنجام دانی شێوەی جیاواز بە ئامانجی بەدیهێنانی کۆنسێپتی کۆکردنەوەی مەتریاڵە کە تیایدا جێگەی شێوە نامۆکان و نەزانراوەکان دەبێتەوە کە ئەمەش دەقەکە لەچەق بەستویی و یەك رەهەندیەوە دەگۆزێتەوە بۆ دەقێکی فرە رەهەند.

مامەڵەکردنی هونەرمەند لەم کردەیەدا مامەڵەیەکی جیاوازو مەبەستگەرایە، وەئەوەش تێبینی دەکرێ لەم کۆکردنەوەیەدا ئازادانە کاری لەسەر تێپەڕاندنی یاسای دامەزراندنی فۆرم کردوە و دوور لەهەر لێکچواندن و دووبارە کردنەوەیەکدا لە کۆنسێپتێکی کۆکراوەدا ئامانجێکی هونەری دەپێکی ئەویش لە بنیاتنانێکی پەیکەری تەواودا کۆنسێپتی کۆکردنەوە دەکاتە سیمای کردە هونەریەکە .

بەم پێیەش بەدیهێنانی بەرهەمە هونەریەکە دەچێتە ناو بازنەی کۆنسێپتەکەوە کە مامەڵەکردنە لەگەڵ ئاراستەی دووهێزی پێچەوانە بەیەکتر ئەوانیش هەریەك لە ئاڕاستەی بەرزبونەوە و جێگربوونە کە هەردوکیان دووبنەمای فیزیکی دژبەیەکن لەیەکەمیاندا توانستی بڕینی هێز ڕاکێشانی زەوی یە بۆ تەنە سروشتیەکان بۆ خۆی وەك (بەرد) کە هونەرمەند لێرەدا نمایشی کردوە .

کۆکردنەوەی دوومەتریاڵی جیاواز بە دووخەسڵەتی جیاواز بۆبەدیهێنانی ئەم کۆنسێپتە گونجاوە ئەویش لەرێگەی (ساناکردنەوەوەیە ، التبسیط ) کە هونەرمەند لەم بەرهەمەدا بەدیهێناوە بۆتە سیمایەکی دیاری کارە هونەریەکە ئەمەش تێپەراندنی چوارچێوەی وابەستەبوون و چەق بەستنە بە ئاراستەی بەدیهێنانی بەرهەمی هونەری ئامانجداری نامۆ لەڕوی شێوەو گوزارشتەوە .




شێوەی (١٢)

هونەرمەند : گۆران محمد صدیق

ناونیشان : تەمەن

پێوانە : ( ٧٠سم × ٣٠ ) سم

ساڵی بەدیهێنان : ٢٠١٣

ماتریاڵی.بەکارهاتوو:بەرد.و.ئاسن قورقوشم ، رەنگ

خاوەندارێتی : هونەرمەند

شوێن . سلێمانی

کردەیەکی هونەری هاوچەرخ لە دووپارچەی جیاواز لە شێوە و قەبارەدا کە لەرێگای مێنمچێکی ئاسنەوە کە بەهەردوو بەشەکەدا تێدەپەرێ و ئەمەش وای کردوە هەردوو بەشەکە بەشێوەیەکی ستونی لەسەر یەك جێگیربن لەگەڵ بوونی بۆشاییەك لە نێوانیاندا، هەرلەبەشی سەرەوەدا لە ناوەڕاستدا تۆپێکی ئاسنین بەدیدەکرێ، ئەوەی کەدەکەوێتە بەشی خوارەوەی کردە هونەریەکە پارچەیەکی جیاوازە بۆتە پێکهێنەری کۆی کردەکە کە مە تریاڵی قورقوشمی تیادا بەکاربراوە ، کۆی کردەکەش لەسەر بنکەیەکی لاکێشەیی جێگیرکراوە کە مەتریاڵەکەی نەزانراوە .

بەدیکردنی چەند مەتریاڵێکی جیاوازو ئامادە وەك (بەرد، ئاسن، قورقوشم،رەنگ) لە دامەزراندنێکی کۆکراوەو لێکدراودا بەرجەستەکردنی تێڕوانینێکی جیاوازی هونەرمەندە، سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ مەتریاڵ و کۆکردنەوەیان لە فۆرمێکی جیاوازدا، جیاواز لە پەیوەندی نێوانیان کە مەبەست ڕەگەزەکانە .

لەم کۆنسێپتەدا هەرچەندە هونەرمەند ویستی تێپەراندنی یاسا باوەکانی هەبوە بەڵام هێشتا کاریگەری جەستەی مرۆڤ بەکردەکەوە دیارە بەڵام لە رێگای بەکارهێنانی هەردوو پارچە سەرەکیەکەوە کە بەردن و شێوەیەکی سروشتیان هەیە تائەندازەیەك توانیویەتی کردەکە رزگاربکات لە لێکچواندن .

کۆنسێپتی کۆکردنەوە لەم بەدیهێنانەدا بەئەندازەیەکی تەندرووست بۆتە ئامانجێکی ئاشکراو روون کە ئەمەش لەو بوێرییەوەدێت کە لەخودی هونەرمەندا ئامادەبووە توانیویەتی کردەیەکی هونەری بینەیی بەدیبهێنێ کە هەڵگری رەهەندی جیاواز بێت بەو هۆکارەی کە کردە هونەریەکە سیمایەکی زانراو جێگری نییە کە ئەمەش کردە هونەریەکە لەڕوی لێکدانەوەو شرۆڤەکردنەوە دەخاتە بەردەم لێکدانەوەی زیاتر هەر ئەمەش وایکردوە کە کارە هونەریەکە بچێتە ناو چوارچێوەی ئەو کۆنسێپتەی کە هونەرمەند بەدیدو هزرێکی جیاواز گوزارشت ئۆرگانەکانی جەستەی مرۆڤ و پەیوەندیەکانی بکات کە تیایدا سەربەستانە مامەڵە لەگەڵ تەکنیکی سروشتی مەتریاڵی بەردا دەکات و دەیکاتە سیمایەکی تایبەتی بەرهەمە هونەریەکەی کە ئەمەش سیمای سانا بوون لەم کردە هونەریەدا بەرجەستەدەکات ، لەلایەکی دیکەوە هێشتنەوەی شێوەی سروشتی پارچە بەردەکان دەربازکردنی کارە هونەریەکە لە ئاڵۆزبوون لەهەمان کاتدا بەکاربردنی تەکنیکی سافو بلوری کە تۆپە ئاسنینەکە هەیەتی گونجاندنێکی دیکەیە لەروی تێکسچەرەوە لە نێوان مەتریاڵەکاندا ئەمانە بەگشتی بونەتە سیمایەکی دیارو بەرچاوی بەرهەمە هونەریەکەی هونەرمەند (گۆران) کە ئەوەش دەردەخات کە هونەرمەند بەئەزمونێکی هونەریەوە توانیویەتی شێوەیەك بخاتەوە جیاواز لە هەر شێوەیەکی زازاوی دیکە .




شێوەی (١٣)

هونەرمەند : بەیان مانی

ناونیشان :پەروەردەی( حزب)

پێوانە:١مەتر×٨٠سم × ٦٥سم پانی

ساڵی بەدیهێنان : ٢٠١٤

ماتریاڵی بەکارهاتوو: دار، قوماش

پلاستیك،لاستیك،گوریسی خوری

فۆرمی منداڵ

خاوەندارێتی : هونەرمەند

شوێن . سلیمانی

ئەم کردەیە ئامێرێکی دارە ، لەڕوی پێکهاتەکەیەوە ناسراوو زانراوە لەڕوی شێوەو شوناس و بەکاربردنەوە ، لە دۆخی سروشتیدا جێگەی حەوانەوەی خەوتنی منداڵی بچوکە کە مێژوویەکی دێرینی هەیە لەناو کلتوری نەتەوەکانداو نەتەوەی کورد بەتایبەت ، کەبە(بێشکە ، لانك ) ناو براوە

پێکهاتەکەی لە رووی بونیادەوە چوارپارچەی لەیەك نەچووە کەلە رێگەی چونە ناویەك و بەیەکەوە لکاندنەوە لەگەڵ یەکدیدا جێگیرکراون ، دووپارچە یان ستونی و دووپارچەکەیتر ئاسۆی، دوو پێکهاتەی دیکە هاوبەشن لەم پێکهاتە گشتییەدا کە بریتین لە قوماش و گوریسی خوری رەنگاو رەنگ کەبە ( دەست رازە) ناسراوە، لەگەڵ بوونی پێخەڤ لۆکە .

لەم کردەیەدا هونەرمەند لەرێگای بەکاربردنەوە ئەم ئامێرە ئامادەیە کە خۆی کۆکراوەی کۆمەڵێك مەتریاڵە شێوەی دیکەی بۆ زیاد دەکات کە کەموڵەی شیری منداڵە بەشێوەیەکی هەڵواسراو لە رێزبەندیەکی دوبارە دا جێگیری کردون، بەئاراستەی شوێن خەوتن منداڵە وە هەریەکەیان ڕەنگێکی جیاواز هەیە .

